حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زاستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان / بەشی زمانی کوردیی

# نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا

نامەیەکە

## بژوێن یەحیا محەمەد

پێشکەشی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی
" ماستەر " لەزمانی کوردییدا

سەرپەرشت

## پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

(٢٧١٦)ی کورردیی ( ٢٠١٦)ی زاینیی

**ئەم نامەیە بەچاودێریی من لەزانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا .**

**پ.ی.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف**

**ڕۆژ : / / ٢٠١٦**

**بەپێیی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم**

سەرۆکی بەشی کوردی

پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە نامەکە شایای ئەوەیە پلەی (                    )و بڕوانامەی استەری پێبدرێت .

ناو: پ.ی.د.ئازاد احمەد حسەین

ئەندام

ڕۆژ:   /  ١١ / ٢٠١٦

ناو: پ.د.محەمەد عەبدوالفەتاح حەمەسەعید

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ:   /  ١١ / ٢٠١٦

ناو: د.تارا عەبدالله سەعید

ئەندام

ڕۆژ:   /  ١١ / ٢٠١٦

ناو: پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

ئەندام وسەرپەرشتیار

ڕۆژ:   /  ١١ / ٢٠١٦

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د. عبدالقادر حمەامین محمد

سەرۆکی سکولی زمان

ڕۆژ:   /  ١١ / ٢٠١٦

# پێشکەشە بە

- دەستە ماندووەکانی باوکم.

- سۆزیی دووریی دایکی خۆشەویستم.

- هاوژین و هاوڕێی ژیانم " هەردی " و بینایی چاوەکانم"ئەحمەد".

- هەموو ئەندامانی خێزانە خۆشەویستەکەم.

- مامۆستاکانم ،کە بەبەخشندەیی فێریانکردم.

- هەموو ئەو کەسانەی خزمەتی زمانی کوردیان کردووە.

# سوپاس و پێزانیین

- بۆ خوای گەورە، کە دەرفەتی پێدام بەم ڕۆژگارە بگەم.
- بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیی و سکوڵی زمان و لیژنەی خوێندنی باڵاو بەشی زمانی کوردیی، کە هەردەم پاڵپشتیی خوێندنی باڵا دەکەن.
- بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیاریی زۆر بەڕێزم ( ی.پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف) ، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و لەخۆبووردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بە هەموو تواناو وزەی خۆیەوە هەنگاو بە هەنگاو لە نوسینی نامەکەدا هاوکار و هاندەرم بووە، هیوادارم نمونەی زۆربێت.
- بۆ خۆشەویستی زۆرم بۆ مامۆستای گەورە (پ.د. محمەدی مەحوی)، کە هەمیشە دڵسۆزانە ڕێنمایی کردووم.
- بۆ سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لەقۆناغەکانی خوێندندا وانەیان پێوتوومەتەوە لە قۆناغیی سەرەتاییەوە تا ماستەر.
- بۆ هاوژینی خۆشەویستم (هەردی)، کە هەمیشە هاوکارو هاندەرم بووەو لەوەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا یارمەتیی زۆری داوم.
- بۆ هاوڕێ دڵسۆزەکانم (م/شێروان) و (م/حەسەن) و (م/هێمن)و (م/دلێر)، کە یارمەتیان داوم لەوەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزیی.

# لیستی هێماو کورتکراوەکان

| هێما | واتاکەی |
|---|---|
| ← | دەبێت بە |
| * | نارێزمانیی / واتا نارِاست |
| $X^0$ | دانەی فەرهەنگیی |
| $X^n$ | ناو |
| $X^a$ | ئاوەڵناو |
| $X^v$ | کردار |
| $X^p$ | پێشناوەکان |
| / / | وشە |
| " " | زاراوە |
| >< | چەمك/دەربڕاوێك |
| { } | دەستەواژە/فرەیز |
| ( ) | بەواتای |
| [ ] | پێکهاتەی واتایی |
| + | نیشانەی هەبوونی واتا |
| = | نیشانەی نەبوونی واتا |
| ± | ئەگەرێ واتاکەی تێدابێت یان نەبێت |
| $X^0$ | دانەی فەرهەنگیی |
| $X^n$ | ناوی فەرهەنگیی |
| $X^a$ | ئاوەڵناوی فەرهەنگیی |
| $X^v$ | کرداری فەرهەنگیی |

| | |
|---|---|
| پێشناوی فەرهەنگیی | $X^p$ |
| نیشانە | SEM |
| تیۆری دووهێندەیی مۆرفۆلۆژیی | MDT |
| فرێزی تاف | TP |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Lexical Component | پێکهاتەی فەرهەنگ |

| | |
|---|---|
| Common Component | پێکهاته هاوبەشەکان |
| Distinctive Components | پێکهاته جیاوازەکان |
| Internal Representation | نواندنی ناوەکیی |
| External representation | نواندنی دەرەکیی |
| Concept | چەمك |
| Generalization | گشتێتیی |
| Specialization | تایبەتێتیی |
| Semantic of Compositionality | سیمانتیکی پێکهێنان |
| Formal Representation | نواندنی فۆرمیی |
| Expression Representations | نواندنی دەربڕینییەکان |
| Reduplication | دووهێندەیی |
| Paraphrase | سەرلەنوێ داڕشتنەوە |
| Euphemism | جواندەربڕین |
| Same Representation | هەمان نواندنیی |
| Dual Lexicon | دوو فەرهەنگیی |
| Loan – Words | وشەی بیانیی |
| Borrowing Words | وشەی خواستراو |
| Language Classical | زمانی ئاسایی |
| Selectional Restriction | کۆتوبەندی هەڵبژاردن |
| Primary Data | کەرەستەی سەرەکیی |

| | |
|---|---|
| Individuality | تاکگەرایی |
| Semantic Feature | نیشانەی سیمانتیکیی |
| Minimam Fetuer | بچووکترین نیشانە |
| Partial Similarity | لەیەکچوونی کەمەکیی |
| Partial Differences | جیاوازیی کەمەکیی |
| Pre – Lexical | پێش– فەرهەنگیی |
| Naming | ناونان |
| Nominalization | بەناوکردن |
| Adjectivation | بەئاوەڵناوکردن |
| Lexicalization | بەوشەبوون |
| Defining | دەرخستن |
| Classifying | پۆلێنکردن |
| Sentactic Information | زانیاری سینتاکسیی |
| Semantic Information | زانیاریی واتایی |
| Juxtaposition | جیران |
| Non- Juxtaposition | جیران نین |
| Degree | پلە |
| Gender | توخم |
| Sub Categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| Primary Data | داتا سەرەکییەکان |
| Lexical Semantics | واتای فەرهەنگیی |

| | |
|---|---|
| Individualty Word | وشە خاوەن دەسەڵاتەکان |
| Lexical Entry | دەروازەی فەرهەنگیی |
| Sub Entry | وەچە دەروازە |
| Collocation | پەیوەستی واتایی |
| Compositional | پێکهاتەیی |
| Non–Compositional | ناپێکهاتەیی |

# پێڕست


**پێشەکیی** (١)

## بەشی یەکەم / بنەماو تیۆری پێویست

(١-١)فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگ (٦)

(١-١-١)نواندنی ناوەکیی فەرهەنگیی (٩)

(١-١-٢)نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی (١٣)

(١-١-٣) پێڕەوی دووپەلکیی (١٧)

(١-٢)چەمك / گشتێتیی (١٩)

(١-٢-١)سیمانتیکی پێکهێنان (٢٧)

(١-٢-٢) نیشانە واتاییە جیهانییەکان (٢٩)

(١-٢-٣) نیشانە واتاییە تایبەتییەکان (٣٠)

(١-٢-٤) شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی وشە (٣٧)

## بەشی دووەم / نواندنی فۆرمیی و دەربڕینییەکان

(٢-١) نواندنی فۆرمیی (٤٠)

(٢-١-١) دووهێندەکردن (٤٠)

(٢-١-١-١) جۆرەکانی دووهێندەیی (٤١)

(٢-١-١-١-١)دووهێندەکردنی فۆنۆلۆژییانە (٤١)

(٢-١-١-١-٢)دووهێندەکردنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییانە (٤٢)

(٢-١-١-١-٣)دووهێندەکردنی فۆرمیی (٤٦)

(٢-١-١-١-٣-١)سەرلەنوێ داڕشتنەوە (٤٩)

(٢-١-١-٣-٢)جێکەوتە و بەکارهێنانەوە (٥٢)

(٢-١-١-٣-٣)نواندنی لێکسێم (٥٧)

(٢-٢)نواندنی دەربڕینەکان (٦٥)

(٢-٢-١) جۆرەکانی دووهێندەییە دەربڕینییەکان (٦٥)

(٢-٢-١-١) تابوو و جواندەربڕین (٦٥)

(٢-٢-١-٢)گۆڕینی بەها (٦٩)

(٢-٢-١-٣) جیاوازیی کۆمەڵایەتی (٧٢)

## بەشی سێیەم / نواندنی دەرەکی - پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی

(٣-١) پێکهاتەی سینتاکسی (٨٢)

(٣-١-١) نواندنی پێکهاتەی سینتاکسی (٨٥)

(٣-١-٢) هەمان نواندنی (٨٨)

(٣-٢) پێکهاتەی سیمانتیکیی (٩٠)

(٣-٢-١)ئیدیۆم وتێڕوانینی ئیدیۆمیی (٩٨)

(٣-٢-١-١) پێکهاتەی سینتاکسیی ئیدیۆم (١٠٠)

(٣-٢-١-٢)پێکهاتەی واتایی ئیدیۆم (١٠١)

(٣-٢-٢) تێڕوانینی میتافۆڕیی (١٠٨)

(٣-٢-٣) دوو فەرهەنگیی (١١١)

(٣-٢-٣-١) وەرگرتنی وشە (١١٤)

(٣-٢-٣-١-١) وشەی بیانیی (١١٥)
(٣-٢-٣-١-٢) وشەی خواستراو (١١٨)
(٣-٢-٣-٢) زاروشێوەزارەکان (١٢٠)
**ئەنجام** (١٢٢)
**لیستی سەرچاوەکان** (١٢٣)
**خلاصة البحث** (١٣٠)
Abstract (١٣٢)

# پێشەکی

# پێشەکیی

## ناونیشان و بواری نامەکە

نامەکە بۆ (( نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا )) تەرخانکراوە، بەکەرەستەی دیالێکتی ناوەڕاست لەزمانی کوردییدا، نامەکە بۆ نواندنە ناوەکیی و دەرەکییەکانی فەرهەنگی زمانی کوردیی تەرخانکراوەو مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دروستبوونی پرۆسەی دووهێندەییە بە کەرەستەکانی زمانەکە خۆی یان بەوەرگتنی لەزمانێکی بێگانەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە لە لێکۆڵینەوەی ئێستای زمانەوانیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ باس لەوەکراوە، کە فەرهەنگ کەرەستەی پێویستی نییە لەبەردەستی قسەپێکەرانی زماندا، بۆیە پێویستە ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە، هۆکارێکی تری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەو پێویستییە هەنووکەییە دەگەڕێتەوە، کە بۆ تەواوکردنی بوارو بابەتەکانی ڕێزمانی کوردیی پێویستە.

## کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەستەو نمونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەموو ئەو فۆڕمانەن، کە بەسەر زاری خەڵکەوەن، زیاتریش ئەو کەرەستانە لە ئاخاوتنی قسەپێکەرانی زاری ناوەڕاست (شێوەزاری سلێمانی)ەوە وەرگیراون، کەم تازۆر لەنمونەکاندا سود لەشێوەزارەکانی تری زمانی کوردیی بینراوەو بەمەبەستی تەواوکردنی بوارو بابەتەکانی ڕێزمانی کوردیی سود لەنمونەی زمانی بێگانە وەرگیراوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم نامەیەدا بۆ لێکۆڵینەوەی نواندنی فەرهەنگیی لەزمانی کوردییدا، ڕێبازی وەسفی- شیکاریی بەکارهێنراوە، کە دوای کۆکردنەوەی داتا بەشێوەیەکی بابەتییانە، هەوڵی شیکردنەوەیان دەدات و بەپێی مەبەست لەگەڵ یاساو ڕێسا زمانییەکانی زمانی کوردییدا بەراورد کراون.

## گرفتی نامەکە

یەکێك لەو گرفتە سەرەکییانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووەتە ڕێگامان، نەبوونی لێکۆڵینەوەیە لەهەندێك لەو بابەتانەی، کە پێویستبوو پێش ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێی بکۆڵرایەتەوە بۆ ئاسانکردنی کاری لێکۆڵینەوەکەمان.

## ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە

نامەکە لە پێشەکیی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەشێوەیە:-

### بەشی یەکەم

ئەم بەشە بەشێوەیەکی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و نواندنی زانیاریی فەرهەنگیی تەرخانکراوە، بەو پێیەی فەرهەنگ هەڵگری زانیاریی سینتاکسیی و واتاییەو کۆکەرەوەی زانیارییە دەربارەی وشەو دەربڕاوە زمانییەکان، پاشان پەسنی ئەوەشکراوە، کە فەرهەنگ و ڕێزمان وەکو دووپێکهاتەی سەربەخۆ سەیردەکرێن و هەردوکیان یەکتری تەواودەکەن، دواتریش پەسنی زمانی مرۆڤ کراوە، کە لە هەموو ئاستەکاندا دەربڕی گشتێتییە، پاشان پەسنی تیۆری"سیمانتیکی پێکهێنان" کراوەو بەپێی ئەم تیۆرە لەڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە شیکردنەوە بۆ نمونەکان کراوە. هەروەها ئەو کەرەستانە دیاریکراوە، کە بوونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە و برتیین لە ناو و ئاوەڵناو و پێشناو و کردارەکان.

### بەشی دووەم

ئەم بەشە تایبەتە بە( نواندنی فۆرمی و دەربڕینییەکان )، کە تیایدا پەسنی هەریەکەیان کراوەو ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیانەوە خراونەتەڕوو، دواتریش لەبەر ڕۆشنایی هەریەکەیاندا پەسنی پرۆسەی دووهێندەکردن کراوەو جۆرەکانی دیاریکراوە، پاشان وەکو مۆدێلێکی تری فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی ناسێنراوە، چونکە(نواندی فۆرمی )لەڕێگەی فۆرمەوەو(نواندنی دەربڕینییەکان)یش لەڕێگەی شێوازی دەربڕینەوە، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی پرۆسەی دووهێندەکردنن لە زمانی کوردییدا، ئەم پرۆسەیە وەکو بنەمای دەستخستنی واتای نوێ و پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی لەفەرهەنگی زماندا هەیە، واتە لەم بەشەدا نواندنی فۆرمیی دانە فەرهەنگییەکان لەچێوەی دوو هێندەکردن و نواندنەوەی لێکسێم و جێکەوتەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەوە خراوەتە ڕوو، هەروەها بۆ نواندنی

دەربڕینەکانیش نموونەکان لە تابوو و (جوان–بەخشین) و گۆڕینی بەهاو جیاوازیی و جیاوازیی کۆمەڵایەتیی وەرگیراوە.

**بەشی سێیەم**

ئەم بەشە بۆ(نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی)تەرخانکراوە، تیایدا پەسنی نواندنی پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی کەرەستە فەرهەنگییەکان کراوە، هەروەها نواندنی سینتاکسیی و دروستکردنی پێکهاتەی سینتاکسیی(X)ەکان و واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتییەکانی پریدیکاتەکان دیاریکراون، تا نواندنی فەرهەنگیی پریدیکات و ئارگومێنتەکانی دەستنیشان بکرێن. بۆ واتای ناپێکهاتەییەکانیش هەریەکە لەبابەتەکانی(ئیدیەم، میتافۆڕ)خراونەتەڕوو، پاشان پەسنی دروستبوونی دووفەرهەنگی کراوەو پەیوەست بەپرۆسەی دووهێندەکردنەوەو بەفۆڕم و واتای کوردیی و بێگانەوە لێیدواوە. پاشان باس لەگۆڕینی کەتیگۆریی واتایی وشەکان کراوەو هەموو باسەکان بەنموونە ڕوونکراوەتەوە.

# بەشی یەکەم
# بنەماو تیۆری پێویست

## (1-1) فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی

فەرهەنگ دەروازەی کۆزانیاری/مەعریفی زمانیی مرۆڤە، کە تێیدا زانیاری فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی هەڵگیراون، ئەوانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون کەرەستەکانن بە نیشانەکانیانەوە[١]. لە ڕێی هەبوونی ئەو زانیارییانەوە ئاخێوەری گشت زمانێك دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکان لە فەرهەنگی مێشکی ئاخێوەرانی زمانێکدا تۆمارکراون. زانیاریی پێکهاتەکانی زمان لەگەڵ زانیاریی واتاییدا لای ئاخێوەری گشت زمانێك هەیە، لەکاتی زمانپژانیدا بەزمانی دایکی وەریدەگرێت[٢].

(چۆمسکی) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنێت، کە "ئاستی قووڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشێت"، بەپێی تیۆرییەکەی چۆمسکی "فەرهەنگ وەك وشەنامە لە ژمارەیەك یەکەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتیین لە مۆرفێمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکیی و واتایین"[٣]. فەرهەنگ بڕی ئەوزانیارییەی تێدایە، کە بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت وەك زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی، کە بە دەروازەی فەرهەنگیی یان دەروازەی زانیاریی ناودەبرێت، بەمپێییە فەرهەنگ هەڵگری زانیاریی سینتاکسیی و واتاییە و هۆکارێکە بۆناسینەوەی دروستەی دروست و واتاڕاست لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە. فەرهەنگ بەپێی ئەو یاسایانەی حوکمی دەکات، وەکو یاسای چۆنێتیی داڕشتنی کەرەستە فەرهەنگییەکان لەناو یەکەی گەورەتردا و یاسای چۆنێتیی هەڵگواستنی کەرەستە فەرهەنگییەکان و پاشان یاسای کۆتوبەندەکان، کەبەسەر دروستە فەرهەنگییەکانەوە مەرج دادەنێن. (تامارێز ) لە پێناسەکردنی فەرهەنگدا گریمانەی ئەوە دەکات، کە "ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندی نێوان وشەکانە"[٤]، بەو واتایەی هێزی کارپێکردنی وشەکان بۆ ڕێکخراوەیی دروستەی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە. بۆنموونە دروستەیەکی سینتاکسی بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەم دێت. مەبەست لە وشە تۆمارکراوەکان، ئەو وشانەن لەمێشکی ئاخێوەرانی زماندا گەنج کراون، ئەم چەشنە بریتییە لە فەرهەنگی ئاوەزی ناومێشك و ئەو فەرهەنگەی بە پرۆگرام دەکرێت لەنێو ئامێرە کۆمپیتەرییەکاندا، لەلایەکی ترەوە ئەو وشانەی لە چوارچێوەی کتێبێکدا تۆمارکراون و بە وشەنامە ناو دەبرێن.

---

[١] تریفە عومەر ئەحمەد، (٢٠١٥: ٣٨).

[٢] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٤: ٩١).

[٣] Setinberg, (1991:35)/لە تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٥ : ٣٧) وەرگیراوە.

[٤] Tamariz, (2004:2)لە تریفە عومەر، (٢٠١٥ :٣٨)وەرگیراوە.

بەگشتی فەرهەنگی زمانێك، بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی وشەو گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانە، ئەمەش ئاماژەبە(أ) وشەنامە، بەتایبەت وشەنامەی زمانی ئاسایی، (ب) فەرهەنگی زمان وەك وشەکانی زمانێکی دیاریکراو (پ) بەکارهێنانی کۆزانیاریی زمانێکی دیاریکراوی وشەکانی زمان دەدات، بەمپێیە فەرهەنگ لە "لێما و هەمووجۆرەکانی چەمك، زانیاریی سینتاکسی، سیمانتیکیی و پراگماتیکیی، پەیوەست بە لێکسێمەکانەوە پێکهاتووە "[٥]. ئەمەش ئەوە دەردەخات فەرهەنگ، پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسییەکانە، کە بەپێی دەروازەی زانیاری ڕێکخراوە، هەروەك ڕێکخستنی لێماکان بەپێی سیستمی ئەلفبێ، زانیاری دەربارەی (پۆلەڕەگەز، دەنگ، واتا)، بۆنمونە دەروازەی زانیاریی وشەیەکی وەکو/ شار/ جگە لە پۆلە ڕەگەزی "ناو" دەربڕین و واتا سیمانتیکییەکەی، فۆرمە جیاوازە هەڵگواستراوەکانیشی وەك (شارچێتی، شارەوشار، شاریی ) تێدایە[٦].

فەرهەنگی زمانێك، بریتییە لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمانەکە، کە پێویستە هەموو قسە پێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی نەك بە هەندێك ڕێگا پێشبینی بکرێت. زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتیین لە( وشە)، هەندێکی تریان بریتیین لە یەکە گەورەکان وەکو (ئیدیۆم) و هەندێکیشی بریتین لە یەکە بچووکەکانی وەکو ( لاگرەکان)[٧]. لێرەوە پەیوەست بە ناسینەوە ئایتمە فەرهەنگییەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو بنەما هەن، (ا) ناسینەوەی فۆرمیی، (ب) کە زانیاریی لەسەر ناسینەوەی واتایی دەدات، واتە فۆرمی جیاواز بۆ واتای جیاواز دادەڕێژرێت (بڕوانەبەش و پارەکانی دواتر!).

فەرهەنگ لەڕوی ڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانیارییان دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە، هەروەك فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لەبەرئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکی خۆیانن، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەکو(فۆڕمداڕشتن، هەڵگواستن، و یاسای کۆتوبەندکردن و مەرج و سنوردانان)دەنوێنرێت، بەمپێیە فەرهەنگ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان گەنج- هەڵگر دەکات، بەجۆرێك قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە و ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان فۆڕم و واتاکەیدا هەیە و پێڕەوبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزییانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکییانە دەستی پێبگاتەوە[٨]. فەرهەنگ بەبەشێك لە پێکهاتەی یاسای پەیوەندیکردن دانراوە، چونکە( یەکەیەکی فەرهەنگی بنیاتی پەیوەندیکردنی فۆڕمدروستی فۆنۆلۆژیی، سینتاکسیی، چەمکی لەخۆدەگرێت )، ئەوەی بەڵگە نەویستە و ڕاستییەکی کرۆکییە ئەوەیە، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکیی هەرزمانێك بریتییە لە

---

(٥) Keresten, (2010:8) لە تریفە عومەر ، (٢٠١٥ :٣٩) وەرگیراوە .

(٦) تریفە عومەر ئەحمەد، ( ٢٠١٥: ٣٧-٣٩).

(٧) Aronof & Anshen,( 2007:237) لە تریفەعومەر، (٢٠١٣: ١٠) وەرگیراوە.

(٨) تریفە عومەر ئەحمەد، (٢٠١٣: ١٠).

فەرهەنگی ئەو زمانە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەرج ،کە لەسەر بنەمای دیاریکردنی پەسنکردنی ڕێزمانی دانراوە. هەرچی یەکەمە ئەوەیە، کە لێکدانەوەی سیمانتیکیی ڕستە لەسەر واتای مۆرفێم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی لەنێوان مۆرفێم و وشەکاندا دەوەستێت. دووەمیش ڕێزمان ناتوانێت ئەو ڕستانەی، کەلە ڕووی سینتاکسییەوە لەبنەڕەتدا واتای چونیەکیان هەیە بەتەواوی لێکبداتەوە، پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، لەبەرئەوە بە پێکهاتەیەکی پێویستی سیمانتیک دانراوە[٩].

بەو پێیەی فەرهەنگ لیستی وشە تۆمارکراوەکانە، بەشێکی هەر زمانێکەو تەواوکەری ڕێزمانەکەیەتی، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی پڕاوپڕێتی پێڕەوی ناو مێشکی مرۆڤی کوردە، لێرەوە فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردیی یەکتر تەواو دەکەن ،واتە زانیاری فەرهەنگی لەلایەن ڕێزمانەوە دەنوێنرێت، مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتیی زمانەکەمان هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوە بدات و فۆڕمی بۆ هەموو چەمك و واتاو ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ئەرکی تەواو کردنی فەرهەنگی زمانەکە دەگرنە ئەستۆ، بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە بڕوانە هێڵکاری (١) :-

هێڵکاری (١):-




هێڵکاریی ژمارە(١)فەرهەنگ و ڕێزمانی لە بەرامبەر یەك داناوە، بەوەش هەریەك لە فەرهەنگ و ڕێزمان وەك دوو پێکهاتەی سەربەخۆی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە خاوەنی کەرەستەو یاسای پێکەوەهاتنی خۆیانن. پێکهاتەی فەرهەنگیی نواندنیی ناوەکیی خۆی هەیەو لەڕووی فۆرمەوە پێش نواندنی دەرەکیی/ڕێزمانیی دەینوێنێت، ڕێزمانیش دەبێتە نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی[١٠].

[٩] شیلان عومەر حسەین، ( ٢٠١١: ٥٦-٥٨).

[١٠] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ( ٢٠١٢: ٢٦٣).

## (٢-١) (١-١-١) نواندنی ناوەکیی فەرهەنگیی

نواندنی ناوەکی فەرهەنگیی پرۆسەیەکە، کە لە مێشکەوە دەردەچێت بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگی بەفۆڕمی جیاواز، کە هەست و سۆز و مەبەستەکان کاریگەریی لەسەر دەربڕینی ئەو زانیارییانە دروستدەکەن. لەبەرئەوەی زمانی مرۆڤ لە فەرهەنگ و ڕێزمان دروست دەبێت، ئەو دووانەش لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت، هەریەکە لەلاکان وەکو پێکهاتەیەك هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فەرهەنگ دروستەو کەرەستەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەوپێیەی وەك چۆن لە سەرەتاوە خراوەتەڕوو، فەرهەنگ مەعریفەی زمانییە، تایبەت بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و واتا، هەروەها دنیابینیی و داڕشتەی سایکۆلۆژیی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤیشە. بۆ نمونە پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە، کە زانیارییەکی ناو فەرهەنگە دەکرێت لە چێوەی ئەوەدا بناسرێتەوە، کە فۆنێمەکان لەناو فەرهەنگدا بە نیشانە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکانیانەوە هەڵگیراون، کە ئەوانە بۆ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی دەبنە کەرەستەو لە فۆڕمی بڕگەدا دەنوێنرێن بەجۆرێك، کە بەپێی نیشانەکان لەفەرهەنگدا کۆت و بەندیان بۆ دادەنرێت، لێرەدا بەربەرەکانییەك لەنێوان فۆنەتیك و فۆنۆلۆژییدا بەدی دەکرێت، چونکە زانیارییەکان فۆنۆلۆژیین، بەڵام دەربڕینەکان فۆنەتیکیین ، بۆنموونە ڕەنگە دەربڕینێکی فۆنۆلۆژیانەی زمانی بێگانە پەیوەست بە ئاخێوەری زمانەوە فۆنەتیکییانەبێت، چونکە لەگەڵ مۆدێلی بڕگەی زمانەکەدا ناگونجێت، بۆیە ئاخێوەری زمانەکە (ئاخێوەری گشتی) دەربڕینە فۆنەتیکییەکە دەکاتە دەربڕینێکی فۆنۆلۆژییانە[١١]، بۆنموونە هەندێك لەو وشانە بە هەڵگەڕاوەیی هاتوونەتە زمانەکەمانەوە، نموونەی ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە (/طفل/ – /تولف/، /جومعە/ –/جوعمە/، /جنس/–/جسن /، /ڕوبع/–/ ڕوعب/،..........تاد)، هەروەها هەندێك وشە لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتوونەتە ناوزمانەکەمانەوە، وەك ( /کیتل/–/کتلی /، /ڕادیۆ/–/ڕادوێ/، /فیلم /–/ فلیم/، /بایسکڵ/–/پاسکیل/، /وەتەرپەمپ/–/واتەر پەمپ/، ...........تاد)، بەپێچەوانەوە منداڵ فۆنۆلۆژییانە گوێدەگرێت، بەڵام پێیەچێت فۆنەتیکییانە دەریببڕێت، وەکو (/ئەسپ /–/ئەپس/، / تەکسی/–/تەسکی/، /شەمعە/–/شەعمە/،.........). کەواتە زانیاریی فۆنۆلۆژییانەی داڕێژراوی ناو مێشك ئەگەری هەیە، فۆڕمی دوانەیی لەناو زمانێکدا دروست بکات بەتایبەتی لە بەربەرەکانێی نێوان گروپەکۆمەڵایەتییەکاندا، کە لێرەدا لەنوسینەوەی فەرهەنگی زمانێکدا باشترە ئەو فۆڕمانە تۆماربکرێت، کە لەگەڵ فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییدا یەکدەگرنەوە. لەلایەکی ترەوە پەیوەست بە فۆنۆتاکتیکە کۆمەڵایەتییەکەوە، دەکرێت ئەوە لەناو خودی دیالێکتە جوگرافی و کۆمەڵایەتیەکانی زمانێکیشدا پێشبینی فۆنۆتاکتیکی جیاواز بکرێت، کە ئەوە تەنیا دەربڕی دیالێکت و ئەکسێنتی جیاوازە نەك بۆ واتای جیاواز بێت. (٣–٢).

---

[١١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ،عەبدولجەبارمستەفا مەعرووف، ( ٢٠١٥/١/١٢، ١٠:٠٠).

نمونە بۆ دیالێکتی جوگرافیی(/تەرزە/–/تەزرە /، / بەفر /–/بەرف/، /پشقل/–/قشپل /،........تاد )، هەروەها نمونە بۆ دیالێکتی کۆمەڵایەتیی دەکرێت هەموو ئەو وشە بێگانانەی سەرەوە بگرێتەوە، چونکە دەشێت لەلایەن گروپێکی خوێندەوارەوە هەوڵی دەربڕینی وەکخۆیی ئەو فۆڕمانە بدرێت، بۆنمونە بڵێت: (/فیلم /، /ڕادیۆ/، /بایسکل/،........تاد)، جگە لەوە لەناو گروپی کۆمەڵایەتی شێوەزارێکیشدا ئەگەری جیاوازی فۆنۆتاکتیکیی پێشبینی دەکرێت، بۆنمونە (/ ئاسایش/–/ ئاشایس/، /قازانج /– /قانجاز/، / پیت /– /تیپ /، /تەسلیم/–/تەسمیل/، / زەواج /–/جەواز/، /فڕین/–/ڕفین/، /ڕوانین /– /نواڕین/، /جگەر/–/ جەرگ /، .....تاد). کاتێك ئەم حاڵەتە لە زماندا ڕوودەدات مەرج نییە واتای وشەکان وەکو خۆیان بمێننەوە، بەڵکو هەندێکجار دەبێتەهۆی دروسبوونی واتای نوێ، وەکو (/زڕان /– /ڕزان /)، یان هەندێکجار دەبێتە هۆی دروستبوونی واتای دژ مەبەست، بۆنمونە( /پیت/–/تیپ /، /سالار /–/لاسار/، ...تاد)، ئەمە بەتەنها تایبەت نییە بەزمانی کوردیی، بەڵکو لە زمانی عەرەبیشدا هەمان حاڵەت ڕوودەدات و هەندێکجار واتاکەی دەگۆڕێت، وەکو(/ ربع/–/ رعب /،/ امل /–/الم /،........تاد)[١٢].

پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسییەکان، کەلە پێڕەوی ناوەکی فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەو ناواخنە سینتاکسییانەیە، کە بەشێکن لە ئارگۆمێنت و پریدیکاتەکان بۆ دروستکردنی دروستە سینتاکسییەکان، لەبەرئەوەی فەرهەنگ وەك پێکهاتەیەك ناسێنرا، بۆیە ڕیزبونێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەویش لەچوارچێوەی پۆلەڕەگەز دیاریکردندا دەنوێنرێت. پۆلەڕەگەز دیاریکردن ویستی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکانە، کە مەرج و قەید لەڕووی دروستەوە بۆ نواندنێکی سینتاکسیی دادەنێت، بەوەش دروستە سینتاکسیەکان لەهەرئاستێکدابن دەبنە پرۆژەیەکی فەرهەنگی[١٣].

نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوودیوی فەرهەنگیی و سینتاکسییدا بەرجەستە دەکرێن، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، ئەو ڕیزبوونەی لە فەرهەنگدا دەستدەکەوێت، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوڕیزبوونانە بن، کە لە سینتاکسدا بەرچاو دەکەون، چونکە یاساکانی فۆرمداڕشتن (Formation Rules) نواندنی دەرەکیی زانیارییە سینتاکسییەکانن، سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانە[١٤]. لێرەدا مەبەست لەو زانیاریانەیە، کە ئاخێوەری هەر زمانێك بەرامبەر بە زمانەکەی خۆی هەیەتی. بۆ دەرخستنی زانیارییە سینتاکسییەکان، دەکرێت وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن بۆ نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی توخمەکانی ناو فەرهەنگ بەکارببرێن، ئەو وەچە تیۆرە زانیارییە کۆتاکانی ئەو توخمانە دەخاتەڕوو، واتە ئەو پۆلەڕەگەزانە

---

[١٢] دەروون عەبدولڕەحمان سالح ، (٢٠١٠: ٥٤) .

[١٣] Chomsky, (1965:123) لە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٣: ٢) وەرگیراوە.

[١٤] William O'grady, (2005:191) لە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٣: ٢) وەرگیراوە.

دیاریدەکات، کە پێویستە لە نواندنە سینتاکسییەکەدا هەبن[١٥]. بەو پێیە بێت، بەهۆی ئەو وەچەتیۆرەوە نەخشەی ناوەکیی فۆرمێکی داڕێژراوی سینتاکسیی دەکێشرێت، زانیارییە سینتاکسییەکان لە دروستکردنی فرێزەکانەوە دەستپێدەکەن، لەوێشەوە قۆناغی دووەم لە پرۆژەی گەورەتردا دەنوێنرێت. وەك پێشتر گوترا وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، پەیوەست بە دیاریکردنی ئەو کەتیگۆریانە کاردەکات، کە بەشێکن لە دەرخستنی ئەو ئارگومێنتانەی ، "ئارگومێنت_داواکەرەکان" داوایاندەکەن و دواتر فۆرمی سینتاکسیی پێدەنەخشێنرێت، ئەوەش دوو تایبەتمەندیی هەیە: (ا)دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە کام کەتیگۆریی پێویستیی زگماکی/فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکانن؟ بەوەش بنیاتی ئەو توخمانە دەنێت، کە بەشداریی لە پرۆژەی فرێزەکاندا دەکات. (ب) سەرەوڕیزبوونێکی فەرهەنگیی، بەپێی بەدواهاتنی تێکردەکان دەخاتەڕوو[١٦]، زانیارییە واتاییەکانیش ناواخنی واتایی بیچمە فەرهەنگییەکانە، کە خۆی لە نیشانە واتاییەکاندا دەبینێتەوە.

جگە لەو زانیارییانەی لەسەرەوە باسکران، فەرهەنگ پەیوەست بە فۆڕم و واتاوە داڕشتنێکی ناوەکی خۆی هەیە، کە ئاماژەیە بۆ دنیابینیی و داڕشتنی ژینگەو دەوروبەری زمانەکە، واتا زمان لەدەرەوەی فەرهەنگەکەیدا زمان دادەڕێژێتەوە، کە زۆرجار داڕشتنەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پەیوەست بە زانیاریدان و ئارگۆمێنتەیشن و پۆلەڕەگەز داڕشتنەوە دەگۆڕێت، لەمەیاندا فەرهەنگ داڕشتەی فۆنۆلۆژییانەو مۆرفۆلۆژییانەی بۆ ناساندنی زمانی کوردیی هەیە، بۆنمونە لەئاستی فۆنۆلۆژییدا پێڕەوێك لە فۆنیمی هەیەو لەئاستی مۆرفۆلۆژییدا فۆرمی بۆ هەندێك چەمك و زانیاریی داڕشتووە ،بۆنمونە بۆ دیاریکردن و ناسراوی زمانی کوردی فۆڕمی/–ەکە/ی داڕشتووە، بەجۆرێك لەناو مۆرفیمەکەدا زانیاریی سینتاکسیی هەیەو پێکەوە هاتنی واتایشیی تێدا دیاریکراوە، لەگەڵ ئەو پۆلە ڕەگەزەی وەك بناغەیەك دەچێتەسەری، مۆرفێمەکە لەوەدا دەربڕی گشتیی دەبێت، کە بیچمێکە تێدا کۆمەڵە نیشانەیەکی هەڵگرتووە مەگەر لەبەکارهێنانە ڕێزمانییەکەیدا دەربخرێت، بڕوانە نمونەی (١):–

١) أ. /– ێك/

کوڕێك ———> یەك کوڕ = تاك

ب./–ەکە/

| |
|---|
| +ناسراوی |
| +دیاریکردن |
| +جیاکردنەوە |
| +تاك |

---

[١٥] Bas Arts, (2001:123) لە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٣: ٢) وەرگیراوە.

[١٦] عەبدولجەبارمستەفا مەعرووف ، (٢٠١٣: ٤).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە نیشانە واتاییەکانی مۆرفیمی/–ەکە/ بۆ هەریەك لە نیشانەکان نمونە دەهێنینەوە، بڕوانە نمونەی (٢):–

٢)أ. منداڵەکە یاری دەکات .                    [+ناسراوی]

ب. کچەکە نامەکەی نوسیوە .                    [+ دیاریکردن]

ت.کچەکە بەیەکەم دەرچوو نەك کوڕەکە. [ +جیاکردنەوە ]

لەنمونەی (٢/أ)دا مۆرفیمی/–ەکە/ بۆ ناساندنی ناوی (منداڵ) هاتووە، واتە ناوەکەی لە گشتییەوە کردووە بە تایبەتیی ناساندوویەتی، کە مەبەستی لەکام منداڵە، لە(٢/ب)دا بۆ دیاریکردنی ناوی (کچ) هاتووە لەم ڕستەیەشدا ئەوەی دیاری کردووە، کە ئەوەی نامەکەی نوسیووە(کچە) واتە کوڕ نییە، لە(٢/ت) دا بۆ جیاکردنەوە/جەخت کردنەوە هاتووە، واتە جەخت دەکاتەوە، کە ئەوەی بەیەکەم دەرچووە کچەکەیە نەك کوڕەکە. بوونی مۆرفیمێکی ناسراوی لەزمانی کوردییدا نابێتە مەرج بۆئەوەی زمانەکانی تریش لە فەرهەنگەکەیاندا هەمان فۆرم داڕێژرابێت، هەروەها ئەمە بۆ وشەیەکی فەرهەنگی وەکو <پوور>یش ڕاستە، کە لە زمانەکەماندا دەربڕی زانیارییەکی گشتییە، لەبەر ئەوەی جیاکردنەوەی جۆری خزمایەتی نییە وەك ئەوەی لە/خاڵ/ و /مام/دا هەیە، بەڵکو لە دیوی ڕێزمانەکەدا دەنوێنرێت بۆ تەواوکردنی ئەو کەموکورتیی و ناڕوونییەی لەفەرهەنگی زمانەکەدا هەیە وەك لەسەرەوە باسی لێوەکراوە، کەواتە لەڕێگەی پارا فرێزەوە ئەو ئاڵۆزییە ڕوون دەکرێتەوەو دەبێتە(خوشکی دایك – خوشکی باوك)[١٧].

ئەوەی باسی لێوەکرا دەبێتە بنەمایەك بۆئەوەی لەبەش و پارەکانی داهاتوودا ئەوە دەربخرێت، کە ئایا زمانی کوردیی نواندنی ناوەکیی یان دەرەکیی کامیان زاڵترە؟ یان دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی، کە دەستنیشانی ئەوە بکرێت، کە فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگی لەزمانی کوردییدا چۆن داڕێژراوە؟ واتا لەسەر بنەمای گشتێتییە یان لەسەر نرخ جیاکردنەوەیە، .............تاد. لە لایەکی ترەوە دەبێت ئەوە بگوترێت، کە لێکۆڵینەوەکە پەیوەست بە نواندنە ناوەکییەکەوە تەنها کار لەسەر نواندنە ناوەکیی و دەرەکییەکانی ($X^0$)ی لە جۆری (ناو و ئاوەڵناو و کردار و پێشناو) دەکات، کە هێماکانی ($X^n$)و ($X^a$)و ($X^v$)و ($X^p$)، لە هەیەك لەوانەدا زانیاریی واتایی و سینتاکسیی جیاواز هەڵگیراون، کە لە دوانەی فەرهەنگ و ڕێزماندا دەنوێنرێن[١٨].

[١٧] (زڕپلك) بەخوشکی باوك دادەنرێت، بڕوانە : یوسف شەریف سەعید، (٢٠١١: ١٠٦).

[١٨] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٤: ٩٤).

## (۲-۱-۱) نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی

لەبەرئەوەی لەپێشتردا فەرهەنگ وەك پێکهاتەیەك خرایەڕوو، ئەوەش وایکرد نواندنێکی ناوەکیی هەبێت، بەڵام فەرهەنگی زمانێك لەڕووی فۆڕمداڕشتنی مۆڕفێم و وشەوە هەموو زانیارییەکان ناکاتە پۆلە ڕەگەز، بەڵکو داڕشتنێکی گشتی و کەمەکی هەیە، بۆیە جیاواز لەنواندنی ناوەکیی، نواندنی دەرەکیشیی هەیە[١٩]، نواندنی دەرەکیی ئاماژەکردنە بۆ ئەو خورەوشت و چالاکییانەی، کە فەرهەنگی ناوەکی دەینوێنێت، هەروەها بیرۆکەی نواندنی دەرەکیی فەرهەنگیی نزیکە لەو تێرمانەی، کە(varel-et-al) دابەشی کردووە بۆ(نواندنی بەهێز ، نواندنی لاواز)، ئەمەش کردوویەتی بە بەشێك لە زانستی زمانی درکپێکردن، بەمپێیەش مێشك دروستکەری شێوازەکان و نواندنەناوەکییەکانە، بەڵام لەڕێگەی نواندنی دەرەکییەوە، کە بۆ نیشانەکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕیی و ڕوونکردنەوەی لایەنی گشتی فەرهەنگییە، نواندنە ناوەکییان دەگەیەنێت بە گوێگر. دەتوانرێت بوترێت ڕێزمان بە پێکهاتەکانییەوە نواندنی دیوی دەرەوەی زانیارییەکی فەرهەنگییە، لەو ڕوانگەیەوە زمان بۆ فەرهەنگ و ڕێزمان دابەش دەبێت، کە مامەڵکردنی فەرهەنگ لەگەڵ ڕێزماندا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت[٢٠]، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی زمانی مرۆڤ ئەم دابەشبوونەی هەیە، کەلە هێڵکاری(٢)دا هاتووە، بەراوردی بکە بە هێڵکاری(١):–

هێڵکاری (٢):–




فۆنۆلۆژیی وەك پێکهاتەیەك لە ڕێزماندایە، لەبڕگەکەیدا ئەو زانیارییانە دەنوێنرێت، کە لەناو فەرهەنگدا هەڵگیراون. مۆرفۆلۆژییش پەیوەست بە سیستمیی زمانەوە داڕشتەی فەرهەنگیی مۆرفیمی داڕشتن و بناغەکەی بەجۆرێك دەنوێنێت، کە لە سەرەو ڕیزبوون و پارامێتەری مۆرفۆلۆژییانەی مۆرفێم وبناغەکەیدا

---

[١٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، سەرچاوەی پێشوو.

[٢٠] Juval portugali , (2011:142).

بگونجێت[٢١]، بۆیە لەوەوە پێشبینی دەکرێت یاسای مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی پەیکاڵی یاسای مۆرفۆلۆژیی ڕووکەشیی نەبێت، کە نواندنەکەیەتی، بۆیە دەکرێت پاشگر و پێشگرەکان جۆرێکبن لە سەری ڕێزمانی و جۆرێکیشبن لە دەسەڵاتی واتایی و دروستەیی فۆرمە تازە دروستبووەکان و کاریگەریشیان لەسەر دەرکردە واتاییەکان هەبێت، چونکە لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەسەڵاتداریی بەرەو لای پاشگر ڕادەکێشرێت، بەمەش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە، بڕوانە نمونەی (٣):-

| مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگی | | نواندنی مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|
| ٣) أ. /- ستان /+ کورد | ← | / کوردستان / |
| ب. /- لە/ +مێروو | ← | / مێرووله/ |

بەپێی بۆچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە نمونەی(٣-أ)دا پاشگری(- ستان)واتاو ناوەڕۆکی فۆڕمە نوێیەکەی گۆڕیوە بۆ شوێن، واتە سەرچاوەی بوون بە لێکسێمی/کوردستان/ پاشگرەکەیە، لەبەرئەوەی فۆڕم و واتای لێکسێمی/کورد/ی گۆڕیوە پاشگری(- لە) یش لە (٣-ب) دا فۆڕمی وشەی /مێروو/ی لە جۆرێکەوە گۆڕیوە بۆ جۆرێکی بچوکتر:-




| | | |
|---|---|---|
| پ. /- چی/ +پینە | ← | پینەچی |
| ت. /- ەڵان/ +بەرد | ← | بەردەڵان |




لە نمونەی (٣-پ)دا پاشگری/-چی/ناوی (پینە)ی لە ناوەوە گۆڕیوە بۆ ناوی پیشەو بەو کەسە دەوترێت کە ئەو کارە دەکات، هەروەها پاشگری/-ەڵان/یش بەهەمان شێوە لە نمونەی(٣-ت)ناوی

[٢١] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ، (٢٠١٤: ٩٥).

[٢٢] Cook & Newson, (2007:254) لە محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥ : ٣٤) وەرگیراوە.

بەردی لە ناوی شتەوە گۆڕیوە بۆناوی پیشە، هەمان شتیش بۆ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان دەبینرێت، چونکە ئەوانیش وەك سەرێکی ئەرکی دەچنە کۆتاییەوەو لەڕووی سینتاکسی و واتاییشەوە زاڵ دەبن، بڕوانە نمونەی (٤):-

٤) أ. /-ەکە /+ کوڕ ⟵ /کوڕەکە/

ب. /- ێك/ +منداڵ ⟵ / منداڵێك /

ت. /-ان/ +کچ ⟵ / کچان/[٢٣]

وەك لە نمونەکاندا دەرکەوتووە، کە چۆن مۆڕفیمی بەندی/-ەکە/، /-ێك/، /-ان/وەکو سەری ڕێزمانی چوونەتە سەر ناوەکانی (کوڕ، منداڵ، کچ) واتای مۆرفیمەبەندەکان زاڵبووە بەسەر واتا و سینتاکسی وشەکاندا. هەروەك ئاماژەی پێدرا زانیارییە سینتاکسییەکانیش لەفەرهەنگدان، بەڵام لەپێکهاتەی سینتاکسدا لە فۆڕمی فرێز وڕستەدا دەنوێنرێت، بۆیە مەرج نییە ڕیزبوونی فەرهەنگی لە ڕیزبونی ڕێزمانی بچێت، چونکە لەسینتاکسدا بەپێی ڕێزمانی کوردی پارامێتەر ڕیزبوونەکان دیاریدەکات. سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی جگەلەوەی بۆ فۆڕمداڕشتن کەرەستە لە فەرهەنگەوە وەردەگرن، هەردووکیشیان تەواوکەرو نیشانەکەری ئەو پۆلەڕەگەزانەن، کە چەمکییانە بەواتایەکی گشتییەوە داڕێژراون، چونکە سەرەڕای نواندنێکی فۆڕمی نواندنێکی واتایشیان هەیە، بۆنمونە مۆرفۆلۆژیی فۆڕمی نوێ دروستدەکات بۆ دەستکەوتنی واتای نوێ، دەبێت لەوە دڵنیابین، کە مۆرفۆلۆژیی فۆڕمێك دروست ناکات بەهەمان واتاوە لە فەرهەنگدا هەمانبێت، بۆنمونە/ پرتەقاڵی/ ڕەنگێکی مۆرفۆلۆژیيانەیە، چونکە دەتوانرێت بۆ سەگمێنتی مۆرفۆلۆژیی جیابکرێتەوە، لەبەرئەوەی بەیەك سەگمێنتیی ڕەنگی پرتەقاڵیمان لە فەرهەنگدا نییە. سەبارەت بە سینتاکسیش سەرەڕای فۆڕمداڕشتنی سینتاکسیی، کە نواندنی زانیارییەکی فەرهەنگییە، سینتاکس تەواوکەری فەرهەنگیی گشت زمانێکە، ئەویش لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکەو تێیدا فۆڕم دادەڕێژرێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت ،کە سینتاکسیش بەبەرهەمی زمان هاوشێوەی مۆرفۆلۆژیی دەپارێزێت، ئەمیش دەکرێت لەچەند ڕوانگەیەکەوە بێت، کە ئەویش دروستکردنی فرێزی فەرهەنگییە (وشەی فرێزی)، کە فۆڕمێکی سینتاکسیی دەکاتە فۆڕمێکی، وەکو{قاسپەی کەو، نەڕەی شێر، جریوەی چۆلەکە، زەڕەی کەر ......تاد}، ئەوانە لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی ناونانن و چەسپاون، بۆیە وەك یەکەیەك هەڵسوکەوت دەکەن و لە ناوەوە دیارخەرەکان وەرناگرن، بۆ نمونە{* نەڕەکەی شێر، *نەڕەکانی شێر، * نەڕەیەکی شێر}[٢٤].

---

[٢٣] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ٣٥).

[٢٤] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٠ : ٤٣).

لە ناو دروستەی فرێزی خستنەپاڵی ناوییدا، خستنەپاڵی ناویی بەتایبەتی زۆرتر چالاکە لە پرۆسەی بەلێکسیمبوون و بەناوکردندا، چونکە خۆی لەخۆیدا خاوەنداری دەرنابڕێت و بۆ ناونان و جیاکردنەوە بەکاردێت، بڕوانە نمونەکانی{شاری سلێمانی، شاری هەولێر، شاخی گۆیژە، شەقامی مەولەوی، گوندی ژاڵە.....تاد}، کە پرۆسەیەکی ناونانن و دەکرێت بوبێتن بە پێڕەوێکی سینتاکسی بۆ ناونانو جیاکردنەوە، ئەم نمونانەی دواتریش بەهەمان پێڕەوی نمونەکانی پێشووتر دروستکراون و داڕێژراونەتەوە، {کارگەی نەوزاد، کەبابی شنۆ، ئامادەیی سلێمانی، ناوەندیی سیروان.....تاد}، دروستەکانی ئەم جۆرەش چەسپاون و لە ناوەوە بۆ دیارخەرەکان شەقناکرێن و وەك یەك یەکە هەڵسوکەوت دەکەن، بڕوانە{*شارەکەی هەولێر، *شارەکانی هەولێر، *شارێکی هەولێر}، تەنانەت ئەم جۆرە لەبەرئەوەی زانیاریی ناوی یەکەم چوەتە ناو ناوی دووەمەوە، بۆیە دەتوانرێت ناوی یەکەمیان دەرنەبڕدرێت وبەتەواوی فۆرمی وشە وەربگرێت، بڕوانە {شاری هەولێر ـ هەولێر، شارۆچکەی پێنجوێن ـ پێنجوێن}، هەریەکە لەو نمونانەی سەرەوە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی سینتاکسییەوە هاتونەتە کایەوە.

لە زمانی کوردییدا زۆرجار بۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی ناوی شوێنێك بە ناسراو دەکرێت، هەر بەو ناسراوییەشەوە، وەکو ناوێکی ئاسایی بەسەر زارەوە دەبێت و بڵاودەبێتەوەو دەڕوات، نمونەکانی وەکو( سەهۆڵەکە، شەکرەکە، بەریدەکە......تاد)، ئەم نمونانە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا دروستەیەکی سینتاکسییان هەیە، بەڵام پاش بەلێکسیمبوونیان و پێڕەوکردنی بنەماکان، وەکو تاکە وشەیەك دەژمێردرێن، چونکە هەر بەو دروستانەیانەوە، بوون بە کەرەستەیەکی فەرهەنگیی ولە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن[٢٥]. سەرەڕای ئەوە لە ڕوانگەیەکی ترەوە، سینتاکس ئەو زانیارییە گشتییانە نیشانە دەکات، کە لە فەرهەنگدا بیچمێکی گشتییان بۆ دانراوە یان نرخیان جیانەکراوەتەوە، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە دەبێت، کە فۆرمی($X$)ێك زانیاریی تەواوی لەسەر واتاکە تیادا نەبێت و لە بەکارهێنان و سینتاکسدا یەکلا بکرێتەوە، بۆ نموونە ڕەنگەکانی زمانی کوردیی، پەیوەست بەو ڕەنگەی دەیگەیەنن گشتێتیی دەردەبڕن، نیشانەکردن و ڕوونکردنەوەکەی لە سینتاکسدا/لە نواندنێکی دەرەکییدا دەکرێت، بۆنمونە /شین/ ڕەنگێکی ئەبستراکتیی فەرهەنگییە، {شینی ئاسمانیی}، {شینی تۆخ}، {شینی کاڵ}، {شینی قەزوانیی}، {شینی بێشکەیی}، لە سینتاکسدا نیشانە کراوە. لەلایەکی ترەوە دەکرێت بەوە ڕوونبکرێتەوە، کە پریدیکاتەکانی لە جۆری (ناو و ئاوەڵناو و کردار و پێشناو)/ ($X^n$)و ($X^a$)و ($X^v$)و ($X^p$) لە خۆیاندا لەڕووی فۆرم و واتای جیاوازیان هەڵگرتبێت و پریدیکاتێکبن، کە کۆتوبەندی هەڵبژاردن بکەن و پێشبینیی ئەوەشیان لێبکرێت، کە کۆتوبەندی واتایی بشکێنن، ئەوەش دەبێتە جێگرەوەی فۆڕمداڕشتن و پریدیکات دروستکردن[٢٦]. (بڕوانە بەشی سێیەم).

---

[٢٥] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ٧٤).

[٢٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١١: ٣٦).

## (١-١-٣) پێڕەوی دووپەلکیی

زمانی کوردیی وەك هەر زمانێکی تری مرۆڤ بەهۆی نواندنی دەرەکیی، بۆ گەیاندنی ئەو چەمك و واتایانەی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگییان بۆ دانەڕێژراوە، واتە بەهۆی نەبوونی کەرەستەی تەواو لەفەرهەنگەکەیدا بۆ ناونانی شتەکانی دەوروبەری دەبێت بەیارمەتی ڕێزمانەکەی کەلێنی فەرهەنگەکەی تەواوبکات، واتە بەهۆی پێڕەوی دوو پەلکییەوە زمانی مرۆڤ پڕاوپڕ دەبێت. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، بەو شێوەیەی لە هێڵکاریی (١)و (٢)دا خرایە ڕوو، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی فەرهەنگ و ڕێزمان لە نواندنێکی دوو پەلکییدان، دابەشکردنێکی تەواوکەرانەیان هەیە یان ڕێزمان بۆ نواندنی زانیارییە ناوەکییەکانی فەرهەنگ بێت. لە هێڵکاریی(٣)دا پێڕەوی دوو پەلکیی زمان بۆ کردار و ئاوەڵکردارو فرێزی پێشناویی دەخرێتە ڕوو:-

هێڵکاریی (٣) : -

| زمان | | زمان | | زمان | |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرهەنگ | سینتاکس | فەرهەنگ | سینتاکس | فەرهەنگ | سینتاکس |
| ئاوەڵکردار | ئاوەڵکردارئاسا | فرێزی پێشناویی | فرێزی پێشناویی | کردار | کردار |

هێڵکاریی (٣) ئەوە دەردەخات، کە زمانی کوردیی پەیوەست بە ئاوەڵکردارو فرێزی پێشناویی و کردارەوە پەیڕەوی دوو پەلکیی دەکات و هەر دوو نواندنی فەرهەنگیی ئەو پۆلەڕەگەزانەی هەیە. ئاوەڵکردار لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا ژمارەیان زۆر کەمە، بۆیە پێویستە بە دیوی ڕێزمانەکە و بەیارمەتی کەتیگۆرییەکانی زمان کەموکورتییەکان پڕبکەینەوە، ئەو فۆڕمانەی لەفەرهەنگدا نیشانەی ئاوەڵکرداریان تێدایە، بەهۆی سینتاکسەوە گۆکردنی ئاوەڵکردارییان پێدەدرێت و دەکرێنە ئاوەڵکردارئاسا، ناوەکانی کات لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەی ئاوەڵکردارییِن، بەوهۆیەوە دەتوانن لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەربکەون، کەواتە نیشانە هۆکاری ڕێگادانە، چونکە ئەو ناوە کاتییانە خۆیان بەبێ گۆڕینی فۆڕمەکانیان نیشانەی کاتییان تێدایە، ناوە کاتییەکانی وەکو(هاوین، زستان، شەممە، ئێوارە،.....تاد )لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەبنە ئاوەڵکردارئاسا[٢٧].

---

[٢٧] بۆزانیاریی زیاتر دەربارەی ئاوەڵکردارو ئاوەڵکردارئاسا بڕوانە ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١: ٣٥-٥٠) و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢: ٢٦٥-٢٩٤).

پەیوەست بە فرێزی پێشناویشەوە، زمانی کوردیی نواندنێکی فەرهەنگیی و سینتاکسیی هەیەو لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەخرێنە ڕوو، فۆرمە فەرهەنگییەکەی (پێ و تێ و لێ)ەو سینتاکسییەکەشی پەیڕەوی یاسایەکی لە جۆری (N+P) دەکات، بڕوانە نموونەی(٥):–

٥)أ. من پەڕۆکەم تێوە پێچا. ←——— ب. من پەڕۆکەم لە دەستمەوە پێچا.
(فرێزی پێشناویی فەرهەنگیی) (فرێزی پێشناویی سینتاکسیی)

وەك ئاماژەی پێدرا، فرێزە پێشناوییەکان نواندنێکی فەرهەنگییان هەیە، وەك لەنمونەی(٥–أ)دا هاتووە، هەروەها نواندنێکی تریشی هەیە لە سینتاکسدا دەردەکەوێت، وەك لە نمونەی(٥–ب)دا خراوەتەڕوو. سەبارەت بە کردارەکانیش زمانی کوردیی بەهۆی کردارە ناوییەکەیەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ڕەگی کردارەکانی[٢٨]، نواندنی جیاوازی مۆرفۆلۆژییانەو سینتاکسییانەیان هەیە، بە جۆرێك ڕەگی سینتاکسیی کردار نواندنی ($V^0$)و مۆرفۆلۆژییش ($V^{-1}$)، بڕوانە نموونەی (٦) .

٦) خوار ← خۆر (مووچەخۆر، چواردەخۆر، زۆرخۆر ($V^{-1}$))
← خوار (من سێوەکەم خوارد. ($V^0$))
← خۆ (من سێوەکە دەخۆم. ($V^0$))[٢٩].

ناوی کرداری (خواردن) لەنمونەی (٦)دا نواندنە جیاوازەکانی نوێنراوە لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، ئەوەی لەم نمونەیەدا دەرکەوتووە بیچمی(خۆر)ە لەمۆرفۆلۆژییدا، بەڵام (خوار، خۆ) لە سینتاکسدا خۆیان دەنوێنن.

(٢٨) لەوێدا ڕەگ بە کردار زانراوەو کاری پێکراوە.

(٢٩) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ،( ٢٠١٣: ١٦).

## (١-٢) چەمك / گشتێتیی

زمان گرنگییەکی لەڕادەبەدەری هەیە لەژیانی مرڤدا، تەنها مرۆڤە دەتوانێت زمان بەواتا فراوانەکەی بەکاربهێنێت و لە بونەوەرەکانی خوارخۆی جیاییکاتەوە، بەدواداچوون بۆ سەرەتای پەیدابوونی زمانی مرۆڤ جێگای بایەخی زمانەوانەکان بووە، یەکێك لەم هەولانەش خەریکبوون بووە بە گەشەی زمانی منداڵ بەو هیوایەی بگەنە سەرەتایەك بۆ پەیدابوونی زمان، گەشەی زمانی منداڵ هەرچەندە بابەتی هاوبەشی زانستی زمانی دەروونی و دەروونناسییە، بەلام لای زمانەوانەکان زیاتر جێگای بایەخ بووە[٣٠]. زۆرجار مرۆڤ بەمەبەستی خۆپاراستن و مانەوەی یان بەمەبەستی ڕێونکردن و شاردنەوەی شوێنپێی کارو کردەوەکانی لە دەوروبەرو کۆمەڵەکەی، چەمکەکانی ئاوەزیی ( بەتایبەتی ئەو چەمکانەی لەبەر هەرهۆیەك بێت جێگەی مەترسین بۆ خودی خۆی و بەرامبەرەکانی لەفۆڕمی زمانی گشتێتییدا دادەڕێژێت و دەریدەبڕێت)، ئەمەش بەو نیازەی کاریگەریی ئالۆزییەکانی ژیان لەسەر خۆی و بەرامبەرەکانی نەهێڵێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو کاریگەرییە کەم بکاتەوە، ڕەنگە هەرلەم ڕوانگەیەشەوەبێت مرۆڤ هەمیشە هەولێداوە یەك چەمك بەچەندین فۆڕمی جیاواز دابڕێژێت و دەربڕێت، بەلام لەناو سەرجەم ئەو فۆڕمە زمانییانەدا تەنها یەك فۆڕمیان هەڵگری چەمکی ڕاستەقینەی ئاوەزی مرۆڤە، هەربۆیە دۆزینەوەی ئەم فۆڕمە ئاوەزییانە وەك بنەمایەکی گرنگ نەخشە دەکێشن بۆ تێگەیشتن لە گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیی، وەك(پەروەردە، ئەدەب، سیاسەسەت، یاسا، میدیا، دیبلۆماسییەت، ........تاد)، بەلام ڕەنگە تێگەیشتن و بەدەستهێنانی چەمکە ڕاستەقینەکانی ئەم بوارە جیاوازانە هەروا سانا نەبێت، ئەگەر لەڕستەدا تەلیسمە جیاوازو ئالۆزەکانی گشتێتیی و دۆزینەوەی فۆڕمە ئاوەزییە ڕاستەقینەکانی چەمکە ڕووتەکانی ئەم چەمکە گشتییانە لە خودی زماندا لێکۆڵینەوەیان تێدا نەکرابێت[٣١]، ئەگەر لەم سەرەتایەوە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانپژانی منداڵ دەردەکەوێت، کە دەربڕینی(تاکە وشەیەك) سەرەتای گەشتی ئەومنداڵەیە لە جیهانی دەربڕینیی هزردا، ئەم قۆناغە ساکارەی منداڵ بەسە بۆئەوەی بیرە سادەکانی پێدەربڕێت، کە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی پێویستن، واتە ئەم(تاکە وشە)یە گرنگە بۆ منداڵەکەو مەبەستی دەربڕینەکەیەتی[٣٢].

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانفێربوونی منداڵ، کە شایەنی زۆری سەرنجدانە لایەنی گشتیی یان جیهانییەکەیەتی، منداڵ لەهەموو جیهاندا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو چاند و کۆمەڵگایەی تێیدا گەشەدەکات و بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پەروەردەیەی لەخێزاندا هەیەتی، لە زمانفێربووندا نمونەیەکی جێگیر پەیڕەودەکات، ئەم نمونەیە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی بە گەشەی جەستەو تەمەنی منداڵەوە هەیە،

---

(٣٠) عەبدولواحید موشیردزەیی ،(٢٠١٤ : ١٥٧).

(٣١) کاروان عومەر قادر ،(٢٠١٢: ١٦٩).

(٣٢) کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨ : ١١).

بەڵام ئەنجامی ئەو نییەو ڕەچاوی یاسای تایبەتیی خۆی دەکات، بۆنمونە لەهەموجیهاندا منداڵ کاتێك یەکەم وشە گۆدەکات، کە تازە کەوتبێتە سەرپێ، واتە لەنێوان(١٠-١٢)مانگیدا، هەروەها منداڵ زیاتر هەڵوێستی بەرامبەر ئاوازی وشە هەیە تا واتای وشە، هەروەها منداڵانی جیهان تێگەیشتنیان پێش لایەنی ئاخاوتنیان دەکەوێت و کاتێکیش دەئاخاڤن بەوشەی تاك(یەك بڕگە)دەستپێدەکەن.

لەدەوروبەری دووساڵیدا دەچێتە قۆناغی پێشکەوتووترەوە و منداڵ دەست بە بەرهەمهێننی ڕستەی دووسێ وشەیی دەکات، ئەم ڕستانەش هەمیشە شێوەی کورت وکەموکوڕیان هەیە، هەرئەمەش وایکردووە ناوی ئاخاوتنی"تەلەگرافیی" لێبنرێت[٣٣]، لەم قۆناغەدا لایەنی بەرهەمهێنانی زمان دەردەکەوێت، چونکە ئەو چنراوانەی منداڵ دروستیان دەکات، دروستکراوی خودی خۆیەتی و لاسایی کردنەوەی توتی ئاسای ئاخاوتنی دەوروبەرەکەی نییە، دوای ئەو تەمەنە فەرهەنگی منداڵ زۆربەخێرایی گەشەدەکات و ڕستەکانیشی لەڕووی ڕێزمانییەوە ئاڵۆزتردەبن، ئەو ڕێزمانەی، کە بنەمای ئەم ڕستانەیە، تایبەتە بەخودی منداڵ و لە ڕێزمانی زمانی گەورەکان جیاوازە، لەچوارساڵیدا بناغەی زمانی دایکی منداڵ لەسەر هەرشتێك بێت لەسنووری ئەزموونی ئەودا بێت، دامەزراوەو دەتوانێت بئاخڤێت و لە ئاخاوتنی ئەوانی تریش تێبگات، جیاوازی ڕستەکانی لەگەڵ ڕستەی گەورەکاندا زیاتر شێوازییە تاوەکو ڕێزمانیی بێت، ئەم تایبەتمەندییانە بەهەمان شێوازو هەمان قۆناغ لە زمانفێربوونی منداڵە ئاساییەکانی هەموو جیهاندا بەدیدەکرێت، ئەم تایبەتمەندییە گشتییە/جیهانییەش بابەتێکی ترە، کە پێویستی بەسەلماندنی زانستییە[٣٤].

تاکە وشە، دەتوانرێت بە"سەرتۆپ - Topic"دابنرێت، کە لە ئاخاوتنی مرۆڤی هەراشدا بەهۆی چەند پرۆسەیەکی ئاڵۆزەوە دەهێنرێتەبوون و ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییەش لە پێناسەی قۆناغی زمانپژانی منداڵدا دەردەکەوێت، کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە پێناسەکراوەو شیکراوەتەوەو ڕۆڵی لە زمانپژاندا دەرخراوە، بۆنمونە(Bates)لەپێناسەی ئەم قۆناغەدا دەڵێت: " قۆناغی زمانپژانی منداڵ ئەو قۆناغەیە، منداڵ تیایدا ساکارانە لەو کەرەستەیە دەدوێت، کە سەرنجی ڕادەکێشێت یان جێگەی گرنگی پێدانییەتی "[٣٥]. تاکە وشە، کە یەکەیەکی زانیارییەو بەچەند یەکەیەکی زانیاری تر داگیراوەتەوە، منداڵی کورد لەم قۆناغەدا لە چەند وشەیەك زیاتر فێرنابێت، هەریەکێکیان هەڵگری واتای ئەو ڕستەیەیە ،کە مرۆڤیی هەراش لە ئاخاوتنیدا بەئەنجامی دەگەیەنێت، تاکە وشەیەکی وەکو(حەم، عەعە، بڤە، قغە) بەرامبەر زانیاریی ڕستەکانی نموونەی(٧)دەوەستێت.

---

[٣٣] Roger Brown, (1968) لە محەمەد ڕەزاباتنی، ( ٢٠١٥: ١٥٨) وەرگیراوە.

[٣٤] محەمەد ڕەزا باتنی ، ( ٢٠١٥: ١٥٨).

[٣٥] Bates, (2010:18) لەکاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨: ١١)وەرگیراوە.

٧) أ. من نانەکە دەخۆم .

ب. من گ.......دێت .

ت. تۆ خۆڵەپەتێ مەکە .

پ. نەکەیت خواردنی پیس بخۆیت[٣٦] .

منداڵ هاوشێوەی دنیابینییە ڕێزمانییەکەی، پەیوەست بە پڕکردنەوەی فەرهەنگەکەشییەوە سەرلەنوێ دەوروبەری پۆلێندەکاتەوە، هەروەك چۆن بوونی مۆدێلێکی برگە لەلای منداڵ، بەوجۆرە خۆی دەنوێنێت، کە لە هەنگاوەکانی زمانپژاندا داتا زمانییەکان لەڕووی یاساوە بەسەر ڕێزمانە گشتییەکەدا دەسەپێنێت، هەر ئاواش سەپاندنی گشتییش لەلای منداڵ، تەنها پرۆسە ڕێزمانییەکان(ئەوانەی دروستەیان هەیە) ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ ناونانو دنیابینییەکەش هەر بەهەمان شێوەیە، چونکە فەرهەنگیی زمانەکەی لەڕێگای داتا سەرەتاییەکانەوە گەشەدەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، ئەو کەرەستانەی دەبنە سەرەکیی، دەربڕاوی گشتییشن، ئەویش لەبەرئەوەی دەتوانرێت لە کەرەستە کەمە وەرگیراوەکەیدا گشتێتیی گەنج – هەڵگربکات و بەکاریانببات[٣٧]، دەکرێت ئەوە پەیکاڵی هایپۆنیمی زمانی گەورەکان بێت، کە گشت دەربڕی تاکە، تاکیش دەتوانێت ببێتە دەستنیشانکەری گشتی، بۆنموونە/گوڵ/ هایپۆنیمی جۆرەکانیەتی، دنیابینیی ئێمەی گەورەش هەر لە هایپۆنیمەکەوە بۆ تاکەکانیەتی، واتە مەرج نییە جۆرەکانی/گوڵ/ بەشێك بن لە زانیارییەکانی ئێمە، خەزنکردنی وشەی/گوڵ/لای ئێمە نابێتەهۆی ناسینەوەی جۆرەکانی، چونکە گوڵەکە بەر هەستەوەری چاو دەکەوێتو دەبێتەهۆی ناسینەوەی خودی گوڵ، واتە ئێمە لە بینینی گوڵێکدا، جا هەر جۆرێکی بێت دەزانین، کە گوڵە، نەك بزانین جۆرەکەشی چییە، ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆ ئەوە بوو، کە بزانرێت وەرگرتنەکان لەلای منداڵ گشتییو هایپۆنیمین .

زانیارییە وردەکان بەپێی ئاستو خوێندەواریو گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن، ئەویش بەوپێیەی ئەگەرچی گروپە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵکردنە ناوخۆییەکانیان وشەی تایبەتییان هەیەو خۆیان تێدەگەن، بەڵام ئەوە لەلای ئاخێوەری گشتیی زمانێك نییەو بەکارنابرێت، بۆنموونە ئەو وشەو زاراوانەی لای گروپی کۆتربازەکان هەن، کۆدێکن تەنها ئەو گروپە لێکیدەدەنەوە، ڕوونکردنەوەکە دەمانگەیەنێتە ئەوەی،کە زمانپژان لە گشتییەوە بەرەو تایبەتێتیی دەستپێدەکات[٣٨] .

**گشتیی ⟵ تایبەتیی**

[٣٦] کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨: ١٢).

[٣٧] Kjal miyan, (2010:18) لە عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٦: ٥)وەرگیراوە.

[٣٨] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٦: ٦).

گشتێتیی کۆمەڵە داتایەکی مارکەلێنەدراون، بۆیە خەزنکردنیان ئاسانترە، ئەویش هۆکاری ئەوەیە، منداڵ دەسەڵاتی بەسەر داتا مارکەلێنەدراوەکاندا دەشکێتەوە، چونکە دەربڕی گشتێتیین، دەبێت ئەوەش بگوترێتو جیابکرێتەوە، کە قۆناغی گشتیی‌و مارکەلێنەدراوییش لە ڕێزمان‌و فەرهەنگە گشتییەکەیەوە دەستپێدەکات، ئەو زمانەی، کە منداڵەکە پێش وەرگرتنی زمانی دایك هەیەتی، لە وەرگرتنی زمانی دایکیشیدا، پرۆسەکە دووبارەدەکاتەوە، چونکە وەك چۆن لە ڕێزمانە جیهانییەکەیدا، گشتێتیی هەیە، لە زمانی دایکیشیدا هەمان شت بەرجەستە دەبێت.

لەبەرئەوەی منداڵ هەر لە لەدایکبوونیەوە دەزگای زمانی هەیە، بۆیە لە هەوڵی کاراکردنی دەزگاکەیدایە، ئەویش لەڕێگای فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەوە، کە سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەوروبەرەو دنیابینیی خۆی تێدایەو تاکگەرایی منداڵەکەیە بەسەر دەوروبەرەکەیدا، بڕوانە نموونەکانی(٨):–

٨) حەم ——→ بۆ هەموو خواردنێك، واتە گشتییە.

دیدە ——→ بۆ هەموو سەیارەیەك.

(ناوێك) ——→ زۆرجار ناوێك بۆ منداڵ دەبێت بە ناوی هەموو کەسێك، بۆنموونە(ئاری)بۆ ناوی هەموو کوڕێکە یان بۆ نموونە ناوی(نونە)ناوێکە بۆ هەموو کچێك، واتە گشتێتیی پێدەربڕیوە.

فش ——→ بۆ هەموو بچووکبوونەوەیەك، لە فشبوونەوەی میزەڵانەوە وەرگیراوە بڕوانە نموونەکانی (من فشم (واتە لاوازم)، ترێکە فشە(بۆ مێوژ)، پارووەکەم فشە(بچووکە))

جزە ——→ گۆشت، تاڕادەیەك بۆ جۆرێك خواردن مارکەی لێدراوە.

توتەن ——→ سپلیت دەنگی داگیرسانی ئامێرەکە کراوە بە ناوەکەی.

پس ——→ عەتر[٣٩]

کواکوا ——→ مراوی[٤٠].

لەئەنجامی سەرنجدانمان لەو وشەو دەربڕاوانەی سەرەوە دەردەکەوێت:

أ. کوردیی نین، دنیابینیی تایبەت بە منداڵەکەن بۆ سەرلەنوێ ناونانەوەی دەوروبەرو سەپاندنی تاکگەرایی منداڵەکەیە.

ب. دەربڕاوی گشتێتیی‌و مارکەلێنەدراون.

---

[٣٩] Hulya Ipek, (2009: 156) لەجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٦ : ٧)وەرگیراوە.

[٤٠] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زمانپژانی منداڵ، بڕوانە، ناهیدە ڕەحمان خەلیل، ( ٢٠١٣).

لەئەنجامی تێکردەی کەرەستە سەرەتاییەکانی زمانی دایك، منداڵەکە دنیابینیی‌و زانیارییە فۆنۆلۆژیی‌و سینتاکسیی‌و واتاییەکانی زمانی دایك وەردەگرێت و لە دوای وەرگرتنەکە تاکگەرایی زمانی دایك زاڵ دەبێت و لەوەوە ئاوەزو بیرکردنەوەو زمانەکەی دەبنە کوردیی[٤١]. یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی فێربوونی زمان لای منداڵ ئەوەیە، کە منداڵ ئەم پێڕەوە ئاڵۆزە بەبێ پەروەردەکردن فێردەبێت، هیچ کەسێك نەدایك و باوك نە دەوروبەرەکەی ڕێزمانی زمان فێری منداڵ ناکەن، بەڵکو منداڵ خۆی ئەوانە بەرهەم دێنێت و بەکاریان دەبات، بەواتایەکی تر منداڵ بۆ زمان فێربوون پێویستی بە پەروەردەکردن نییە، تەنها پێویستە لە ژینگەیەکدا بژی، زمانی تێدابەکاربهێنرێت، ئەگەرچی دەوروبەر هەندێکجار هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکەنەوە، بەڵام هیچ کاتێك ڕێزمانی ئەم پێڕەوەی بۆ ڕوون ناکەنەوە، چونکە لەلایەکەوە خۆیان توانای شیکردنەوەی ئەو یاسایانەیان نییە، لەلایەکی ترەوە هەست بەگرنگی ئەم کارە ناکەن، یان بەپێویستی نازانن، بۆیە پرسیارێکی زۆر گرنگ، کە دەبێت وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە، چۆن منداڵ دەتوانێت بەبێ ئەوەی کەس پەروەردەی بکات ئەم پێڕەوە زۆر ئاڵۆزە فێردەبێت و یاسا باڵادەستەکانی زمان بەرهەم دەهێنێت؟ بۆ پەی بردن بە گرنگی ئەم پرسیارە خراپ نییە سوود لە پێوانەیەك وەربگرین، کە هەموومان دەزانین چوارکردە سەرەکییەکەی ژماردن وەکو پێڕەوێکەو کارکردنەکەشی وەکو هەرپێڕەوێکی تر پێڕەوەی کۆمەڵێك یاسا دەکات، بەڵام ئەم پێڕەوە بەبەراورد لەگەڵ زماندا زۆر سادەیە[٤٢]. منداڵ هەندێك وشە پەیوەست بە چشتێك یان کۆمەڵێك چشت فێردەبێت، دواتر ئەو وشانە بۆ ئەو کۆمەڵە شتانە دەگشتێنێت، کە بەپێی بۆچوونی خۆی لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە، تایبەتمەندییەکی تر، کە لە زمانپژانی منداڵدا بەدی دەکرێت، پێی دەگوترێت(زێدە گشتگیرکردن)، بۆنمونە منداڵ وشەی/ئاو/بۆ ئاماژەکردن بە شلەیەکە، کە بەڕاستی واپێدەگوترێت فێردەبێت، بەڵام دواتر بۆ ناوهێنانی هەرجۆرە شلەمەنییەکیتر بەکاریدەهێنێت، کە بەلای ئەوەوە لە ئاو دەچێت، تەنها کاتێك ناوە تایبەتییەکان فێردەبێت، کە بتوانێت جیاوازی بکات لە نێوانیاندا[٤٣].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زمانفێربوونی منداڵ و زمانی مرۆڤە پێگەیشتووەکان ئەوەیە، کە هەمیشە ژمارەی ئەو وشانەی، بەکاریدەهێنێت لەژمارەی ئەو وشانە کەمترە، کە تێیاندەگات، ئەو کۆمەڵە وشەیەی، کە منداڵ یان مرۆڤەپێگەیشتووەکان بەکاریدەهێنن بە(فەرهەنگی کارا)و، ئەو کۆمەڵە وشەیەی، کە تێیدەگەن بە(فەرهەنگی ناکارا)ناودەبرێت. وشە کاراکان هەمیشە بنەڕەتێکن بۆ وشە ناکاراکان، بۆنمونە ڕەنگە ئێوە وشەی/پشتئەستوور/هیچ بەکارنەهێنن، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەو وشەیە بەکاربهێنێت واتاکەی دەزانیت، بەم شێوەیە ئەم وشەیە بە بەشێك لە فەرهەنگی ناکارای ئێوە هەژماردەکرێت[٤٤].

---

[٤١] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٦: ٥).

[٤٢] محەمەد ڕزا باتنی، (٢٠١٥ :٧ –٦١).

[٤٣] Gardner, A.and B.Gardner, (1974:9) لەمحەمەد ڕەزا باتنی، (٢٠١٥: ٤٢) وەرگیراوە.

[٤٤] Roger Brown, (1976) لەمحەمەد ڕەزا باتنی(٢٠١٥ : ٤٣) وەرگیراوە.

لەبەر ئەوەی لەپێش وەرگرتنی زمانی یەکەمدا (First Language Acquisition)، منداڵ دنیابینیی و تاکگەرایی خۆی لە پۆلێنکردنی دەوروبەرەکەیدا بەکاردەبات، بۆیە ناونان بەشێك دەبێت لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دەوروبەرەکەی، بۆ ئەوەش پشت بە هەستەوەرەکانی دەبەستێت، واتە لە ڕێگەی ئەوەی خۆی دەیبیستێت، دەیبینێت یان بۆنیدەکات، ناو لە شتەکان دەنێت، نەك بەو شێوەیەی لە زمانی دایکیدا هەن، واتە لە زمانپژانەکەیدا سیمای نەتەوایەتی نیە، تا لە ڕێگای زمان وەرگرتنەوە بەهۆی داتای زمانیی سەرەکییەوە، بۆ نموونە ڕەنگە لە ڕێگەی باکگراوەندی پەیوەندیی گەورەکانەوە، ڕەنگی ڕەش لە/تەختە ڕەش/دا بۆ زمانی منداڵ بگوازرێتەوە، چونکە لە گۆڕینی ڕەنگی ئەو جۆرە تەختەیەدا، منداڵ بە دنیابینیی خۆی بە/تەختە سپیی/ناویدەنێتەوە، هەروەها {برنجی سوور} لای ئەو منداڵانەی نموونەیان لێوەرگیراوە بۆتە{برنجی پرتەقاڵیی}، ڕەنگی برنجەکە بە پرتەقاڵیی دەبینێت، نموونەکانی خوارەوە لە دنیابینیی مناڵەوە وەرگیراون، کە دەربڕینەکەیان لەزمانی دایکیانەوە وەرنەگیراون، با جارێکی تر بڕوانینە نموونەی(٩):-

٩) توتەن = سپلیت (ناوەکە بیستەنییەو لە دەنگی داگیرسانەکەیەوە وەرگیراوە).
برنجی پرتەقاڵیی = برنجی سوور (لە ڕەنگی ئێستای ئەو برنجەوە وەرگیراوە).
جزە = گۆشت (بیستەنییە، لە دەنگەکەیەوە وەرگیراوە).
دیدە = سەیارە (بیستەنییە، لە دەنگەوە وەرگیراوە).
پس= عەتر (بیستەنییە، لە دەنگەوە وەرگیراوە)[٤٥].

سەبارەت بە دنیابینی گەورەکان بەرامبەر بە ناونانی شتەکانی دەوروبەری لە ڕێگەی هەستەکانەوە، واتە مرۆڤە گەورەکانیش بەهەمان شێوەی دنیابینی منداڵ، زۆرجار یەکێك لە سیفات یان نیشانەکانی ئەو شتەی، کە لە جیهانی دەوروبەریدا هەیە، بەریەکێك لە هەستەکانی دەکەوێت و ئیتر شتەکە بەوە دەناسێتەوە و ناوی دەنێت، بۆنمونە ئەو شتانەی لەڕێگەی هەستی بینینەوە ناونراوە ڕەنگی شتەکە نیشانەی دیاریی بووە بەناوی ڕەنگەکەیەوە ناودەبرێت و دەناسرێتەوە، وەکو( ڕەشکە، زەردەواڵە، قەلەڕەش، سورەماسی، .................تاد)، هەروەها هەندێکی تر لە ڕێگەی شێوەکەیانەوە، وەکو( ماسییە پانکە، شێرەبەفرینە، پوشکەبەقن، چاوەپشیلە، گوڵەجەرەس،..............تاد)یان لەڕێگەی هەستی تامکردنەوە مرۆڤ ناو لەشتەکان دەنێت، وەکو(ترشکە، مزرۆکە، مزرەسێو،

[٤٥] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٦: ١١).

شەکرەسێو،.........تاد)، یان لەڕێگەی هەستی بیستنەوە، واتا بیستنی دەنگەکەیەوە، دەنگی شتەکە دەبێتەهۆی ناسینەوەی شتەکەو ناونانی، وەکو(تاقتاقکەرە، کوکوختی، .....تاد)[٤٦].

زمانی مرۆڤ لەهەموو ئاستەکاندا دەربڕی گشتێتییە ، گشتێتیی گرنگە لەهەردوو ئاستی زمانگرتن و زمانپژاندا، زانیارییە وردەکان لەهەردوو ئاستەکەدا لە قۆناغی دواتردادێت، ئەویش بەو مانایەی لەسەرەتادا فێربوون و زمانپژان بەگشتێتییەوە دەبەستێتەوە، خۆ ڕەنگە ئەمە پەیوەیست بێت بە (سیمانتیکی پێکهێنانەوە)، کە لە پاری کۆتایی ئەم بەشەدا بەوردی باسکراوە، تێیدا کارلەسەر بنەمای نیشانەی واتایی دەکرێت ، بەم هۆیەشەوە نیشانەی واتایی لەسەربنەمای کێڵگەی واتایی کارناکات ،بەڵکو لەسەر بنەمای نیشانە واتاییەکان کاردەکات، بڕوانە نمونەی (١٠) :-

١٠) أ.<مێ <
+ژن
+کچ
+پوور
+خاڵۆژن

ب.<ڕۆیشتن<
+فڕۆکە
+سەیارە
+مرۆڤ
+پی

ت.<کوژانەوە<
+ ئاگر
+ گڵۆپ
+ ئامێر

پ.<داگیرسان<
+ئاگر
+سەیارە
+گڵۆپ

ج.<وەستان<
+مرۆڤ
+سەیار
+کەشتی

ئەوچەمکانەی لەنمونەی(١٠)دا هاتوون، هەموویان دەربڕی گشتێتیین، بەواتا بۆ هەریەك لەو وشانەی، کە سەر بەیەك چەمکن دەربڕینێکی تایبەتیمان نییە، بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت چەمکی تایبەتیان بۆ دابڕێژرێت، بۆ ئەوەی ئاسانکاری لەتێگەیشتندا ڕووبدات. هەندێك لە وشەکان وەکو/سەیارە/چەمکی <سلف لێدان <ی بۆ دانراوە و وشەی/کەشتی/چەمکی <لەنگەرگرتن< بۆ وەستانی کەشتییەکە دانراوە. گشتێتیی زۆرجار لەناو زمانێکدا کردەکانی تێگەیشتن لەڕێگەی کۆدەکانەوە بەرجەستەناکات، چونکە بۆنمونە گشتێتیی لەزمانێکدا پەیوەندیی هەمەلایەنی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەدەکات،

[٤٦] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ٤٦).

واته ئاستێکه بۆئەوەی هەموومان وەکو کوردێك له دەربڕاوەکان تێبگەین، تێگەیشتنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە، پێویسته لەڕێی فۆڕمداڕشتنی نوێوه بەرجەستەبکرێت. کردەی لەیەکگەیشتن لەڕێگەی فۆڕمداڕشتنەوه بۆئەوەیە، کەله گشتێتییەوه بەرەو تایبەتێتیی بڕوات و ڕەنگه پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، بەتایبەتی له تابوو و جوانبەخشیندا(له بەشی دووەمدا باسکراوه)، بڕوانه هێڵکاری(٤):-

هێڵکاری (٤):-




بەتێڕوانین له هێڵکاری(٤)، ئەوەڕووندەبێتەوه، که مارکەلێدان/نیشانەکردن، هەنگاونانەله گشتێتییەوه بەرەو تایبەتێتیی، واته چەمکێك له گشتێتییەکەیدا زانیارییەك یان ناوەڕۆکێکی فراوانتر دەگەیەنێت لەوشەکانی خوارخۆی، بەو مانایەی مارکەلێدان کردەی تێگەیشتن زیاد دەکات و بنەمای هاریکاریی لەنێوان قسەکەرو گوێگردا بۆ لێکدانەوەی کۆد دەستەبەر دەکات، هەروەها ئەگەر مارکەلێدان نەبێت پەیوەندییەکان لەگشتێتییدا دەمێننەوه لەلایەکی تریشەوه ئەو زمانانەی وشەی مارکەلێدراویان کەمە، زیاتر پشت به سیستمی دووپەلکی دەبەستن.

پاش لێکدانەوەکەی سەرەوه دەبێت ئەوه بخرێته ڕوو، که بنەمای گشتێتیی و دەربڕینی گشتیی زمان و ناوەڕۆکی فۆرمه زمانییەکان زیاتر دەکات و ئەوەش دەبێته جێگرەوەی فۆرمداڕشتن بۆ واتای نوێ و ئەرك دەخرێته سەر فۆرمه فەرهەنگییەکانی ناو فەرهەنگ، هەروەها لەبەر ئەوەی توانای مرۆڤ بۆ خەزنکردنی کەرەسته دیاریکراوه، بۆیه داڕشتن و نواندنی فەرهەنگیی کەرەستەکان لەگشتێتیدا دەمێننەوه، ئەویش له چەند ڕوانگەیەکەوه دەبێت: (ا) کەرەستەکان خاوەندارییان نییەو نەخراونەته پاڵ کەس و شتەکان (بڕوانەنموونەی(١١-ا)و لەگەڵ(١١-ب)بەراوردی بکه!)، (ب)داڕشتنی کەرەسته فەرهەنگییەکان گشتیی و هایپۆنیمیی دەبن(بڕوانه نموونەی (١٢-ا)و لەگەڵ (١٢-ب)بەراوردی بکه!)، (پ) کەرەسته فەرهەنگییەکان وەك بیچمێك/دەموچاوێك دەرکەون و نواندنی سینتاکسیی و واتایی جیاوازیان هەبێت. (بڕوانه بەشی دووەم و سێیەم).

١١) ا. کوڕ، خانوو، شار، خوێندنگە (گشتیی)

ب. کوڕی نەوزاد، خانووی براکەم، شاری سلێمانیی، خوێندنگەی سیروان (گشتیی بۆ تایبەتیی)

١٢) ا. یاریکردن، شوکردن، وازهێنان(گشتیی)

ب. یاری بە تۆپ کرد، شوی بە ئازاد کرد، وازی لە قومار هێنا. (لە گشتێتییەوە بۆ تایبەتێتیی)[٤٧].

## (١-٢-١) سیمانتیکی پێکهێنان

لەم پارەدا، بەناوی>>سیمانتیکی پێکهێنانەوە << یان >>سیمانتیکی نیشانەوە <<، واتا بۆ ئاستی وشە پێشکەشدەکرێت. لەڕێیەوە، لەگەڵ هەندێك ئەرکی سیمانتیکی دیکەو دیارییکردنی سنورەکاندا، ئەوە ڕاڤەدەکرێت، تیۆرییەکە چی لەباردایە بیکات؟ یان توانای پەیوەست بەو ئەرکەوە چییە، کەئاماژەی پێدرا؟ بە چەند چەشنێکی جۆراوجۆری پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوان واتاکانی دەربڕینە زمانییەکان ئاشنابووین؟ لەتەکیدا چەندین فۆڕمی جیاوازی لەیەك–نزدیکیی و لەیەکچوونی واتایی مامەڵیان لەگەڵدا کرا، کە دەگوترێت(أ)لە (ب)دەچێت، دەتوانین وەك گشتێك(هەمەکی)بیبینین و لێیبگەین، بەڵام لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا مەیلەکە بەوشێوەیەیە، کە چەمکی لێکچوونەکە وەك لەیەکچوونیی کەمەکیی، جیاوازی کەمەکیی تێیدەگەین، کاتێك دەگوترێت>خوشکەکەم لە خوشکەکەت دەچێت<، ئەوە دەگوترێت، کە دەمی لەدەمی دەچێت و چاوی لە چاویی و....تاد، بەڵام برۆی/قژیان جیاوازن، لە سیمانتیکی دروستەکاریی/ڕۆنانکارییشدا، بۆ پەیوەندییە واتاییەکانی لەیەکچوون هەمان جۆرە، زمانەوان بەدوای لەیەکچوونێکی کەمەکیی و جیاوازییەکی کەمەکیی واتادا دەگەڕێن[٤٨].

نیشانە سیمانتیکییەکان پێکهێنەری بنەڕەتی یاسا سیمانتیکییەکانن، نیشانە سیمانتیکییەکان (توخم، مرۆڤ، گیانلەبەر، بزواو، .....تاد) دەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك لەیەکێك یان زیاتر لە نیشانە سیمانتیکییەکانیاندا هاوبەشبن، وەك(/مەڕ/، /شەمشەمەکوێرە/، /دۆلفین/)، کە نیشانەی سیمانتیکیی [+مێ، +شیردەر...]یان هەیە، هەرچەندە [–مرۆڤ]ن، ئەم نیشانانە سیمای واتای بنەڕەتی بوار یان کەتیگۆرییە واتاییەکان پێکدەهێنن، بەواتایەکی تر دروستەی کەتیگۆرییە واتاییەکان پێکدەهێنن و بوارە سیمانتیکییەکان لەنیشانە سیمانتیکییەکان بەرهەمهێنراون، نیشانەی سیمانتیکی ڕێنوێنکەرمانە بۆ نواندن و پەسنکردنی(تایبەتمەندیی، پەیوەندی حاڵەت، کردە)ی وشەیەك، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە نیشانەی سیمانتیکیی بە ئارگۆمێنت داواکەری سیمانتیکی چوێنراوە.

---

[٤٧] گەر وشەیەك سەبارەت وشەکانی خوار خۆی، گشت ناوەرۆك و واتای فۆرمێك بگەیەنێت، ئەوا مارکەلێنەدراوە، بەڵام دەشێت ئەوانەی خوار خۆی مارکەلێدراو بن (marked) بڕوانە (Palmer ١٩٧٦ :٨٠) بۆ نموونە وشەی(کەو) مارکەلێنەدراوە، بەڵام هەریەك لە (ماکەو)و (نێرەکەو) مارکە لێدراون. بشڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ١٠٤).

[٤٨] محەمەد مەحوی، بەرگی دووەم (٢٠٠٩ : ١٥١).

بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سیمانتیکیی وشەیەك و بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی، پێویستە ئەو وشەیە بۆ ئەو یەکە پێکهێنەرانەی دروستەی پێکهاتەی سیمانتیکی بەرهەمدێنن، شیبکەینەوە[٤٩]. سیمانتیکی پێکهێنان وەك یەکەیەکی نائەتۆمی لە پێکهاتە سیمانتیکییەکان دەکۆڵێتەوە، کە واتای فۆڕمێك بۆ چەند سێمایەك دابەش دەکات، یان کار بەو بۆچوونە دەکات، کە واتای فۆڕمێکی زمانی، بۆ چەند نیشانەیەکی واتایی دەگەڕێننەوە، بۆیە ئەم بۆچوونە بەڕوانگەی(سیمانتیکی نیشانە)یش ناسراوە،بڕوانە (١–٢–٤).

سیمانتیکی پێکهێنان بۆ زۆربەی لێکۆڵەرەکان لە بەرجەستەکردنی جیاوازی و لێکچوونی بەشەکییانەی فۆڕمە واتاییەکاندا، تیۆرییەکی بنەڕەتییە، بۆ نمونە هەریەك لە فۆڕمەکانی(ژن، کچ، دایك، پوور، خاڵۆژن، ئامۆژن، باوەژن، ......)بەهۆی نیشانەی واتایی[+مێ]لێکچونێکی بەشەکی لەنێوان فۆڕمەکاندا پێکهێناوە، هەریەکێکیش لەوفۆڕمانە، بەهۆی هێشووەسێمەکانەوە لێکدەچن[٥٠]. بۆبەردەوامبوون لەسەر تەواوکردنی تیۆرییەکە، دەگەڕێینەوە سەر لەیەکچوونە واتاییەکانی پەیوەندییە سیمانتیکییەکان، بڕوانە نمونەی(١٣):–

١٣) /جۆگەلە، جۆگە، چەم، ڕووبار، دەریا، زەریا......./.

سیمانتیکی سێم SEM

{"جۆگە"، "ڕووبار" ، .....} <–> {"چەم"، "دەریا"، ......}

[+/– ڕۆیشتن ]

{"جۆگە"، " چەم "،.....} <–> {" ڕووبار"،"دەریا "، .....}

[ +/- گەورە ]

{"ڕووبار"، ....}<–> {"کەناڵ" .....}

[ +/– سروشتیی ]

لەڕێی ئەم بەرامبەریەك دانانەوە ئەوەمان دەستدەکەوێت، کە لە تیۆرییەکەدا بە"SEM" یان << نیشانە سیمانتیکییە جیاکەرەوەکان "Semantic Distinctive Feature" << ناسراون، وەك بۆ نمونە، [+/– گەورە]، [ +/– ڕۆیشتن ](ڕۆیشتنی ئاو/جەرەیان) و [+/– سروشتیی ]. لە کۆمەڵێکدا هێندە دەربڕینیی، لەڕووی سیمانتیکییەوە لەیەکچووە، بەرامبەر بەیەك دەیانهێنینەوە تا گشت نیشانە جیاکەرەوە سیمانتیکییەکان بەدەستدەخرێن و ڕووندەبنەوە، بەواتا تاگشت نیشانەکانی، کەبەیارمەتییان کەرەستەکانی کۆمەڵەکە خۆیان لەیەکتریی جیادەکەنەوە، دەستدەکەون. با وای دابنێین، کە شا–وشەی

---

[٤٩] شیلان عومەر حسەین، (٢٠١١، ٥٤).

[٥٠] محەمەد مەجید سەعید، ( ٢٠١٥: ٦٨).

وشەکای/چەم و ڕووبارو...../دەربڕاوی"ئاوی سروشتیی"ە، کەواتا نیشانەی [+ سروشتیی]زیادەیەو بۆ بەرچاوڕوونی دانراوە...،کە شا–وشەکەخۆی[+ ئاوی سروشتیی ] بێت[٥١].

نیشانەی واتایی، ئەو سێمێم و نیشانانەن، کە واتای دەربڕاوە زمانییەکانیان پێ شیدەکرێتەوە، یاخود ئەو بنەمایانەن، کە وشەو لێکسێمەکانیان پێ پۆلێندەکرێت، زاناکانیش بەڕێگایەکی شیکردنەوەی واتایی وشەیان داناوە، کە گیروگرفتی کەمەو توشی تەمومژی واتاییمان ناکات( بۆشیکردنەوەی واتای وشە سێ ڕێگە دەستنیشانکراوە، زانایان لەسەر دووڕێگە کۆکن[٥٢]، کە گیروگرفتی کەمەو توشی تەمومژی واتاییان ناکات، ئەویش ڕێگەی بواری واتایی و شیکردنەوەی وشەیە بۆ سێما جیاکەرەوەکان).

## (١-٢-٢) نیشانە واتاییە جیهانییەکان

دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی، کە لەهەموو زمانەکانی جیهاندا هەبن، کارێکی دژوارو گرانە و پێویستیی بە توێژینەوەی ئەکادیمیی فراوان هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا سەرتوێیەکی باسەکە دەخەینە ڕوو، هەرچەندە مەجید ماشتە (٢٠٠٩: ٩٨)دەڵێت: "ناتوانین لیستێك یاخود ژمارەیەك نیشانەی واتایی جیابکەینەوەو بڵێین ئەمانە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەن "، بەڵام دەتوانین چەند بنەمایەك دابنێین، یاخود بەچەند پێوەرێك هەندێك نیشانەی جیهانی دەستنیشان بکەین:–

١– (أ)دابەشکردنەسەرەتاییەکان/گشتییەکان: مەبەست لەونیشانانەیە، کە دابەشکردنە یەکهەمەکانیان لەنێوان دوو وشە یاخود دوو کەرەستەی بەرامبەردا پێدەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر کەرەستەکانی سروشت دابەش بکەین، ئەوا لە دابەشکردنی یەکهەمدا بەسەر[+ گیاندار ] و[– گیاندار]دا، دابەشیان دەکەین ،لەدابەشکردنەکانی دووهەمدا بەسەر[+مرۆڤ] و[– مرۆڤ]دا دابەشیاندەکەین، ئەمەش لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا وایە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەم نیشانە واتاییانە جیهانین.

٢– (ب)چەمکی گشتی/بنەڕەتیی: مەبەست لە چەمکی گشتی، ئەو نیشانە واتاییانەن، کە چەمکێکی گشتی یاخود چەمکی بنەڕەتیی وشەکانن، لە دیاریکردنی واتاکاندا، کە زۆرجار واتای هۆشەکی پێکدەهێنن ودەتوانیین وەکو نیشانەی واتایی جیهانیی دایان بنێین، بۆنمونە بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی ئەو وشانەی بۆ چەشن و جۆری مرۆڤەکان دەستنیشان دەکرێن، هەندێکیان گشتیین ولە زۆربەی یان هەموو زمانەکاندا هەمان نیشانەی واتایین، کە بریتیین لە [+/– نێر] و [+/– هەراش ]، واتا بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی وشەکانی(/ پیاو /، / ژن/،

---

[٥١] محەمەد مەحوی، بەرگی دووەم، (٢٠٠٩ : ١٥٣).

[٥٢] سازان ڕەزا، ( ٢٠٠٥: ٣٥).

/کوڕ/، / کچ /، /منداڵ /، /لاو/، /مێردمنداڵ/، /کامڵ/،....)، ئەو نیشانانە لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تری تایبەت بە زمانە جیاوازەکان دەبنە پێوەر[٥٣].

## (١-٢-٣) نیشانە واتاییە تایبەتییەکان

مەبەست لەونیشانە واتاییانەیە، کە لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ هەندێك وشە دادەنرێن و مەرج نییە لە زمانێکی تردا هەبن، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی دابونەریت وکلتوری ئاخێوەرانی و بەپێی ئەو واتا بابەتی و لاوەکییانەی، کە وشەو کەرەستەکان دەیگەیەنن، بەرامبەر بەو وشەو کەرەستانە دادەنرێن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەم دوو هۆکارەوە هەڵدەبژێردرێن و دەستنیشان دەکرێن:

ا- هۆکاری کەلتووری و دابونەرێتە کۆمەڵایەتییەکان: بۆ نمونە، ئەگەر لە زمانی کوردییدا بەرامبەر بە >پیاو< [+هێز، - منداڵ بەخێوکردن]، بەرامبەر بە>ژن< [- هێز، +منداڵ بەخێوکردن] بەکاربهێنین، دەبینین نیشانەواتاییەکانی[±هێز]و [± منداڵ بەخێوکردن]، بەهۆی کەلتورو دابونەریتە کوردییەکانەوەیەو مەرج نییە هەمان دابەشکردن هەبێت، ئەمەش بەگوێرەی سەردەم و شوێن دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر لەسەردەمێکدا ئافرەتی کورد نەچوبێتە بەر خوێندن و خوێندەوارییان نەبوبێت یا بەدەگمەن ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسابێت، یاخود لە هێزو لەشکرەکاندا بەشدارییان نەکردبێت، ئەوا لەئەمڕۆدا ئافرەتی کورد لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و ئیدارەدان و لە هێزی سەربازیشدا بەشدارن، ئەمە جگەلەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان ئەم نیشانە واتاییانەی، کە دەربڕی واتای بابەتی و لاوەکین، جیاوازن[٥٤].

ب- پۆلێنکردنی کەرەستەکان و دیاریکردنی سنوری واتاییان: هەر زمانەو بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی، کەرەستەکانی دەوروبەری پۆلێندەکات، ئەمەش وادەکات زۆرجار سنوری واتایی کەرەستەکان جیاوازییان هەبێت، بۆ نمونە لە ئەسکیمۆ چەندین وشە بەرامبەر بەفر و جۆرەکانی بەفر دانراون، کە لە زمانی فەڕەنسیدا وانییە[٥٥]، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە سنووری واتایی وشەی /بەفر/لە زمانی فەڕنسیدا فراوانترە، لە سنوری واتایی هەریەکە لەو وشانەی، کە بەرامبەر بە چەشن و جۆرەکانی بەفر دانراون لە ئەسکیمۆ، یاخود لە زمانی( بۆنی)دا ئەو وشەیەی، کە وەردەگێڕدرێت بۆ/مام/، هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە باوکەوە خزمن، لە بەرامبەریشدا ئەو وشەیەی، کە وەردەگێڕدرێت

---

[٥٣] فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٢).

[٥٤] جۆنلاینز، و/ مجید ماشطة، (١٩٨٠: ٥٤) لە فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠: ٤٣) وەرگیراوە.

[٥٥] کلۆدجێرمان و ریمۆلۆبلان، ( ٢٠٠٦: ٢٣).

بەرامبەر بە/ خاڵ /هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە دایکەوە خزمن[٥٦]، کەواتە لە زمانی( بۆنی )دا سنوری واتایی وشەکانی( /مام /، /خاڵ/) زۆر فراوانترن لە وشەکانی/مام/و /خاڵ/لە زمانی کوردییدا[٥٧]، بەڵام لە بەراورد کردنی زمانی ئینگلیزی و کوردییدا دەبینین ، هەندێك تایبەتمەندی واتایی لە زمانی کوردییدا وشەی تایبەتیان بۆدانراوەو لەدابڕکردنی واتاییدا گرنگیان پێدراوەو لەزمانی ئینگلیزیدا جیانەکراوەتەوە وگرنگیان پێنەدراوە، وەك لەئینگلیزیدا بۆهەرکام لەم کەسانە(ئامۆژن/مامۆژن، خالۆژن، پور/پلك) تەنیا یەك وشەی/aunt/یان هەیە، ئەمە دەریدەخات ئەم سیمایانە لەدابەشکردنی واتایی بواری خزمایەتیدا لەکوردییدا بەگرنگ وەرگیراون، بۆیە وشەی زیاتریان بۆ تەرخانکراوە[٥٨].

(کاتزو فۆدۆر) بۆ شیکردنەوەی وشەو واتاکەی سێ توخمی سەرەکییان دەستنیشانکردووە:-

١- سیمای واتایی (Semantic Marker): ئەم نیشانە واتاییە بۆ هەر پێکهاتەیەکی زمانیی واتایی گشتیی پێکهاتەکە دەستنیشان دەکات، ئەمەش لەواتا تاکەکانی ئەو مۆرفیمانەوە دەستپێدەکات، کە لێیپێکدێت و بەپێی ئەو ڕێگەیەی لەگەڵ مۆرفیمەکاندا ڕێکدەکەوێت، هەروەها دەکرێت بەهۆی ئەو نیشانە واتاییەوە، جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان دیاری بکەین، وەك(کچ-کوڕ)و (ژن-پیاو)، سیمای جیاکەرەوەی هەردوو وشەکە بە[+ نێر] و [+ مێ] جیادەکەینەوە، >کچ< هەڵگری چەند سیمایەکی تایبەتییە، وەك[ +مرۆڤ، +زیندووە، +مێیە، +هەراش ]ە، ئەم سیمایانەش لە>کوڕ<دا کۆدەبنەوە تەنیا لە[ +مێ]دا جیاوازن، هەر ئەو سیمایەش لەگەڵ > ژن< و >پیاو <دا هاتوون، تەنیا (ژن)مێیەو (پیاو )نێرە، هەروەها جیاوازی >ژن< لەگەڵ >کچ < دا یان >پیاو< لەگەڵ >کوڕ< دا، ئەوەیە(ژن و پیاو )هەراشن[٥٩]، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، دەکرێت بڵێین ئەم دوو واتاناسە کارەکانیان لەسەر بنەمای لێڵی و شیکردنەوەی واتاکان بنیاد ناوە، چونکە لایان وایە"واتا جیاجیاکانی وشەیەك لەڕێگەی سیما واتاییەکانەوە دەستنیشان دەکرێت، بە هەماهەنگی نێوانیان لەلایەکی ترەوە کۆتایی دێت"[٦٠].

(جۆن لاینز) لەکاتی خستنەڕووی سیماواتاییەکان و شێوەی سیماکاندا(کاتز وفۆدۆر )بە ناواقعی دەزانێت، چونکە پێی وایە هەڵبژاردنی هەریەك لەم سیمایانە وەك سیمایەکی زاڵ لەڕێگەی هۆکاری نیشانەکردنەوە چەند ئاریشەیەك دەنێتەوە، لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو سیمایە نیشانەی(+)و(-) هەردوو سیماکە دەردەکەوێت، بەڵام (جۆن لاینز)دەڵێت: "دەبێت لەنێوان ئەم جووتەوشانەی، کە

---

[٥٦] مجيد ماشطة، (٢٠٠٩: ٩٨) لە فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٣) وەرگیراوە.

[٥٧] فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠: ٤٣).

[٥٨] ڕەحیم قادر سورخی، (٢٠١٣ : ١٩).

[٥٩] جۆنلاینز، (١٩٨٠: ١١٤) لە پەروین عوسمان عەللاف،( ٢٠٠٩: ٧٧) وەرگیراوە.

[٦٠] کۆرشی سەفەوی، (٢٠٠٦: ٣١) لە پەروین عوسمان عەللاف،( ٢٠٠٩: ٧٧) وەرگیراوە.

نێرەکەیان نیشانە نەکراوە سود لەنیشانەی [+نێر] وەربگیرێت، سیمای [–نێر ] لەهەموو شێوەکانی تری سیمای [+ مێ]دا وەربگرێت،بۆ نمونە: <پارێزگاری شارەکە زەوی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکرد> <پارێزگار> سیماواتاییەکەی دەستنیشان نەکراوە، دەکرێت [+نێر]ی بۆ دابنرێت یان لەهەمووشێوەکانی تردا [+مێ]ی بۆ دابنرێت، کەواتە هەندێك وشە هەن لەبنەڕەتدا لەڕووی ڕەگەزەوە دوولایەنن، بەڵام دووبارە بوونەوەیان لەهزری قسەکەردا جۆرێك لەزانیاریی پێشینەیان لادروستبووە، بۆنمونە زۆر ناوی پیشە هەن سیمای واتاییان دیاری نەکراوە [+نێر] یان [+مێ]یە وەك، <مامۆستا>، <خوێنەر>، <دادوەر>، < فەرمانبەر>....)لە زمانی کوردییدا[٦١].(بڕوانە پاری کۆتایی بەشی دووەم).

٢– نیشانەی ڕێزمانی (Grammatical Marker): ئەم نیشانە ڕێزمانییە، ئەرك جیاکردنەوەی واتاکانی وشەیەك دەگرێتەخۆ، لەم بۆچونەدا(کاتز و فۆدۆر)ئەوەندە گرنگیان بەنیشانە واتاییەکان نەداوەو بەتوخمێکی بنچینەییان دانەناون، چونکە لەشیکردنەوەی واتایی وشەیەکدا جارێك بە(فرمان)و جارێکی تریش بە(ناو)شیدەکرێنەوە.

٣– سیمای جیاکەرەوە(Distinguisher Marker): جیاکەرەوە ئەرکی جیاکردنەوە دەبینێت، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی دژواتایی نێوان یەکەکانی واتایی نێوان دوو وشە ئەنجام دەدرێت.

هەروەها ئەم بۆچوونە وشەکانی زمان لەسەر بنەمای سێ ئاستی پلەدار شیدەکاتەوە:

أ– شیکردنەوەی وشەکان بەپێی بوارە واتاییەکان و دیارخستنی ئەو جۆرە پێوەندییە، کە بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە.

ب–شیکردنەوەی واتای وشە(فرەواتا و هاودەنگەکان)بۆ پێکهێنەرەکانیان، وەك:

/شیر/ (١) = [± سپی، +تیژ، +ڕەق، +چەك] ( شمشێر).

/شیر/ (٢) = [+سپی، +شلە، +تام] ( شیری خواردنەوە ).

ت– شیکردنەوەی واتای تاکە وشە بۆ پێکهێنەرە جیاوازەکانی، وەك:

/کچ / [+مرۆڤ، +هەراش، +مێ، –شوکردن ].

هەروەها بەپێی ئەم تیۆرە لە زۆربەی زمانانی جیهاندا بەیارمەتی نیشانەواتاییەکان وشەکان شیدەکرێنەوە، بەڵام پێکهاتەی واتایی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تردا جیاوازە لەوەرگێڕاندا دەکرێت واتایی وشەکان بەپێی ئەم تیۆرە شیبکرێنەوە، ئینجا لەزمانەکەوە بۆ زمانێکیی تر وەربگێڕدرێت، چونکە ئەم تیۆرە گشتییەو لەسەر بنەمای شیکردنەوەی سیماواتاییەکان وشە شیدەکاتەوە، کەواتە سیماواتاییەکان

[٦١] جۆنلاینز، (١٩٨٧: ٣٥) لە پەروین عوسمان عەللاف،( ٢٠٠٩: ٧٨) وەرگیراوە.

پێکهاتەیەکی تیۆریین و بەشێکن لەتیۆرەکانی واتا، ئەمەش بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر زمانەکاندادێت ناگۆڕێت، بەڵکو زیاتر بەهۆی نیشانەکانەوە پەیوەست دەبن[٦٢].

یەکێك لەکەموکورتییەکانی نیشانەی واتایی لەزمانی کوردییدا ئەوەیە، کە نرخ جیاناکاتەوە، بۆ نمونە نرخی کەس لەگەڵ گیاندارەکانی تردا، کە [−مرۆڤ]ن، بۆنمونە هەر گیاندارێك [± مرۆڤ]بێت تەنها هەڵگری نیشانەی واتایی [+نێر] بێت، ئەوا لەچوارچێوەیەکدا کۆیاندەکاتەوە، وەکو(/ کوڕ/، /باوك/، /باپیر/، /ئەسپ/، / کەڵەشێر/، /بەران/....تاد)، هەروەها بۆ ئەو وشانەی، کە [+ مێ]ن، وەکو( /کچ/،/ ژن/، /دایك/، /مریشك /، /ماین/، .....تاد)[٦٣]، هەروەها هەموو ئەو سیستەمە پەیوەندیدارانەی، کە پەیوەستن بەیەکەوە دەشێت لەگوزەرگای بەکارهێنانی کۆمەڵێکی بچووکی(ئەدگارە واتاییەکان)ەوە بونیاد بنرێن، بۆنمونە ئادگارەکانی وەکو>باڵغ<، >ناباڵغ<یش بەهەمان شێوەی>نێر<، >مێ<نرخی تێدا جیاناکرێتەوە، دەکرێت بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت، بڕوانە نمونەی(١٤):−

١٤)− /پیاو/: (باڵغ، نێر)
− /ئافرەت/: (باڵغ، مێ)
− /کوڕ/: (ناباڵغ، نێر)
− /کچ/: (ناباڵغ، مێ)

دەتوانین هەمان ئەو ئەدگارانە لەجیهانی ئاژەڵدا بەکاربهێنین[٦٤]، هەروەك لەنەخشەی ژمارە(١):− دیارە:−

نەخشەیژمارە(١):−

| ژ | نێر | مێ | ناباڵغ |
|---|---|---|---|
| ١ | گا | مانگا | گۆلك |
| ٢ | بەران | مەڕ | کار |
| ٣ | بەراز | بەرازی مێ | بەچکەی بەراز |
| ٤ | پیاو | ئافرەت | کوڕ/کچ |

ئەوەی لەنەخشەکەدا ئاماژەی پێدراوە ئەوەیە، کە سیمانتیکی پێکهێنان نرخی تێدا جیانابێتەوە، چونکە بەتەنها بوونی یەك نیشانەی هاوبەش لەنێوان وشەکاندا، هەموویان دەخاتە ژێر چەتری

[٦٢] پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، (٢٠٠٩ : ٧٨).

[٦٣] بۆ وەرگرتنی نمونەکان سودم لەهەمان سەرچاوە وەرگرتوە، (٤٣).

[٦٤] سەلام ناوخۆش/نەریمان خۆشناو، (٢٠١٠: ٢٧٣).

ئەونیشانەیەوە، جا ئەگەر مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ، وەك لەنەخشەکەدا دەرکەوتووە ناوی مرۆڤ و ئاژەڵی لەژێر چەمکی>نێر<، >مێ<، >نابالغ<دا بەیەکەوە کۆکردووەتەوە[٦٥].

هەروەها ئەگەر بڕوانینە وشەی /بارین/ کۆمەڵێك وشە کۆدەکاتەوە، کە هەموویان خاوەنی نیشانەی [+بارین]ن، وەکو(/باران/، /بەفر/، /کرێوە/، /تەرزە/، /شلێوە/،/ گلێرە/)، بەڵام ئەم وشانە هەریەکەیان بۆ گەیاندنی حاڵەتێکی جیاوازە و کەش و هەوایەکی جیاواز ڕادەگەیەنێت. ئەگەر هۆیەکانی گواستنەوە بە نمونە بهێنینەوە، وەکو(سەیارە، حافیلە، شاحینە، قیتار، میترۆ، ترام، کەشتی،......تاد)، کۆمەڵێك نیشانەی واتایی کۆیاندەکاتەوە، ئەوانیش [+داگیرساندن، +ڕۆیشتن، +گواستنەوە،... ]ە، بڕوانە(١٥):-

١٥ ) >ڕۆیشتن <

[+جووڵە، +بەرەوپێش، +لەسەرزەوی.....]

لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان هەڵگری نیشانەیەکی واتایی تایبەت بەخۆیانن، کە ئەویش شێوازی ڕۆشتنەکەیانە، ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان نیشانەواتاییەکانی(پاس) و (ترام )دا ،کە هەردوکیان یەك کاریان هەیە، ئەویش [+گواستنەوە]یە، بەڵام نیشانەی جیاوازیان هەیە، وەکو/پاس/ [+ڕۆشتن بەڕێگای ئاسایی ]دا، بەڵام/ترام/ [+ڕۆیشتن بەڕێگای کارەبایی]. یان/قیتار/ [+ڕۆشتن بەڕێگای سکە] و/کەشتی/ [ڕۆشتن بەڕێگای ئاوی]دا، هەروەها ئەم یەکانە پێویستیان بەدەرخستنی زیاترە، بۆئەوەی جیاوازییەکانیان دەربکەوێت، بۆنمونە(حافیلە)هەیە تایبەتییەو هەیە گشتییە، ئەوکەسانەی، کە هەڵگری زانیارییەن نابێت(شاحینە)و(حافیلە)تێکەڵ بکەن، چونکە ڕاستە هەردوکیان [+ڕۆیشتن]ن، بەڵام یەکەمیان [+بارهەڵگر، -نەفەرهەڵگر ]ەو، دووەمیان [+نەفەرهەڵگر، - بارهەڵگر]ە، هەروەها>ڕۆشتن< و>چوون<، >کڕین< و>سەندن<، >دەربازبوون< و>ڕزگاربوون<دووهێندەیین لەبەکارهێناندا، بەڵام نیشانەیەکی نادیاری جیاوازیان هەیە لەیەکتر جیایاندەکاتەوە.

ئەم ڕێگایە ئاسانترین ڕێگایە بۆ زانینی واتای شتەکان، تازیاتر وردتر ببیتەوە زیاتر واتاکانیان ڕوون دەبێتەوە، بۆیە بەردەوامبوون لەئەم شیکارییە لەزۆربەی فەرهەنگ(معجم)ە پێشکەوتووەکاندا، زۆر بەجوانی ئەم شیکردنەوەیان کردووەو زاڵبوون بەسەر کەموکورتییەکانی مەنهەجی پێناسەی ناوییدا، ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ڕێگای شیکارییە، بوونی هاوواتای تەواو لەزماندا ڕەتدەکاتەوەو نایهێڵێت، چونکە لەئەنجامی ئەو شیکردنەوە وردەوە خاڵی جیاوازی نێوان وشە هاوواتاکان دەدۆزرێتەوە، بۆنمونە وشەکانی /ئازار/، / ژان/هەردووکیان هاوواتای یەکترن، بەڵام لەبەرئەوەی هەریەکەیان نیشانەیەکیی واتایی تایبەت

[٦٥] بشڕوانە: پەروین عوسمان عەللاف، (٢٠٠٩: ٤٣).

بەخۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەریەکەیان ئارگۆمێنت داواکەری تایبەت بەخۆی هەیە، ناتوانیین لەجێگای یەکتر دایان بنێین، بڕانە نمونەی(١٦):–

١٦) أ. دانم ئازاری هەیە .          * دانم ژانی هەیە .

ب. ژنەکە ژان دەیگرێ.          * ژنەکە ئازار دەیگرێت .

وەك لەنمونەی (١٦)دا دەرکەوتووە، وشەکان لەبەکارهێناندا واتاکەیان ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێت، کە هاوواتای یەکترنین، چونکە ناتوانرێت لەجێگەی یەکتردا بەکاربهێنرێن، کەواتە بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان نیشانەی واتایی جیاوازیان هەیە، ئەگەر هاتوو خوێندکارێك توانی دووجۆر شلە لەیەکتر جیابکاتەوە، ئەوە لەڕێگای شیکردنەوەی پێکهاتەیی کیمیاییەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات ، گومانی تێدانییە، کە سیمانتیکیی پێکهێنان جیاوازیی نێوان دوو وشەدەردەخات، کە زۆربەی نیشانە واتاییەکانیان لەیەکدەچێت، دەکرێت تەنها یەك نیشانە جیایان بکاتەوە لەیەکتر، بۆنمونە لەزمانی عەرەبیدا وشەیان هەیە بەرامبەر(ئاسکی سپی)/ ریم/ی پێدەڵێن و(ئاسکی بۆر )/ضبي/ی پێدەوترێت، بڕوانە نمونەی(١٧):–

| ١٧)أ. /ریم/ (ئاسکی سپی) | ب. /ضبي/ (ئاسکی بۆر) |
|---|---|
| + گیاندار | +گیاندا |
| +ئاژەڵ | +ئاژەڵ |
| +سپیی | – سپی |
| +مەمکدار | + مەمکدار |
| +شاخدار | +شاخدار |
| +گەورە | +گەورە |

کەواتە نمونەی(١٧/أ،ب)هەردووکیان هەر ئاسکن، هەموو نیشانەیەکی واتاییان وەکویەکە، تەنها لەڕێگای ڕەنگەکانیانەوە جیادەکرێنەوە، هەرچۆنێك بێت واتاکان هەرگیز تەنها بەدەرکەوتنی وشەکان دیاریناکرێت، بەڵکو ئاوەڵکردارەکان و دەوروبەری بەکارهێنان دیارییان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا( E.A.Nida)پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە"دەستبکەن بەگرنگیدان بەشیکاری وشەکان بۆگەڕانەوە بۆ پێکهاتەی بنەڕەتییان"، بەو شێوە شیکارییەی سەرەوە دەتوانین جیاوازی بکەین لەنێوان کۆمەڵێك

وشەی هاوواتاو ئەو وشانەی، کە ڕوخساریان لەیەکدەچێت یان یەك بیچمیان هەیە[٦٦]. بڕوانە(بەشی دووەم/دووهێندەیی کردنی فۆرمیی).

Nida(1975:131)دەڵێت: "ئەگەر هەموو یونڤێرس شین بێت، ئەوا هیچ شینییەك بوونی نییە تاڕەنگێکی تر نەبێت دژبە شینەکە، هەمان شتیش بۆ واتاکانی وشە ڕاستە، ئەوان واتایان هەیە تەنها لەڕووی دژبەیەکییەکی گونجاو لەگەڵ وشەکانی تردا، کە پێکهاتە دیاریکراوەکانی هاوبەشن لەگەڵیاندا، بەڵام لەڕووی پێکهاتەکانی ترەوە جیاوازدەبن لەگەڵ یەکدا ".

Jackson (1996:83)، Nida Dan(1975:32)جۆری پێکهاتەکانیان کردووەتە دوو بەشەوە:-

١- پێکهاتە هاوبەشەکان:-

پێکهاتەیەکی ناوەندییە، کەبەشداری هاوبەشی پێکراوە لەلایەن هەموو لێکسیمەکانەوە لەهەمان کێڵگەی واتایی یان لێکسیکاڵیی.

٢- پێکهاتە جیاوازەکان:-

ئەو پێکهاتە واتاییانە دەگرێتەوە، کە لە دوو وشەی وەکویەکدا هەن، دەبنە هۆی جیاکردنەوەی واتای ئەو دوو وشەیە لەیەکتر، نمونەیەکی زۆر ئاسان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دوو جۆرەی پێکهاتەی واتایی، کۆمەڵێك وشەمان هەیە(/پیاو/، /ئافرەت/، /کوڕ/، /کچ/) ئەم وشانە هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ کەتیگۆریی ناو، پەیوەندیی نێوانیان لەخشتەی ژمارە(٢)دا ڕوونکراوەتەوە:-

خشتەی ژمارە(٢):-

| پێکهاتەکان | پیاو | ئافرەت | کوڕ | کچ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| مرۆڤایەتی | + | + | + | + |
| گەنج | + | + | – | – |
| نێر | + | – | + | – |

لە پێکهاتەی واتایی ئەو وشانەدا [+ مرۆڤایەتی ] پێکهاتەیەکی هاوبەشە، وشەکان جیادەکرێنەوە بەهۆی پێکهاتەکانی تری وەکو(<گەنج>، <نێر >، <مێ >) وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز، واتای هەریەك لەم وشانە لەوانەیە دەربڕێت بەهۆی کۆکردنەوەی ئەم پێکهاتانەوە، زۆر گرنگە بڕوانینە ئەو جیاوازییانەی، کە لەپێکهاتەکاندا هەیە[٦٧].

[٦٦] احمد عزوز، (٢٠٠٢ : ٧٣-٧٧).

[٦٧] http://staff.uny.ac.id/sites/default/files/compential%20analysis%20of%20meaning.pdf

## (٤-٢-١) شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی وشە

لەسەر ئەو بنەمایە دروستکراوە، کە واتای وشەیەك لە پێکهاتە سیمانتیکییەکانی پێکدێت، گرنگترین پێکهاتەکانی، کە واتا دروستدەکەن و یەکەسەرەتاییەکانن لەسەر پلەی سیمانتیکیی بەهۆی شیکاریی پێکهاتەیی وشەوە ڕێی تێدەچێت، کە بچوکترین یەکە جیانەکراوەکان یان یەکە بچوکەکانی لێکسیمەکان بدۆزرێنەوە و بخرێنە ڕوو. شیکاری پێکهاتەیی بەشێوەیەکی تایبەت بەکاردەهێنرێت بۆ جیاکردنەوەی واتاکان لە لێکسیمەکاندا، کە بەشێوەیەکی سیمانتیکیی پەیوەندیدارن بەیەکەوە، زۆرجار دەبینرێت وەکو پرۆسەی شیتەڵکردنەوەی وشەیەك بۆ بچوکترین پێکهاتەی جیاواز، کە جیاوازە لە پێکهاتەکانی تری وشەکە، کە ئاماژەیە بۆ وەسفکردنی واتا لەوشەکاندا بەهۆی چەند دروستکراوێکی پێکهاتەی سیمانتیکیی بۆ پەسنکردنی پێکهاتەی هاوبەش(ئامادە )هەبوو لەوشەیەکدا سیمبوڵی(+)دادەنرێت، هەروەها بۆ پێچەوانەکەشی، واتا پێکهاتەی جیاواز(نائامادە )نەبوو لەوشەکەدا سیمبوڵی(−)دادەنرێت. میتۆدێکی تایبەتە لەدروستەی سیمانتیکییدا، کە شیکاری دروستەی واتایی وشەکە دەکات، هەروەها ئاشکرای دەکات، کە پێکهاتەکلتورییە گرنگەکان، بەوهۆیەوە قسەکەرەکانی ئەوزمانە وشەجیاوازەکان جیادەکەنەوە.

هەندێك پێکهاتەمان هەیە، پێویستن بۆ شیکردنەوەی زاراوەکان ئەوانیش( توخم ) و (نەوە)یە، کە پەیوەندییان بە(خود)ەوە هەیە، بۆنمونە( خوشك و برا)هەمان نەوەن وەکو(خود)لەکاتێکدا(دایك و باوك) بەهەمان شێوە یەك نەوەن لەسەرەوە، کە پێیان دەڵێن نەوەی پێشوو،(کوڕ وکچ )یەك نەوەن لەخوار ئەوانەوە، کە پێیان دەوترێت نەوەی خوارتر.

جەختکردنەوە لەو واتایانەی، کە لەوانەیە ڕاست بن بۆ یەکێك لە زاراوەکان یان چەند دانەیەکیان نەك هەموو زاراوەکان، هەندێك لە واتاکان، کە ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانەن لەنێوان ئاماژەبۆکراوەکاندا، کە پێکدێن لەپێکهاتەی توخمی(مێ) وەکو(دایك، ماموژن، خاڵۆژن، کچ، خوشك، خوشکەزای کچ/کچی خوشك، برازای کچ/کجی برا، ئامۆزای کچ/کچی مام...)لە کاتێکدا ئەوانی تر پێکدێن لەپێکهاتەی توخمی (نێر) وەکو(باوك، مامە، خاڵۆ، کوڕ، برا، برازای کوڕ، خوشکەزای کوڕ، ئامۆزای کوڕ...) زاراوەی(ئامۆزا، برازا ،خوشکەزا، کوڕەزا، کچەزا)ئەمانە پەیوەست بەڕەگەزەوە هەمان فۆرم بۆهەردوو ڕەگەز بەکاردەهێنرێت، دەبێت لێکۆڵینەوە لەیەکەی پێکهاتەیی واتایی ئەو وشانەدا بکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو پێکهاتە جیاوازەی، کە وشەکان جیادەکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی لەفەرهەنگدا بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان فۆرم بۆ واتاو نیشانەجیاوازەکانی چەمك و بیرێکی پێش−فەرهەنگیی دادەڕێژرێت، کە هەم بۆ نیشانە جیهانییەکان و هەم بۆ نیشانەکانی زمانێك فۆرم و بیچم دەبنە پێدەری زانیاریی واتایی، بۆ نموونە پەیوەست بە چەمك و بیریی پێش−

فەرهەنگیی دیاریکردن/ناسراویی بۆ هەرسێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی، بیچم و فۆرمە جیاوازەکانی/–ەکە/، /ال–/و /- The/داڕێژراون. لەناو زمانێکی تایبەتیشدا جیاکەرەوەی واتای زمانیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی بەهۆی فۆرمیی زمانییەوەیە، تا جیاوازیی فۆرمیی هەبێت هاریکاریی زمانیی بۆ تێگەیشتن ئاسانتردەبێت. هەر زمانێکیش دەربڕینی واتایی بەهەمانفۆرم دەربڕێتەوە، ئەوا نواندنیی دەرەکیی فەرهەنگیی چالاکترە، بۆ نموونە لەفەرهەنگیی زمانی کوردییدا لێکسیمی/ژن/تاکە فۆرمێکە بۆ واتای(ژن)بەگشتیی و{ژنی کەسێك} واتە(هاوسەر)و<ژن> بە سیما کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەکاردەهێنرێت، کە پێشبنی دەکرێت لەزمانێکی تردا بەپێی بچووکترین نیشانەی واتایی فۆرمی تر بۆ زانیارییە واتاییەکان دابڕێژرێت، بڕوانە نموونەی(١٨)بۆ کوردیی و ئینگلیزیی:–

١٨) ا. /ژن /(women) نیوەی کۆمەڵە.

ب. /ژن/ی (wife) نەوزاد مامۆستایە.

پ. نەسرین بەڕاستی ژنە.

وشەی/ژن/ لە زمانی کوردییدا واتایەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، کە لە زمانی ئینگلیزیدا نییە[٦٨]. لە ڕاستییدا بنەمای زمانیی سیمانتیکیی پێکهێنان دەرخستنێکی جیاکارییە بەفۆرم دەنوێنرێت و لەهەرچوار کردەی "ناونان"، "سەرلەنوێدارشتنەوە"، "دەرخستن" و "پۆلێنکردن"دا خۆی دەبینێتەوە، واتە نواندنی هەریەك لەواتای زمانیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی لەڕێی یەکێك لەوکردانەوە دەخرێنەڕوو، کە لەڕێی فۆرم و فۆڕمگۆڕینەوە بەرجەستەدەکرێن، بڕوانە هەنگاوەکانی جێبەجێکردن لەبەشی دووەم و سێیەمدا.

[٦٨] https://abudira.files.wordpress.com/2014/05/compential-analysis-of-meaning.pdf

# بەشی دووەم
# نواندنی فۆڕمیی و دەربڕینییەکان

## (١-٢) نواندنی فۆرمیی

لە بەشی یەکەمدا ئەوە خرایە ڕوو، فەرهەنگ نواندنی ناوەکیی و دەرەکیی هەیە، لایەنێکی نواندنە ناوەکییەکەی بریتییە لەداڕشتنی پۆلەڕگەز بۆ چەمك و بیرە پێش–فەرهەنگییەکەی، کە پەیوەست بەسیمانتیکی پێکهێنانەوە فۆڕمداڕشتنە بۆ نیشانەکان، بۆ نموونە یەکێك لەبنەماکانی سیمانتیکی پێکهێنان ناونانە[١]، کە فۆڕمی پۆلەڕەگەزێك هاوشێوەی فۆڕمی پۆلەڕەگەزێکی تر نابێت، مەگەر واتایەکی تر بخرێتە ئەستۆی هەمان فۆرم، بەوەش ($X^n$)ێك لە نواندنە دەرەکییەکەی فەرهەنگدا دوو هێندە دەکرێت بۆ واتای نوێ، مەبەست لە دووهێندەیی کردنی فۆڕمیی ئەوەیە، کە وشەیەك فۆڕمەکەی ببێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی لەزماندا، لەوەشەوە زمان بەکارهێنانەوەو دوو هێندەکردنی وشە فەرهەنگییەکانی دەبێتە جێگرەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان و دەبێتە مۆدێلکی تری فۆڕمداڕشتنی فەرهەرنگیی، بەواتایەکی تر هەریەکە لە( $X^n$ ،$X^v$ ،$X^a$)ەکان خاوەنی فۆڕم و واتایەکیی فەرهەنگیین، کە بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان داڕێژراون، لەناواخنیاندا زانیاریی واتایی یان تێدایە (واتە ئارگۆمێنت)ن، زانیاریی واتاییش دەدەن(پریدیکات)ن، هەریەك لەو واتایانە کۆتوبەندی فەرهەنگیان هەیەو لای ئاخێوەری زمان هەڵگیراون و بەکاریان دەهێنێت، بۆیە ئەو فۆڕمانەی بۆ نیشانەکان داڕێژراون، زانیاریی لەسەر واتاکان دەدەن. وەك لەبەشی یەکەمدا نمونەکان هێنرانەوە، نیشانەی [+مرۆڤ] ناوەکانی( پیاو، ژن، کوڕ، کچ، مناڵ، پوور، خاڵ، .......تاد)یيان بۆ دانراوە، بۆیە فۆڕمەکە یان بیچمەکە زانیاریی لەسەر واتاکە دەدات، بۆیە تێکەڵکردن و بەکارهێنانەوەی فۆڕم، کار لە بنەمای واتایی دەکات.

### (١-١-٢) دووهێندەیی کردن

یەکێك لەپرۆسە باوەکانی مۆرفۆلۆژی دووهێندەییە[٢]، بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو پرۆسەیەکی وشە دروستکردنی مۆرفۆلۆژی لێیدەڕوانرێت، کە تێیدا بەشێکی وشەکە یان هەموو وشەکە دووبارە دەبێتەوە. هەندێکجار لەئەدەبدا چەند ناوێکی تر بەکاردێت لەجێگەی"Reduplication"وەکو "doubling" ,"cloning" "duplication" بەڵام ستانداردترینیان"Reduplication" [٣].

Hall(١٩٦٤ : ١٣٥)دەڵێت: "پرۆسە گرامەرییەکان گۆڕانکاری تەنها لەفۆڕمێك یان زیاتر لەفۆڕمێکدا ڕوودەدات"، جۆری پۆلێنکردنی دووهێندەیی کردن لەئەدەبیاتی زمانە جیاوازەکاندا هەیە، کە(دووهێندەیی کردنی تەواو–full reduplication) و (دووهێندەیی کردنی بەش partial

---

[١] Phill,(1992).

[٢] Martin Haspelmath & Andrea D.Sims, (2011:38).

[٣] Aliraza khanjan, Batool Alinezhad,(2010:168).

(reduplication-)ن، کە بەشێك لەوشەکە یان هەموو وشەکە دووبارە دەبێتەوە، هەردوو جۆرەکە زۆرجار لەهەموو زمانەکاندا کاری پێدەکرێت. کاتامبا (١٩٩٣): "وەکو پرۆسەیەکی ناوازەی مۆرفۆلۆژی لێیدەڕوانێت، هەروەها هەندێکجار پێکهاتەی سیمانتیکیی پشتگیریی دەکات لەو مەبەستە مۆرفۆلۆژییەی، کە بۆدووهێندەیی کردن بێت "[٤].

(MDT) پێشنیازی ئەوە دەکات، کە "دووهێندەیی کردن دوبارەکردنەوەی مۆرفۆلۆژییە بەشێوەیەکی کۆنکریتیی"، zoll(٢٠٠٥: ٦)ڕایدەگەیەنێت: "دووهێندەیی کردن کاتێك ڕوودەدات، کە مۆرفۆلۆژیی داوای دووپێکهاتەبکات لەوەسفێکی سیمانتیکیی دیاریکراودا"[٥]، بەپێی ئەمەبێت دووهێندەیی کردن دووبارە خستنەوەگەڕی یان بەکارهێنانەوەی پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژییە بەمەبەستی بەدەستخستنی واتایەکی نوێ بۆپڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیەی لەفەرهەنگی زماندا هەیە، بەبەکارهێنانەوەی هەمان ئەو وشانەی، کە لەفەرهەنگەکەیدا تۆمارکراون، بۆیە بە دووهێندەیی کردن ناودەبرێت.

دوو هێندەیی کردن وەك پرۆسەیەکی ناوفەرهەنگ بۆ دوو بارەکردنەوەی لێکسێم و وشە فەرهەنگییەکان لەچێوەیەکی دیاریکراو جیرانن؛ واتە لەناو وشەو دەربڕاوەکاندا دووبارەکردنەوەکە ڕوودەدات یان لەناوکۆی فەرهەنگەکەدا وشەیەك نواندنی واتایی تری دەدرێتێ و جیران نین، ئەو وشەیەی بۆدووهێندەیی کردن دەستدەدات واتە کرۆکەواتاکەی بە>دایك< ناسراوەو دوولقی لێدەبێتەوە بەهەریەکەیان دەوترێت>کچ<، ئەم دووخوشکە دایکەکە بەیەکیانەوە دەبەستێت، واتە دەبێتە سپۆنسەر بۆیان، هەریەکە لەو دانە فەرهەنگییانەی، کە دووهێندەیی دەکرێن بۆ گەیاندنی واتاو مەبەستێکی نوێ، پێویست دەکات سپۆنسەرێك هەبێت بۆئەو وشانەی، کە بەکاردەهێنرێنەوە هەرجارێك بەمەبەستی گەیاندنی واتایەك لەکۆی ئەو نیشانە واتاییانەی، کە لەوشە بنەڕەتییەکەدایە، وەك ئەوەی لەبەشی یەکەمدا بۆ فۆڕمی>ژن<خرایەڕوو، هەروەها بڕوانە پارەکانی داهاتووی ئەم بەشە.

## (٢-١-١-١)جۆرەکانی دووهێندەیی کردن

### (٢-١-١-١-١)دووهێندەیی کردنی فۆنۆلۆژیی

دووهێندەیی کردنی فۆنۆلۆژیی، ئەو زنجیرە بزوێن و نەبزوێنانەیە یان ئەو یەکە دەنگیانەیە، کە لەچوارچێوەی فۆڕمێکدا دووبارە دەبنەوەو واتایەکی نوێ بەفۆڕمەکە دەبەخشن، دووهێندەیی کردنی فۆنۆلۆژیی جیاوازە لەجۆرەکانی تری دووهێندەیی، چونکە جۆرەکانی تری دووهێندەیی کردن هەمیشە

---

(٤) http://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=11911

(٥) Haritini kallergi, (2015: 65)

وەکو پێکهاتەیەکی دەنگی ڕوون دەبینرێت، هەموو فۆنیمە دووهێندەییەکان کەتیگۆرییەکی دەنگیمان بۆ دیاریی دەکەن، کە لەوانەیە دەرئەنجامەکەی دووبارەکردنەوەی چاوگەکەبێت، کە ئەویش ڕەنگە لەژێرکاریگەریی مەرجە دەنگییەکەدا بێت. هەمان شتمان هەیە لەگەڵ دووهێندەییدا، کە لەوانەیە بەشە کۆپی کراوەکە فۆرمێکیی دەنگیی بێت زیاتر لەوەی بڕگەیەك بێت.

ئەو دووهێندەییانەی، کەلەسەر بنەمای فۆنۆلۆژی دروستکراون وەکو دەرئەنجامێکی کەمتر یان زیاتری کۆپییەکی تەواوی پێکهاتەدەنگییەکان دەبینرێت، وەکو بڕگەیەکی بەهێز یان وشەیەکی ئاوازەدار[٦]. ئەگەر سەرنج بدەین لەزمانی کوردییدا لەناو خودی بەڵگەیەکدا فۆنێمەکان بۆ گەیاندنی واتای نوێ دووبارەدەکرێنەوە تا فورمێکی نوێ بۆ واتایەکی نوێ دروست بکەن، بڕوانە نمونەی(١٩):–

١٩) أ. /دوربین / /دوور بین/

ب./ کوڕ / / کووڕ/[٧].

پ. /زۆر/ /زۆۆۆر/

ئەوەی لە نمونەی (١٨)دا خراوەتەڕوو، درووستبوونیی دووهێندەییە لەڕێگەی فۆنۆلۆژییەوە، وەك دیارە/دوربین/ناوی ئەو ئامێرەیە شتی دوور نزیك دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی دووبارەکردنەوەی فۆنیمی/–وو–/ەوە واتاکەی گۆڕاوە بۆ(کەسی پێشبینیکەر)، بەهەمان شێوە بۆ وشەی/کوڕ/، کە ناوی نەوەی نێرینەی مرۆڤە، کەچی بەدووبارەبوونەوەی فۆنیمی/–وو–/واتاکەی گۆڕاوە بۆ(پشت چەماوە)، وەك لەنمونەکەدا ڕوونە بەهۆی دووهێندەییی فۆنیمێکەوە، واتای وشەکە گۆڕاوەو واتای نوێی دروستکردووە، بەڵام لەنمونەی (پ)دا بەهۆی دووبارەکردنەوەی فۆنێمەکەوە وشەکە واتای چڕێتی دروستکردووە .

## (٢-١-١-١-٢) دووهێندەیی کردنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی

پاشئەوەی لەپاری پێشوودا دووهێندەیی کردن وەکو ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژیی لەزماندا باسی لێوەکرا، لێرەوە هەوڵدەدرێت پەیوەست بەسیمانتیکی پێکهێنانەوە نواندنیی فەرهەنگیی بخرێتەڕوو، بۆیە جۆرەکانی دووهێندەیی کردن پەسن دەکرێت، کە ڕەنگە جگە لەئەڵتەرناتیڤێکیی مۆرفۆلۆژیانە پەیوەستیش بێت بەمۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە، کە بەو شێوەیەی(Zoll)ئاماژەی پێداوە، واتا

[٦] http://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=11911.

[٧] محەمەدی مەحوی، (٢٠١٠: ٥٨).

دووهێندەیی کردن  بۆ دروستکردنی یەك واتاییە، یەك واتاییش بەمانای ئەوەی فۆڕمێك بکرێت بەدووان بۆئەوەی یەك واتایی پێ بگەیەنرێت، کە بەواتای>دایك <ناسراوە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٥):-

هێڵکاریی(٥):-




أ. $X^n = X^n + X^n$
ب. $x^a = x^a + X^a$

هێڵکارییەکە ئەوە دەخاتە ڕوو، کە چۆن لەڕێی دووبارەکردنەوەی جیرانییەوە واتای نوێ بەرهەمدێت، جگەلەوەش لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە تەرزی دووبارەکردنەوە بۆ گەیاندنی واتا بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە، ئەگەرچی خودی خۆی ناوی"دووبارەکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە- morphological dubling"، بەڵام هەردەبێتە ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییانە، چونکە جێگرەوەی داڕشتنی وشەیە[٨]، کە ئەمە بەچەند جۆرێك لەزمانی کوردییدا دەردەکەوێت، هەریەکە لەوانەش هەر پەیوەست دەبێتەوە بەو هێڵکارییەی سەرەوە، بۆنمونە زۆرجار لەزمانی کوردییدا خودی دووبارەکردنەوە بۆ گەیاندنی نیشانەی چۆنێتی دەبێت، ئەویش بۆ جێگرتنەوەی فۆرمداڕشتنە بۆ نیشانەی[+چۆنێتی ]، بەو جۆرەی لەسیمانتیکی پێکهێناندا ئاماژەی پێدراوە، واتە یەکێك لەڕێگاکانی پۆلەڕەگەز هێنانەوە بۆ نیشانەکان، بەڵام وەك لەنموونەکانی(/خاڵخاڵۆکە/، /جاڵجاڵۆکە/، /حەتحەتۆکە/، /قومقومۆکە/، ....... )دیارە، فۆڕمێکی دووبارەکراوە لەناو یاسایەکی مۆرفۆلۆژیدا شکاوەتەوەو بۆتە بناغەیەك بۆ یاسایەك و بۆ پاشگرێك، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٦):-

هێڵکاریی(٦):-




---

(٨) http://linguistics.berkeley.edu/~inkelas/Papers/StudiesOnRedupInkelas2005.pdf




هەریەکێك لەو وشانەی لەهێڵکاری(٦)دا هاتووە بۆئەوەیە، واتایەکی پێ بگەیەنین بەدووبارەکردنەوەی وشەکەبەپێی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، کە بەدووبارەکردنەوەی لۆکاڵیی یان جیرانیی دادەنرێت، چونکە دووبارە کردنەوەکە لەسنوری وشەکەدایە. ئەوەی باسی لێوەکرا هەر لەچوارچێوەی دووهێندەییە لۆکاڵییەکانن، کە بۆ ڕەخساندنی واتای چۆنێتیە بەجۆرێك، کە وەك باسی لێوەکرا بۆ دروستکردنی بناغەیەك بوو بۆ یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، بەڵام هەر لەو چوارچێوەیەشدا بۆ گەیاندنی واتاو نیشانەی چۆنێتی ڕێگایەکی تری مۆرفۆلۆژییانەمان هەیە، کە لەڕێگای ناوبەندەکانەوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی بناغەیەکەوە وشەی نوێ دروست دەکرێت، وەکو نمونەکانی(/پشتاوپشت/، /شارەو شار/، /کۆڵاوکۆڵ/، /دێبەدێ/، /سەرانسەر/، .......)لە هێڵکاری(٧):-

هێڵکاریی(٧):-




[٩] جێگای باسە، کە جگەلە دووبارەکردنەوە بۆ گەیاندنی چەمکی چۆنێتیی، کە بەواتای ئاوەڵناوی دەگەیەنرێت، یاسای مۆرفۆلۆژیمان بۆ گەیاندنی ئەوچەمکە/نیشانەیە هەیە، بەڵام پەیوەست نییە بەتوێژینەوەکەوە، چونکە ڕێگای مۆرفۆلۆژیانە، کە داڕشتن ولێکدان دەگرێتەوە پەیوەستە بەزۆربەی زمانەکانەوە، وەکو (پیاو-پیاوانە)، تەنها/خاڵ/ واتادارە ئەوانی تر دووبارەکردنەوەی فۆڕم و شکانەوەیان لەیاسایەکی مۆرفۆلۆژیدا واتاداری کردوون.

جگەلەوەی، کە لە هێڵکاریی(٧)دا هاتووە، کە ڕێگایەکی دووبارەکردنەوەی لۆکاڵی بوو بۆ دروستکردنی وشەو گەیاندنی واتای چۆنێتی، بەهۆی سینتاکسیشەوە بەهەمان تەرزی پێشووتر بەرهەمدەهێنرێت، واتا ئەم ڕێگایەش هەر بۆ گەیاندنی واتایی چۆنێتییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادانەیە بەرهەمدارترەو فۆرمی زۆرتری پەیوەست بەچۆنێتییەوە لێدروستدەکرێت[١٠]، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی بۆدروستکردنی فرێزە، کە جێکەوتەی ئاوەڵکردارئاساکان پەیوەست بەچۆنێتییەوە دەیسەپێنن، چونکە لەزمانی کوردییدا ئاوەڵکرداری چۆنێتییمان نییە، بۆیە هاوشێوەی ئەو فۆرمانەی، کە بەئاوەڵناو داڕێژراون، چۆنێتی دەگەیەنن، دەبێت بۆهەمان ئەوجێکەوتەی، کە ئاوەڵکردارییە ئازادانە فۆرم دابڕێژرێت، کە پێشبینی دەکرێت لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە زۆرترین کەرەستەی بکەوێتە بەردەست، وەك نمونەی ژمارە(٢٠):-

٢٠) أ. *ئەوان خوێندکار چوونەژوورەوە .

ب. ئەوان خوێندکار خوێندکار چونە ژوورەوە .

ت. *ئەوان پۆل چوون بۆ قوتابخانە .

پ. ئەوان پۆل پۆل چوون بۆ قوتابخانە .

ئەو نمونانەی لە(٢٠)دا هاتوون، ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە، کە سینتاکسیش ڕێگایەکە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی ئاوەڵکردارو گەیاندنی واتای چۆنێتیی، لەڕێگەی تیۆری دووهێندەیی کردنەوە، لەنمونەی(٢٠-أ)دا وشەی/خوێندکار/ هاتووە، بەتەنها نەیتوانیوە جێکەوتەکە پڕبکاتەوەو واتای چۆنێتی بگەیەنێت، چونکە هەڵگری نیشانەی واتایی[+چۆنێتیی]نییە، بۆیە ڕێگاپێنەدراوە، بەڵام لەڕستەی(٢٠-ب)دا دەربڕاویی /خوێندکارخوێندکار/دووبارەبووەتەوەو جێکەوتەی<ئاوەڵکرداریچۆنێتی>گرتووەو ڕادەی دەستنیشان کردووە، چونکە لێرەدا بەهۆی دووهێندەییەوە توانی ببێتە هەڵگری نیشانەی[+چۆنێتیی]، بەهەمان شێوە لەنمونەی(٢٠-ت)بۆ وشەی/پۆل/، کە جێکەوتەی<ئاوەڵکردار>ەو داوای ئاوەڵکرداری چۆنێتی دەکات، بەڵام/پۆل/، چونکە هەڵگری ئەونیشانەیە نییە، نەیتوانیوە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، واتای چۆنێتیی بگەیەنێت، بۆیە بەدووبارەکردنەوەی فۆرمی(پۆل)لەنمونەی(٢٠-پ)دا، ئاوەڵکرداری چۆنێتییمان دروستکردووە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی. دروستەی مۆرفۆلۆژی

[١٠] دەکرێت هەمان شت لەشێوەزارێکی وەکو هەورامیدا بەدووبارەکردنەوەی سینتاکسی بۆ گەیاندنی واتایەکی ڕێزمانی دابنرێت، کە لەناو زمانەکەدا وەکو چەند مۆدێلێك یان مۆدێلێکی شەقبوو بەکاردەهێنرێت، وەکو: (ملای ملو)، کە بۆ نزیکبوونەوە بەکاردەهێنرێت.

بەئامادەکراوی پێش بەکارهێنانی لەناو ڕستەدا هەیەو دروستبووە، دووبارەکردنەوەی ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییە، واتا هەندێك ڕۆڵ هەیە بەمۆرفۆلۆژی ناگێڕدرێت، بەڵکو بەدووهێندەیی کردن جێبەجێی دەکرێت، بەڵام هەندێك جار جێکەوتە داوای نیشانە دەکات، بڕوانە نمونەی(٢٠/ب–پ)و هێڵکاریی(٨):–

هێڵکاری (٨) :–




ئەوەی لەهێڵکارییەکەدا ڕوونکراوەتەوە، شێوازی یەکگرتنی هەردوو کچەکەیە بۆ گەیاندنی واتای دایکەکە، کە واتای چۆنێتییە، وەك ئاماژەی پێدراوە(/خوێندکار/، /پۆل/)سەربە "کەتیگۆری ناون"، بەڵام لە ئەنجامی دووهێندییەوە واتای چۆنێتیان گەیاندووە لەجێکەوتەی <ئاوەڵکرداری چۆنێتی>دا، کەواتە "کەتیگۆری ناو"، کە نواندنی ناوەکی فەرهەنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، بەهۆی دووهێندەییەوە لەنواندنی دەرەکی فەرهەنگییدا، دەتوانن لەجێکەوتەی<ئاوەڵکرداری چۆنێتی>دا بەکاربێن، بۆپڕکردنەوەی ئەو کەموکورتییەی، پەیوەست بە ئاوەڵکردارەوە لەفەرهەنگی زمانی کوردییدا هەیە.

نموونەکانی سەرەوە ئەوەیان دەرخست، کە دووهێندەکردن پۆلەڕەگەزی ناو ($X^n$) بۆ داڕشتنی فۆرمە بۆ نیشانەی چۆنێتیی ، بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەو پۆلەڕەگەزانەی خۆیان خاوەنی نیشانەی چۆنێتیین، بۆ چڕکرنەوەیەو پلەی زیاتر بە واتاکە دەدات، واتە جێگرەوەی (Degree)یە لە زمانی کوردییدا، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك (نەسرین جوانماڵەکەی پاککردەوە)دا، ئەگەرچیی ئاوەڵناویی (جوان) خۆی خاوەنی نیشانەی چۆنێتییە، کەچیی بە دووبارەکردنەوەکەی بووە بە پلە. بڕوانە (نەسرین جوان جوان ماڵەکەی پاککردەوە)بشڕوانە هێڵکاریی (٨).

## (٢-١-١-١-٣)دووهێندەکردنی فۆڕمیی

(١١) عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٢: ٢٩١).

ئەم جۆرە لەدووهێندەیی کردن پەیوەستە بەبەکارهێنانەوەی ناجیرانیی فەرهەنگییانەوە، کە پشت بەستەبە فراوانکردنی هێزی وشەیەك لەڕووی فۆڕمەوە، واتا لەناو خودی فەرهەنگەکەدا نەك لەناو چوارچێوەی وشەو فرێزدا. لەبری دروستکردنی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی وشەیەکی ناو فەرهەنگەکە لەڕووی فۆڕمەوە بەکاردەهێنرێتەوە، ئەمەش پەیوەست بەسیمانتیکی پێکهێنانەوە، کە بۆ هەرفۆڕمێك نیشانەیەك بەگروپەکەی خۆیەوە پەیوەستی دەکردن، ئەمەیان بەکارهێنانەوەی خودی فۆڕمێکە بۆ نیشانەیەکی هاوبەش. خۆی لەخۆیدا ئەمە بۆ ئەرك خستنەسەری وشەیەکی تری زمانەکەیە تا لەواتاوە بەرەو چەمك یان لەتایبەتێتییەوە بەرەوگشتێتی ببرێت، بڕوانە هێڵکاریی (٤). لەمەدا زمانی کوردیی بەدیوێکی تردا تیۆری دووهێندەیی کردن دەیگرێتەوە، کە فۆڕمێك بۆ واتای جیاواز بەکاربهێنێتەوە، بۆیە فۆڕمەزمانییەکە وەکو بیچمێك یان دەموچاوێك هەڵدەگیرێت و واتاکانی پێدەگەیەنرێت، بۆیە لەتایبەتێتییەوە بەرەو گشتێتی دەبرێت، ئەمە پێچەوانەی ئەو بنەمایەیە، کە سیمانتیکی پێکهێنان لەڕووی فۆڕمەوە جیاوازیی بۆ واتاو نیشانەواتاییەکان دەکات. گەر بڕوانرێتە نمونەکانی(/چیا/، /شاخ/،/گرد/، /گردۆڵکە/)نیشانەی [+بەرزیی] کۆیاندەکاتەوەو نیشانەی ئاستی جیاوازی بەرزایی جیایان دەکاتەوە[١٢]. یان لەزمانی کوردییدا بۆ نیشانەی [+مرۆڤ]هەریەك لەفۆرمە جیاوازەکانی(/پیاو/، /ژن/، /کچ/، /کوڕ/، /پوور/، /خاڵ/، /مام/، /دایك/، /باوك/، ...)داڕێژراون، کە خودی فۆرمەکە پێدەری زانیارییە واتاییەکەیە. واتە نمونانەکان ئەوە دەردەخەن، کە فۆڕم و جیاوازیی فۆڕمیی بوەتە بەشێك لەجیاوازی واتایی، واتا لەگشتەوە بۆ تایبەتێتی ڕۆیشتووین، چونکە هەر زمانێك لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی بڕوات، ئەوە کەرەستەی فەرهەنگی زۆرتر دەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەر زمانێك فۆڕمەکانی ناو فەرهەنگی بەکارهێنایەوە، ئەوا فەرهەنگەکەی لاوازە، چونکە یەك کەرەستە دەتوانێت دەربڕی گشتێتی بێت، بۆئەوەی بتوانێت واتای زیاتر بەهەمان فۆڕم بگەیەنێتەوە، لەوەشەوە نواندنی وشەفەرهەنگییەکان زۆرتردەبن لەناو خودی فەرهەنگ و ڕێزمانیشدا، بەڵام وەك لەپارەکانی داهاتوویشدا ئاماژەی پێدەدرێت زمانیی کوردیی بەهاکانی تێکنەشکاندووە[١٣].

لەو ڕوانگەیەشەوە پێشبینی دەکرێت، کە پەیوەست بەهێڵکارییەکەی(zoll)ەوە، کە دەستە خوشکێك بۆ گەیاندنیی واتای دایك بەکاردەهێنرێتەوە،بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٩):-

**هێڵکاری (٩) :-**

واتای دایك



(١٢) بۆ وەرگرتنی نمونەی زیاتر بڕوانە، نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠: ٣٩).

(١٣) بێستوون حەسەن ئەحمەد، ( ٢٠١١: ٦٠).

کچ کچ

کچ کچ کچ

هەروەها فۆڕمەوشەکە گەیەنەریی زانیاریی واتاییش دەبێت، واتا دەتوانین لەڕێگەی فۆڕمەکەوە نیشانەی واتایی دیاریکراوی وشەکە بزانرێت، کەواتە ئەوەی دەستەیەك لەخوشك دەبەستێتەوە ئەوەیە، کە نیشانەیەکی واتایی دەیانکات بەسێتێك، کە کۆمەڵێك وشەیە لەناو هەمان پێکهاتەی ڕێزمانیدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، چونکە بەکارهێنراون بۆ بەشداریکردنی هەمان واتا، هەروەها هەموو وشەکان لەزماندا پەیوەندییەکی ناوەڕۆکییان هەیەو بەیەکەوە بەستراون، کە پەیوەندی جاڵجاڵۆکەیی دروستدەکەن و دەبن بەکۆمەڵەوشە[١٤].

سەبارەت بەمۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانیش، هەڵگری واتان و زیاتر لەنیشانەیەکی واتاییان هەیە، بۆیە دەکرێت بۆ گەیاندنیی واتایی دیاریکراو یەکێك لەنیشانەکانیی پێشبخرێت و دەستنیشان بکرێت، فۆڕمەکە ئەگەرچی خاوەنی کۆمەڵە نیشانەیەکە، بەڵام لەبەرجەستەکردنی سینتاکسدا واتای ناوەڕۆکەکەی یەکلادەبنەوەو واتای تری پێدەگەیەنرێت. مۆرفیمی/–ێك/و/–ەکە/خاوەنی یەکێك لەم نیشانە واتاییانەن، کە لەنمونەی(٢١)دا دیاریکراوە:–

٢١) /– ەکە/ /– ێك/

| /– ەکە/ | /– ێك/ |
| --- | --- |
| +ناسراو | – ناسراو |
| + دیاریکراو | – دیاریکراو |
| +تاك | +تاك |

هەڵهێنجان و ڕیزبەندی ئەو نیشانانە پەیوەستە بەو واتایەی، کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت، بۆ گوێگریش ئەو زانیارییە هەڵدەهێنجێت، کەبەپێی فرەنیشانەکانی ئەو مۆرفیمە خراوەتەڕوو، بڕوانە نمونەی(٢٢):–

٢٢) ئەم خانووە وەستایەك بۆی بۆیاخ کردم .

---

[١٤] Orhan BILGIN,ƒOzlem CªETINO∏GLU, Kemal OFLAZER(2004)

لەم نمونەیەدا مۆرفیمی نەناسراوی/-ێك/بۆ قسەکەرو گوێگریش خاوەنی ئەو نیشانە فەرهەنگییانەن، کە لەسەرەوە دیاریکراون، بۆیەدەکرێت پێشبینی ئەوەبکرێت، کەنیشانەکان بەدووجۆر ڕیزبەن ئەویش بۆ ئەو تیشك خستنەسەرو نیشانەکردنە دەگەڕێتەوە، کە قسەکەر بۆ یەکێك لەنیشانەکان دەیکات. واتا یان نیشانەی [+نەناسراوی و دیارینەکراوی ] یان [+تاکێتی ]بێت . واتا لەشیکردنەوەی ڕستەی سەرەوەدا دیارینەکردن و شاردنەوەی وەستاکەیە، تا نەزانرێت کێیە. لەدووەم شیکردنەوەدا ئەوەدەگەیەنێت، کە وەستاکە تەنها یەك وەستایە نەك دوان. دەشکرێت گوێگر مارکە لەو نیشانەیە بدات، کە دەیەوێت وەکو زانیاری بەدەستی بهێنێت، لەڕێی پرسیارەکانی لەجۆری> چەند وەستا ئەو بۆیاخەی بۆ کردیت؟< یان >کام وەستایە ئەو بۆیاخەی بۆ کردیت؟<زەمینەی تێگەیشتن خۆشبکات. هەروەها پەی پێبردنی نیشانەکانی مۆرفیمی ناسراویش پەیوەستە بەو بەکارهێنانەی لەڕێی دەستخستنەری یەکێك لەنیشانەکانییەوە دەست دەکەوێت، گەرچی وەك لەنمونەکەی سەرەوەدا دیارە هەڵگری سێ نیشانەی واتاییە، بەڵام لەلایەن قسەکەرەوە نیشانە لەیەکێکیان بدرێت، ئەوا واتاکەی ڕووندەبێتەوە، وەك ئەوەی لەنمونەکانی(٢٣):-

٢٣) أ. خەمەکە زۆر بەهێزبوو .

ب. کچەکە نامەکەی نوسیوە نەك کوڕەکە .

پ. کۆڕەکە نان دەخوات .

لەنمونەکانی(٢٣-أ)دا/-ەکە/مۆرفیمێکە بۆ نیشانەکردنی/مارکەلێدانی نیشانەی [+تاك] نییە، ئەویش بەوپێیەی ناوی>خەم<ئەبستراکتەو نەژمێردراوە، لەنمونەی(٢٣-ب)دا مۆرفیمێکە نیشانەی[+ دیاریکراوی و جیاکردنەوە]ی دەرخراوە، کەچی لە(٢٣- پ)دا [+ناسراوی ]مۆرفیمێکە بەکاربراوە[١٥].

یەکێك لەبنەماکانی سیمانتیکی پێکهێنان ناونانە، کە لەسەر بنەمای فۆرم داڕشتن یان وشە دروستکردن دەبێت بۆ نیشانەی واتایی فۆڕمێکیی گشتیی، بۆنمونە وەك ئەوەی، کە لەگشتێتییدا باسمان لێوەکرد ئەوەبوو، کە>کەو<بەنیشانەی گشتییەوە لەناو فەرهەنگەکەدا فۆڕمی بۆ داڕێژراوە، بەڵام پەیوەست بەهەردوو نیشانەی [±نێر]فۆڕمی نوێ داڕێژراوەتەوە، واتا لەبیچمی گشتییەوە بۆ بیچمی تایبەتێتیی ڕۆشتووە، بۆنمونە دەبێت بە/ماکەو/ و/نێرەکەو/، بەڵام ئەوەی لەشیکردنەوەی سەرەوەدا بەدیکرا ناتوانین لەڕێگای فۆڕمەوە پەی بەناونانەکان یان فۆڕم بۆ داڕشتنەکان ببرێت.

## (٢-١-١-١-٣-١) سەرلەنوێ داڕشتنەوە/پارافرێز

(١٥) عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٤: ٩٤).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی لەڕێگای فۆڕمەوە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی کردنلەزماندا پارافرێزە، پارافرێز وەکو زاراوە لەزمانی کوردییدا، (سەرلەنوێداڕشتنەوە)ی بۆ بەکار هاتووە[١٦]، Hirst (٢٠٠٣: ٩) پێناسەی پارافرێزدەکات و دەڵێت: "پارافرێز، قسەکردنێکە دەربارەی هەمان حاڵەت بەڕێگەی دەربڕینی جیاوازو گەیاندنی هەمان واتا". هەروەها (Hirst)لەبارەی هەمان واتایی پارافرێزەوە دەڵێت:" پارافرێز هاوواتایی تەواو نییە، بەڵکو پراگماتیکی جیاواز هەیە لەپارافرەیزدا"[١٧]، چونکە جیاوازی هەیە لەهەڵسەنگاندن و وەرگرتن و تێڕوانینی هەردوو دەربڕاوەکەدا. Clarck(١٩٩٢: ١٧٢) بیرۆکەی هاوواتایی ڕەتکردووەتەوە بەوپێیەی دەڵێت:" هەموو دووفۆڕمێك لەزماندا جیاوازن لەواتادا"[١٨].

هەروەها پارافرێز فۆڕمداڕشتنێکە لەئەنجامی ئەو زانیارییە گشتییەوە دادەڕێژرێت، کە ئاخێوەری زمانێك پەیوەست بەجیاکاری نیشانەواتاییەکان و بچوکترین نیشانەیی جیاکەرەوەیی وشەکانەوە جارێکیتر فۆڕم دادەڕێژێتەوە، بۆنمونە وشەکانی(/کەو /، /پوور/،....)تاد، کە زانیارییەکی گشتی بەدەستەوە دەدەن، بۆئەوەی لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی ببرێن، پێویستە پارافرێزبکرێن و جارێکیتر فۆڕم بۆ ئەو نیشانە تایبەتییە دابڕێژرێتەوە، کە نیشانەی جیاکەرەوەی فۆڕمەگشتییەکەیە، وەکو(/نێرەکەو/، / ماکەو/)، (/خوشکی دایك /، / خوشکی باوك/)هەموو نیشانەواتاییەکانیان وەك یەکن تەنها یەك نیشانەی بچوك جیایان دەکاتەوە، کەبۆ/ کەو/ [+ڕەگەزەو بۆ/پوور/ [±خوشکی دایك]ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە قسەکەر کارامەیی کەسیی پەیوەست بەفۆڕم داڕشتنی زمانەکەوە بەهێزنییە، بەڵام دەتوانێت بەهۆی بچوکترین نیشانەوە، کە لەفۆڕمێکی گشتییدا شارەزایەتی سەرلەنوێ فۆڕم دابڕێژرێتەوە، ئەمەش لەسەرێکەوە فۆڕمداڕشتنە بۆ بچوکترین نیشانەو لەسەرێکی ترەوە دەربڕی زانیاریی گشتی دەبێت لەسەر زمانەکەو فەرهەنگەکە. لێرەوە دەچینە سەر ئەو پرسیارەی، کە چۆن پارافرێز یەکێکە لەهۆکارەکانی دروستبوونی دووهێندەیی کردنلەزمانی کوردییدا؟ لەوەڵامی پرسیارێکی لەم شێوەیەدا دەوترێت، لەفەرهەنگیی زمانی کوردییدا کۆمەڵێك وشەمان هەیە، کە واتاکانیان زۆر ڕوون نییە بەتایبەتی بۆ منداڵ، کە تازە فێری زمان دەبێت یان بۆ ئەو کەسانەی، کە زمانی کوردیی زمانی دووەمیانە، بۆیە بۆ شیکردنەوەی واتایی وشەکان پەنادەبرێتەبەر دووبارە داڕشتنەوە، چونکە ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکەو لەئەنجامدا دەبێتە هۆکاری دروستکردنی دووهێندەیی، چونکە وشەکە خۆی لەفەرهەنگدا تۆمارکراوە، جارێکیتر بەهەمان واتاوە دادەڕێژرێتەوە/پارافرێز دەکرێت، کەواتە دوو فۆڕمی جیاواز یەك واتایان دەبێت، هۆکاری ئەمەش دوو

---

[١٦] شێروان حوسێن خۆشناو، ( ٢٠١١: ٢٠٢).

[١٧] Rahul Bhagat & Edward hovy, ( 2013 : 464)

[١٨] سەرچاوەی پێشوو.

حاڵەت دەگرێتەوە(أ) بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنی گوێگر (ب) دەبێتە هۆی دروستبوونی دووهێندەیی کردن لەزماندا، بڕوانە نمونەی(٢٤):–

٢٤) أ./گوێرەکە/=(بەچکەی مانگا).
ب. /توتك/=( بەچکەی سەگ).
پ. /بەرخ/=( بەچکەی مەڕ).
ت. /جاشك/=(بەچکەی گوێدرێژ).

وەك لەنمونەکانی(٢٤)دا دیارە، سەرەڕای بوونی وشە لەفەرهەنگدا بۆ ناونانی بێچووی ئەو گیاندارانە، کەچی قسەکەری زمان جارێکی تر وشەی داڕشتووەتەوە(پارافرێز)ی کردووە بەرامبەر بەناوی بێچووی هەمان ئەو گیاندارانەوە، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ تێگەیشتن ، وەك لەنمونەکاندا خراوەتەڕوو، هەروەها چەندین نمونەی دیکەی لەوشێوەیە لەزماندا بەدیدەکرێت، سەرەڕای پارافرێزکردنیان بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی واتاکانیان، دەربڕی گشتێتیشن و بەمشێوەیە بەرەو تایبەتێتی براون و بۆ بەهای جیاواز نیشانەیان لێدراوە، بڕوانە نمونەی(٢٥):–

٢٥) أ. /خالۆزا/=(کوڕ/کچی خاڵ).
ب. /پورزا/=(کوڕ/کچی پور).
ت. /ئامۆزا /=(کوڕ/کچی مام).
پ. /خوشکەزا/=(کوڕ/کچی خوشك).
ج. /کچەزا/=(کوڕ/ کچی کچ).

لەنمونەی(٢٥)دا سەرەڕای ئەوەی وشەکان پارافرێزکراون، لەهەمانکاتدا لەگشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتی ڕۆیشتوون، هەریەکێك لەنمونەکان وەرگرین هەر گشتێتییان دەربڕیوە بۆڕوونکردنەوە(٢٥–أ) وەردەگرین، کە وشەی/خالۆزا/یە، گشتێتیی تێدایە، چونکە نازانرێت(کوڕ/کچ)ی خاڵە، بۆیە لەئەنجامی دووبارە داڕشتنەوە نیشانەی لەڕەگەزەکەی داوە، کەواتە دووفۆڕم دروستبووە بۆ گەیاندنی یەك واتا، بۆیە دووهێندەیی دروستکردووە.

لەهێڵكاری(١١)دا ئاماژە بەوەكراوە، كە وشەی/ژن/دوو واتای هەیە لەزمانی كوردییدا، یەكێكیان(ژن) بەشێوەیەكی گشتی و ئەویتریان واتای(هاوسەر)دەگەیەنێت، هەروەها سەبارەت بەدارشتنی فۆرم بەرامبەر بەو واتایەی، كە مەبەست لێی(هاوسەر)ە، كۆمەڵێك فۆرم دارێژراون، لەكوردییدا ئەو فۆرمانەش جارێكی تر دادەرێژرێنەوە/پارافرێز دەكرێن بەمەبەستی ڕوونكردنەوەی زیاتری ئەو فۆرمانە، وەك نمونەی(٢٦):-

٢٦) أ. /ئاغاژن/ ⟵ ژنی ئاغا.
ب. /قەیرە كچ/ ⟵ كچی قەیرە.
ت. /حاجی ژن/ ⟵ ژنی حاجی.
پ. /سەرەژن/ ⟵ ژنی سەرە[١٩].

كەواتە وەك ئاماژەی پێدرا پارافرێز ئەو فرێزانەیە، كە هەمان واتایان هەیە بەدارشتنی جیاوازەوە، چونكە دارشتنی پێناسەیەكی هزریی بۆ پارافرەێز داوای هەمان واتایی سیمانتیكی سنوردارمان لێدەكات. پێناسەكردنی پارافرێز بۆخۆی كارێكی ئاسان نییە، هەروەها بنیادنانیی سیستەمیی پارافرێز كارێكی گرانە، چونكە داوای ناسینەوەی هەمان واتامان لێدەكات. هەروەها وەك لە نموونەكانەوە دەردەكەوێت و بە پێی سیمانتیكی پێكهێنان و چەمكی گشتێتیی فۆرمە فەرهەنگییەكان بۆ نیشانەواتاییەكان دادەرێژرێن ، بۆیە ئاخێوەری زمانێك زانیاریی لەسەر نیشانە گشتییەكان هەیە پاشان تایبەتییەكان، وەك چۆن بۆ نیشانەی [+ بێچوو ] لە (٢٤)دا نموونە خرایە ڕوو.

## (٢-١-١-١-٣-٢) جێكەوتەو بەكارهێنانەوە

دانە فەرهەنگییەكان بەزانیارییە سینتاكسیی و واتاییەكانەوە هەڵگیراون، بەجۆرێك، كە لەڕووی سینتاكسەوە گۆكردن و جێكەوتە سینتاكسییەكانیان دیاریكراوە، واتە هەردانەیەكی فەرهەنگی پەیوەست بەجێكەوتەكانیانەوە، لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاكسیشدا نیشانەكراون، بەلام بەكارهێنانەوەیان لەجێكەوتەی تردا، دەبێتە ئاسای ئەوان، لەم بابەتەدا جارێكی تر یان بەهۆی بەكارهێنانەوەی فۆرمەكەیەوە یان بەهۆی گۆڕینی جێكەوتەكەیەوە واتای چۆنێتیی پێدەگەیەنرێت و كەلێنی فەرهەنگەكەی پیێ پڕدەكرێتەوە، واتە بەكارهێنانەوەی ئەو وشەیەی، كە لەفەرهەنگدا سەربە پۆلەڕەگەزێكە، بەلام لەدەرەوەی فەرهەنگ واتە لەبەكارهێنانەوەیدا پۆلەڕەگەزەكەی خۆی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە پۆلەگەزێكی ترەوە، بەهۆكاری

---

[١٩] بشروانە بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ١٠٦).

هەبوونی کەلێن لەپۆلەڕەگەزە تازەکەدا، هەرچەندە لەزمانی کوردییدا ژمارەیەك فۆڕم بۆ ئاوەڵناوی چۆنێتی داڕێژراون، بەڵام لەهەندێك فۆڕمی مۆرفۆلۆژیشدا، دەکرێت لەڕێگەی پرۆسەی ترۆپکەوە، فۆڕمی نویٚ بۆ گەیاندنی چەمکی چۆنیەتی بەرجەستەبکرێت، بۆ نمونە(/گا/، /مار/،/شا/) لەفەرهەنگی زمانی کوردییدا وەك"ناو"تۆمارکراون، واتا سەربە"کەتیگۆری ناو"ن، وەك هەموو ناوەکانیش هەمان دەوروبەری مۆرفۆلۆژی و هەمان ئەرکی سینتاکسی ناوەکان جێبەجیٚ دەکەن، بەڵام بە بەکارهێنانەوەیان لەوشەکانی (/مارماسی/، /گاکۆتر/، /گابەرد/،/شاتوو/، / شاجوان/)دا، واتای نوێیان دروست کردووە، لەبەرئەوەی لەدەوروبەری مۆرفۆلۆژیدایە، وشەکان واتاکانیان گۆڕاوەو نیشانەی [+ چۆنێتیی]یان لێوەرگیراوە، بۆیە دەکرێن بەترۆپك و چەمکی چۆنێتی دەردەبڕن و وەك ئاوەڵناو دێنە پێشەوەی وشەکەوەو دەشچنە سەرەوەی هەرەمی واتاییەوە، واتە جیاکاریی واتاییان دەکەوێتەدەست، بۆیە ئەو وشانەی لەنمونەی(٢٧) دا چەمکەکانی بەرامبەر دەگەیەنن و ناوی ئاوەڵناویین:–

٢٧) >گاکۆتر< ⟵ [+قەبارە].

>گابەرد< ⟵ [+قەبارە].

> مارماسی< ⟵ [+چۆنێتیی][٢٠].

> شاتوو< ⟵ [+جوانی وبەچێژیی].

>شاجوان< ⟵ [+جوانترین].

وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، وشەکانی(/گا/، /مار/، /شا/)هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایی تایبەت بەخۆیانن، بەڵام بەکارهێنانەوەیان بۆ وەرگرتن و نیشانەکردنی یەکێك لەواتا دیارەکانی ئەو وشانە، دووهێندەیی دروستکردووە، وەك لەنمونەی(٢٧)دا دەرکەوتووە، ئەو وشانە بەکارهێنراونەتەوە، هەریەکەیان بۆ گەیاندنی واتایەکی زەق و بەرچاوی وشەکە، کە لەبەرامبەریدا هاتووە بەکارهاتوونەتەوە. سەبارەت بە ئاوەڵناوەکان وەك باسکرا، بەپێی زانیارییە سینتاکسییەکانیان دەبنە دەرخەری ناوەکان، بەو شێوەیەی لە(٢٨)دا خراوەتەڕوو:–

٢٨){کچی جوان}، {گوڵی جوان}، {جلی جوان}

بەڵام یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی زمانی کوردیی ئەوەیە، کە دەتوانێت لەڕێگای جێکەوتەگۆڕینەوە ئەرکی تر بدات بەدانە فەرهەنگییەکان، واتا لەنمونەکانی سەرەوەدا پەیوەست بەزانیاری واتایی و

---

[٢٠] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٦).

سینتاکسی ئاوەڵناوی/جوان/ەوە لەناو دروستەی ناوەکیی فەرهەنگییدا خاوەنی زانیاری واتایی تایبەت بەخۆیەتی، بەڵام لە نواندنی دەرەکی فەرهەنگییدا هەمان وشەی/جوان/ ببێت بە"ناو "و بچێتە جێکەوتەیەکی دۆخدارەوە ببێتە(بکەر و بەرکار)بڕوانە نمونەی(٢٩) :-

٢٩ )- جوان بەیەکەم دەرچوو .

(بکەر)

- من جوانم بینی .

(بەرکار)

- نامەکەم بەجواندا نارد .

(تەواوکەری بەیاریدە)

وەك لەنمونەی(٢٩)دا دەرکەوتووە، گۆڕانی جێکەوتە بووەتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی، هەروەها لەزمانی کوردییدا لەبەرئەوەی لەنواندنیی ناوەکیی فەرهەنگییدا ئاوەڵکرداری چۆنێتییمان نییە، بۆیە یەکێك لەڕێگاکانی بەرجەستەکردنی>ئاوەڵکرداری چۆنێتیی<بەکارهێنانەوەی هەندێك>ئاوەڵناوی چۆنێتیی< لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، وەکو(/جوان/، / باش/، /چاك/،...تاد)بەهۆی کەمی ئاوەڵکرداری چۆنێتی لەزمانی کوردییدا، بڕوانە نمونەی(٣٠):-

٣٠) ١- نەسرینماڵێکی جوانی هەیە. (ئاوەڵناوە)

٢-نەسرین ماڵەکەی جوان پاککردەوە. (ئاوەڵکردارئاسا)

٣-من خوشکێکی باشم هەیە. (ئاوەڵناوە)

٤- من خوشکەکەی خۆم باش دەناسم. (ئاوەڵکردارئاسا)

٥-ئەحمەد ئەسپێکی چاکی هەیە. (ئاوەڵناوە)

٦-ئەحمەد چاك غار بە ئەسپەکەی دەدات. (ئاوەڵکردارئاسا)

ئەوەی لەنمونەی(٣٠)دا ئاماژەی پێدراوەئەوەیە، کە ڕێگای جێکەوتەو بەکارهێنانەوە لەنێوان نواندنی ناوەکیی و دەرەکیی فەرهەنگییدا، نواندنی فەرهەنگیی و نواندنی ئاساکانیان هەبێت"پۆلەڕەگەز ئاسا"، ئەوە تایبەتمەندییەکی فەرهەنگی زمانی کوردییە، کە لەبەر کەمی پۆلە ڕەگەزی فەرهەنگییەکەی سوود لەپۆلە ڕەگەزەکانی تر دەبینێتەوە، ئەوەی شایانی باسکردنە ئەوەیە، ئاوەڵناوی چۆنێتی بەهەمان بیچم و فۆرمەوە تەنها بەگۆڕانی جێکەوتەکەی لەجێکەوتەی ئاوەڵناوی چۆنێتی بۆ جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتی، ئەو کەموکورتییەی لەنواندنی ناوەکی فەرهەنگییدا هەیە بۆ ئاوەڵکردارەکان پڕبکاتەوە.

لەوڕوانگەیەوە پرۆسەکە لەسەر هەندێك داتا جێبەجێ دەکرێت، بۆنمونە"پلە" لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا(زۆر، کەم)ە[٢١]، بەڵام بەهۆی جێکەوتەوە دەتوانرێت سوود لەڕادەکان ببینرێت، بۆئەوەی پاساوی کەمی پلەکان بدرێتەوە، دەکرێت کردەکەش بۆ ڕادە لەڕێگای جێکەوتەوە پێچەوانە بێتەوە. لەڕاستیدا پلەکان بەشێکن لەدەوروبەری سینتاکسی ئاوەڵناوەکان، کە لەزمانی کوردیدا جێکەوتەی پێش ئاوەڵناوەکان دەگرن و یاساکەی بەم شێوەیە دەبێت(پلە + ئاوەڵناو)، بڕوانە نمونەی ژمارە(٣١):-

٣١) - زۆر زیرەك

- کەم زیرەك

- زۆر سارد

- کەم سارد

نمونەکانی سەرەوە بۆئەوەیە، کە جێکەوتەی بنەڕەتیی پلە لەگەڵ ئاوەڵناودا دەستنیشان بکرێت تاگۆڕینی جێکەوتە بۆدروستکردنی ڕادەئاسا ڕوونبکرێتەوە[٢٢]، چونکە ڕادەکان جێکەوتەیەکی جیاوازیان هەیە و دەبنە دەرخەری پێشەوەی ناو و یاساکەیان بەمجۆرەیە(ڕادە +ناو) بڕوانە نمونەی(٣٢):-

٣٢) - هەندێك خوێندکار

- لەتێك نان

- هیچ کچێك

[٢١] بشرۆانە، کەمال میراودەلی،( ٢٠٠٧: ٤٢).

[٢٢]عەبدولجەبارمستەفا مەعروف، ( ٢٠١٢: ٢٨٧)، کاروان عومەر قادر، (٢٠١١: ٢٠٧)، محەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٩٠: ٣١١).

هەروەها پلەکان دەتوانن لەڕێگای جێکەوتەکانیانەوە، وەکو ڕادە خۆیان بنوێنن و لەپێش ناوەوە بێن و دەبن بە(ڕادەئاسا) بڕوانە نمونەی ژمارە(٣٣):-

٣٣) –زۆرکوڕ لەدەوامن.

– کەم کچ دوای سامان دەکەوێت.

– زۆرخوێندکار تاقیکردنەوەی کردووە.

(ڕادە ئاسا)[٢٣].

بە پێچەوانەشەوە دەکرێت ڕادەکان بەهۆی جێکەوتەکانیانەوە بکرێن بە(پلەئاسا)، بۆئەوەش کەمو کوڕیی فەرهەنگیی ناوەکیی بەدەرەکیی لەڕێگای جێکەوتەوە پڕدەکرێتەوە. بڕوانە نمونەی ژمارە(٣٤ ):-

٣٤) – کەمێك جوان.

– تۆزێك زیرەك.

– هەندێك گەرم.

– کەمێك سوور.

( پلەئاسا).

سەرباری ئەوانەی سەرەوەش وشەی/زۆر/دەتوانێت لەناو دروستەی فرێزی ناویدا بچێتە جێکەوتەی ئاوەڵناوەوە، بەوەش هەمان وشە گۆکردنێکی ئاوەڵناوی دەبێت، بڕوانە نمونەی(٣٥)، لەبەرئەوەی ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی ژمارەیان کەمە، هەر پەیوەست بە جێکەوتەی سینتاکسیەوە دەتوانرێت پاش دەستنیشانکردنی جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو ئاسای سینتاکسیی دروستبکرێت. بۆنمونە هەندێك ناو لەنواندنە ناوەکییە فەرهەنگییەکەدا وەکو ناو تۆمار کراون، بەڵام لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا مارکە سینتاکسییەکەیان دەگۆڕێت بۆ(ئاوەڵناوئاسا)، ئەمە بەبەراورد لەگەڵ دەقە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕێگایەکی تری نواندنی فەرهەنگیی ناوەکانە بۆ ئاوەڵناو، هەندێك لەوشەکانی (/ئاسنگەر/، /دارتاش/، / باخەوان/، /مامۆستا/، /مەلەوان/، .....)، پەیوەست بە نواندنیی ناوەکیی

[٢٣] لەنمونەکانی ژمارە(٣٢)دا، ڕادەی فەرهەنگی لەنمونەکاندا هێنتراوەتەوەو باس کراوە، بەڵام دەتوانرێت بەپێی یاسای (ناو+ ێك)، لەدەرەوەی فەرهەنگ ڕادە دروست بکرێت، وەکو(مشتێك گەنم، چۆڕێك ئاو، خاکەنازێك چیمەنتۆ، مەنجەڵێك چێشت ،قاپێك شلە، دەشتێك دانەوێڵە، سەتڵێك ئاو، مەشکەیەك دۆ، ......تاد)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١١: ١٠١).

فەرهەنگییەوە وەکو"ناو"مارکەیان لێدراوە، بەڵام لەنمونەکانی(٣٦)دا، کە لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا بەکارهێنراون بونەتە(ئاوەڵناو ئاسا):-

٣٥) خوێندکارێکی زۆر لەتاقیکردنەوەی خولی دووەم بەشدارن .

٣٦) - پیاوی ئاسنگەر

- ژنی مامۆستا

- پیاوی دارتاش

- ژنی مەلەوان[٢٤] .

ئەوەی لەنمونەی(٣٥)دا خراوەتەڕوو، بەکارهێنانی ئاوەڵناوئاسای وشەی/زۆر/ە، کە بەهۆی گۆڕانی جێکەوتەکەیەوە توانیویەتیی لەجێکەوتەی دیارخەری ناودا بەکاربهێنرێت و گۆکردنێکی ئاوەڵناوی هەبێت. سەبارەت بەو وشانەی لە نمونەی(٣٦) دا هاتوون، لەبنەڕەتدا سەربەکەتیگۆری ناون، بەڵام بەهۆی گۆڕانی جێکەوتەکەیانەوە، کەچونەتە جێکەوتەی"دەرخەری ناو"ەوە، وەکو ئاوەڵناو ڕەفتاردەکەن و بوون بە (ئاوەڵناوئاسا)، بەهۆی کەمی ئاوەڵناوەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنەی، کە لەکەتیگۆری ئاوەڵناودا هەیە، توانراوە سوود لەکەتیگۆرییەکانی تری فەرهەنگی زمانەکە وەربیگرێت.

### (٢-١-١-١-٣-٣) نواندنی لێکسیم

لێکسیم، یەکەیەکی سەرەکیی فەرهەنگیی زمانەو دانەیەکی نادیاریی ناو فەرهەنگیی ئاوەزییە[٢٥]، لەبەرجەستەکردنیدا لەناو فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا واتا شاراوەکانی ناو لێکسیمێك بەرجەستەدەبن، ئەگەرچی لێکسمەکان نواندنی تایبەتییان هەیەو بە تەنها لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن و هەر لێکسیمێکیش دەروازەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەکرێت هەندێك لێکسیم نواندنی زیاتری هەبێت، بە واتایەکیی تر، دەکرێت لێکسیمێك لەچەند نواندنێکدا دەربکەوێت، ئەمەش ئەوکاتە دەبێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی لەدروستەی کەرەستەیەکی نوێی زمانیدا واتاکەی دەگۆڕێت ودەبێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بۆنمونە (/منالّ/، /پیاو/، /ژن/، ...تاد) لێکسیمی سەربەخۆن و لەنواندنی ناوەکی فەرهەنگییدا سەربە کەتیگۆریی ناون و بەهۆی بەکارهێنانەوەیان لەنواندنی دەرەکیی فەرهەنگییدا بۆ دروستکردنی فۆڕمی نوێ بۆ گەیاندنی واتای نوێ و پڕکردنەوەی کەموکورتیی ناوەکیی فەرهەنگیی، بەڵام دەکرێت لەنواندنی

---

[٢٤] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٢: ٢٨٧).

[٢٥] https://www.google.com/search?tbm=bks&q=lexm#q=lexeme+definition

دەرەکیی فەرهەنگییدا نواندنی جیاوازیان هەبێت، زۆرجار لەگەڵ نواندنەجیاوازەکانی لێکسێمێکدا دەکرێت، کەتیگۆرییەکەشی بگۆڕێت، بۆنمونە/منداڵ/ناوی ڕەگەزی نێرینەو مێینەی خێزان و کۆمەڵە، واتە دەربڕی گشتێتییە و سیفات و تایبەتێتیی ئەو تەمەنە، پەڕێنراوەتەوە بۆ هەڵسەنگاندنیی هەڵسوکەوتیی مرۆڤیی گەورە کاتێك، کە دەشوبهێنرێت بە/منداڵ/، لەسەر بنەمای بەکارهێنانەوەی وشەکە چەندین وشەو ئیدیۆم و فرێزی چەسپاو پەند سازێنراون، وەك(/منالبوون/، /ماڵ و منال/، /منالیی/، /منالدان/، /منالپارێز/، /منالانە/، .......... تاد)، هەروەها بەرامبەر بەوشەی/منال/کۆمەڵێك فۆرمی تر داڕێژراون، وەکو(/زارۆڵە/، /بەچکە/،/بەبە/، /تولف/، ....)[٢٦]. بڕوانە نمونەکانی ژمارە(٣٧)، کە سەبارەت بەنواندنی وشەی /منداڵ/بەمەبەست و واتای نوێ بەکارهاتووە:-

٣٧)

أ. منداڵەکە دەگری.

ب. ئەڵێی منداڵی.

ت. نەوزاد منداڵانە هەڵسوکەوت دەکات.

پ. بە منداڵی ژنی هێناوە.

لەنمونەکانی(٣٧)دا وشەی /منداڵ/ هەرجاری بەشێوازێك خۆی نواندووە بۆ گەیاندنی واتای نوێ، وەك (٣٧-أ) واتای بنەڕەتی گەیاندووە، کە نەوەی مرۆڤ دەگەیەنێت، بەڵام لە(ب،ت)دا ڕستەکە بەرامبەر بەمرۆڤی گەورە وتراوە، کە هەموو سیفاتەکانی منداڵی خراوەتە پاڵ، بەڵام لەنمونەی(پ)دا بەمەبەستی نیشانەدان لەدیاریکردنی تەمەن بەکارهاتووەتەوە، کەواتە هەرچەندە واتای جیاوازی گەیاندووە لە بەکارهێنانەکاندا، بەڵام هەر لەواتای بنەڕەتی وشەکە دوورنەکەوتووەتەوە، چونکە لەهەموویاندا نیشانەی [+ منداڵ]ی تێدایە.

هەروەها وشەی/پیاو/سەربە پۆلەڕەگەزی ناوەو لەبنەڕەتدا هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەی واتایی بنەڕەتییە، کە ئەویش[+مرۆڤ، +نێر، +هەراش، +ژندار ]، هەمبەر بە/پیاو/وشەی/ژن/وەستاوەتەوە، توخمی>پیاو<زانیاریەکی گشتیین و لای ئاخێوەری زمانەکە هەن، بەڵام لەڕستەیەکی لەجۆری>ئازاد پیاوە< دەکرێت قسەکەر بیەوێت مارکە لەو نیشانە واتاییانەبدات، کە [+هەراش، +ژندار ]، نەك [+نێر] ئەویش واتای ڕستەیەکیی لەجۆری>ئازاد کوڕ نییە<دەگەیەنێت[٢٧]، بەڵام ئەم وشەیە لەدروستکردنی وشەی نوێ بۆ گەیاندنی واتای نوێ جارێکی تر خۆی نواندووە، وەکو(/پیاوەتی/، /پیاوچاك/، /پیاوانە/، /گەورەپیاو/، /ناپیاوی /، /پیاوکوژ /، /پیاوخۆر/، .....)بۆیە/پیاوەتی/واتای( چاکەکردن)ی هەیە و واتای (مرۆڤی نێر)ی تیادا نەماوەتەوە، هەروەها بووەبە لێکسێمی سەربەخۆ ئەمەش وایکردووە، کە/پیاوەتیی/

---

[٢٦] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ١٧٤).

[٢٧] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٥: ٩٣).

بەرامبەر/ژن/ و/کچ/یش بەکاربێت(<کچی چاکبەو پیاوەتیەکمان لەگەڵدا بکە!>)، >نەسرین پیاوبوو لەگەڵم<، هەروەها دەتوانرێت بگوترێت>شاخەوان پیاوبوو لەگەڵم<، ئەم وشەیە بۆ چوارجۆر واتا بەکاردێت، کە بەم شێوەیە لەهێڵکاری (١٠)دا دەیخەینەڕوو:-

هێڵکاری(١٠):-




هەروەکو ئاماژەی پێدرا وشەی/ژن/بەرامبەربە وشەی/پیاو/دەوەستێتەوە، وەکو ڕەگەزی مێینە هەڵگری کۆمەڵێك نیشانەیی واتاییە، کە هەمبەربە/پیاو/تەنها نیشانەی[+مێ]جیایان دەکاتەوە، بەواتای ڕەگەزی(مێ) لەکۆمەڵێك وشەدا خۆی نواندووە، وەکو(/بێوەژن/، /پیرێژن/، /ژن خوشك/، /سەرە ژن/،....)، هەروەها بەواتای هاوسەر لەزمانی کوردییدا لەکۆمەڵێك فۆڕمدا خۆی نواندووە، وەکو(/شاژن/، /وەستاژن/، /حاجی ژن/، /باوەژن/، /ماڵەوە/، /خێزانم/،...)، هەروەها وشەی/ژن/لە داڕشتنەوەی وشەی نوێدا بۆ واتایی نوێ خۆی نواندووە، وەکو/ژنێتی/، ئەم وشەیە بەرامبەربە پیاوێك بەکاردەهێنرێت، کە هەڵسوکەوتی ژنانە بکات، هەروەها وشەی/ژنانە/بەرامبەر بەهەموو ئەو شتانە بەکاردەهێنرێت، کە تایبەتن بەژن[٢٨]، هەروەها وشەی/ژن/لەزمانی کوردییدا بەدوو واتا بەکاردەهێنرێت، بڕوانە هێڵکاری(١١) :-

هێڵکاری (١١):-




[٢٨] فاروق عومەر سدیق، (٢٠١١: ١٠٤-١٥٠).

| توخمی مێینەی کۆمەڵ | توخمی مێینەی خێزان |
|---|---|
| ( ئافرەت–women ) | ( هاوسەر - wife ) |

لەهێڵکاری(١١)دا ئەوە خرایەڕوو، کە خودی وشەکە هەڵگری دوو واتایە، کە تەنها نیشانەیەکی سیمانتیکی جیایاندەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە جارێك بۆ ڕەگەزی مێینەی کۆمەڵ بەگشتی و جارێکیش بۆ ڕەگەزی مێینەی خێزان بەشێوەیەکی تایبەتێتی بەکاردێت[٢٩].

هەروەها وشەی/بەفر/ لە ڕێی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی جیاوازەوە بەرجەستە دەکرێت بۆ نیشانەدان لەیەکێك لەپێکهاتە واتاییەکانی ، واتا بەتۆپیککردنی نیشانەیەکی واتایی وشەی/بەفر بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام ئەم بەکارهێنانەوەیە نواندنی لێکسێمە گشتییەکە نییە، بەڵکو مارکەلێدانی یەکێك لەنیشانە واتاییەکانی وشەی/بەفرە/ئەویش نیشانەی [+ڕەنگ]ە، لە نمونەی(٣٨)دا زیاتر ڕووندەبێتەوە:–

٣٨) أ.کراسەکە سپییەکی بەفرینە

ب.ژوورەکە ئەڵێی بەفرە .

ت.ئەم چێشتە وەك بەفر بێتامە .

پ.لۆکەکە نەرمە وەك کلوی بەفر .

یاسای مۆرفۆلۆژی

بەفر ← → ین

/ بەفر/

+ ڕەنگ
+سارد
–تام
+نەرم

لەنمونەی(٣٨/أ – ب)دا وشەی/بەفر/دووبارە بەکارهێنراوەتەوە بەمەبەستی نیشانەدان لەڕەنگەکەی، کە ڕەنگێکی سپی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە وشەکە بەشکانەوەی مۆرفیمی/–ین/ بەیاسای مۆرفۆلۆژی وشەی/بەفرین/بۆ نیشانەدان لەڕەنگەکەی دروستبووە، هەروەها لەنمونەی(٣٨–ت)دا دووبارە وشەی /بەفر/ بەکارهاتووەتەوە، ئەمجارەیان بۆ بەتۆپیك کردنی یەکێکی تر لەپێکهاتە واتاییەکانی وشەی/بەفر/ ئەویش نیشانەی [+ساردی]ە، واتە نیشانە لەپلەی ساردی ژوورەکە دراوە بەئاستی پلەی ساردی/بەفر/، هەروەها بەفر ماددەیەکی بێتامە، وەك لەنمونەی(٣٨–ت)دا بێتامی خواردنەکە بەبەفر پێوانە دەکات، یان ئەوتریَ>تامی ئاوی سارد ئەدا<، چونکە بەفر ئاوی بەستووەو ئاوی ساردیش بەبەفر سارد دەکرێت،

[٢٩] عەبدولواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٤: ٢٥١).

کەواتە بێتامە، هەروەها لە(٣٨–پ)دا نیشانە لەنەرمی بەفرەکە دراوە، قسەکەر مەبەستی بەتۆپیك کردنی یەکێك لەپێکهاتەواتاییەکانی/بەفر/ە ،ئەویش نەرمی کلوی بەفرە لەکاتی بارینداا.

یەکێکی تر لەو نمونانەی بەکاردەهێنرێتەوە هەرجارێك بەمەبەستی نیشانەدان لەیەکێك لە پێکهاتە واتاییەکانی وشەکە، وشەی/ئاسن/ە، لەنمونەی(٣٩)دا خراوەتەڕوو:–

٣٩) /ئاسن/

أ– ئاسنین

ب–ئاسنگەر

[ + ڕەق
+ کەرەستەی خاو ]

لەنمونەی(٣٩–أ)دا وشەی/ئاسن/دووبارە بەکارهێنراوەتەوە بۆئەوەی مارکە لەنیشانەی[+ڕەقیی ] بدرێت بەیاسای مۆرفۆلۆژیی وشەکە دروستبووە، بەڵام لەنمونەی(٣٩–ب)دا هەر بەیاسای مۆرفۆلۆژیی و بەکارهێنانەوەی وشەی/ئاسن/و شکانەوەی مۆرفیمی/– گەر/ناوی پیشەی دروستکردووە، هەرەوەها ئەو کەسەی پیشەی ئاسنگەریی هەیە، کەرەستەی خاوی ئاسن بەکاردەهێنێت بۆ درووستکردنی پێداویستیی. ئەو سیفەتانەی دەدرێنە پاڵ وشەکان بەپێی کلتور گۆڕانی بەسەردادێت، بۆنمونە وشەی /ئاسن/لەزمانی کوردییدا سیفەتی[+ڕقی]دراوەتە پاڵ، ئەمەش لەڕاستیدا بەپێی ئارەزووی کۆمەڵە، چونکە ڕەقیی تەنها سیفەتێکە/نیشانەیەکەلە نیشانەکانی/ئاسن/، هەربۆیە وشەی/سەرئاسنین/دروست بووە لەزمانەکەماندا، سیفەتی ڕەقیەکەی دراوەتە پاڵ واتە بەو کەسە دەوترێت کەللەڕەق بێت و قسە قسەی خۆی بێت.
نواندنی ڕەگی کردارەکانیش بۆ ناسینەوەی فۆڕمی سەرەکی ڕەگەکان، دەکرێت لەداهاتوودا "بەناوبوون " ی کردارەکان بکرێنەبنەماو ئەوە دەستنیشان بکرێت، کام لێکسێمە دەبێتە "باربۆ" (Sponsor)؟[٣٠]، (بڕوانە سەرەتای ئەم بەشە)؛ بۆنمونە/خوار/فۆڕمی سەرەکی ڕەگی کرداری /خوارد/ەو (/خوا/،/خۆر/و /خۆ/ ) یش واتای جیاوازو بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە، بەڵگەش بۆ ئەوە، بەکارهێنانیی جیاوازە لەژینگەی زمانیی جیاوازدا، هەمان شتیش بۆ ڕەگی/گر/ڕاستە، ئەویش بەو پێیەی، لەبکەرنادیارو هەندێ فۆڕمی مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێن، بۆنمونە: (/گیرا/، /کەوگیر/و......تاد)، هەروەها /–گەر/ لە(/ئاسنگەر/، /مسگەر/و......تاد)، واتا هەریەك لە(/گر/و/گیر/)فۆڕمی جیاوازی/گر/ن و لەنواندنی جیاوازی ئەو لێکسێمەشدا، واتای جیاواز بەرجەستە دەکەن، ئەویش بەو پێیەی، کە جێگای یەکتر ناگرنەوەو گۆڕانیان بەسەردا نایەت، جێنەگرتنەوەی ئەو ڕەگانە نیشانەی جیاوازی واتاییانە، نواندنەکانی

[٣٠] محەمەد مەجید سەعید، ( ٢٠١٥: ٤٢).

لێکسێم لەو دووجۆرەی سەرەوەدا سادەبوون، بەڵام دەکرێت جگەلە سادەکان، لێکسێم لەفۆڕمی گەورەتریشدا خۆی بنوێنێت[٣١].

هەر لەسەرەتاوە ئەوە خراوەتەڕوو، کە واتای شاراوە لەلێکسێمەکاندا هەڵگیراون، کە دەکرێت لەبەکارهێناندا ڕوونببێتەوە، لێکسێم وەك دانەیەکی نادیار(ئەبستراکت)ی فەرهەنگی ئاوەزیی، بۆ نواندنی یەك لێکسێمی لێکسێمەکان لەناو فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییدا بەرجەستە دەکرێن و دەست دەخرێتە سەر واتاکەی، بۆنمونە/کوڕ/ یەك لێکسێمە خاوەنی نیشانەی واتایی و تایبەتێتیی ڕەگەزیی و کەرەستەیی خۆیەتی، شکانەوەی ئەو لێکسێمە لەفۆڕمی مۆرفۆلۆژیی/کوڕانە/دا، زیاتر دەرخەری تایبەتێتیی کەرەستەیی و دیاریکردنی ئەو شتومەکانەیە، کە تایبەتن بە ئەو، بڕوانە:< کراسەکە کوڕانەیە>واتا /کراس/لەڕێگەی فۆڕمی/کوڕانە/ەوە، بوەتە کەرەستەیەکی تایبەت بەئەو، ئەمە لەکاتێکدا، کە ڕستەیەکی لەجۆری<کوڕ بەیەکەم دەرچوو>جیاکارییەکی توخمییەو دەبێتە پێچەوانەی ڕستەی لەجۆری<کچ بەیەکەم دەرچوو>، بۆیە لێکسمی/کوڕ/ لەناو فۆرمی/کوڕانە/دا واتای نوێی وەرگرتووە. شایانی وتنە، پاش ئەوەی/کوڕانە/دەبێتە لێکسێمێکی سەربەخۆ بۆ واتایەکی گشتیی تر، بەنیشانەیەکی ترەوە لەناو لێکسێمی/پیاوانە/دا دەتوێتەوەو لەوێدا هەمان واتای تایبەتێتیی کەرەستەیی دوبارە دەکاتەوە، {کراسی پیاوانە}لێرەدا/کراس/ تایبەتێتیی کەرەستەیی نێر دەردەخات[٣٢]. دەکرێت لەڕێگای چەند نمونەیەکەوە پێشبینی بەکارهێنانەوەی لێکسێمە ئاوەڵناوییەکانیش بکرێت، بۆنمونە /گەورە/و /بچووك/ فۆڕمێکن بۆ "ئاوەڵناوی قەبارە" داڕێژراون، بەڵام دەکرێت جارێکی تر لەبەرجەستە کردنەکەیاندا ببنە نواندنی چەمکی واتایی دیکەو ببنە بەڕێوەبەری لێکسێمەکە، نمونەکانی(٤٠)نواندنی واتایی /گەورە/ و /بچووك/ن:-

٤٠) أ.گەورە ئاو دەڕێژێت، بچووك پێی تێدەخات.

(تەمەن) (تەمەن)

ب.ئازاد گەورە بووە.

(هەم تەمەن و هەم قەبارەی گەورە بووە، دۆخی تەمەنی گۆڕاوە).

ت.ئازاد ئێستا پیاوێکی گەورەیە.

(دەسەڵات)

ج. گوێبگرە پیاوی بچوك .

(بێدەسەڵات و بێکەسێتیی)

[ +قەبارە
+تەمەن
+دەسەڵات ]

---

[٣١] بڕوانە، محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ٩٨).

[٣٢] محەمەد مەجید سەعید، ( ٢٠١٥: ٤٤).

ئەگەرچی لەنمونەکانی(٤٠)دا، ئاوەڵناوەکانی(/گەورە/ و/بچووک/) دەربڕی واتای جیاوازن، بەڵام لەنواندنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو واتایانە واتای شاراوەیی ناویەك لێکسیمن و لەوشەدا بەرجەستەکراون، واتە تاکە وشەیەك چەند واتایەکی شاراوەی تێداهەڵگیراوە، ئەمەش تەنها قسەکەری زمانەکە هەستیان پێدەکات و دەیانناسێتەوەو شرۆڤەیان دەکات، چونکە جگەلە واتای یەکەمی کەرەستەکە، کە واتا بنەڕەتییەکەی، هەموو واتاکانیی تر خوازراون و لێکدانەوەیان، تەنها لەنواندنە سینتاکسییەکەدا ڕووندەبێتەوە[٣٣].

ئەگەر سەرنجی نمونەکان بدەین دەبینین لەنمونەی(٤١–أ)دا وشەی/ڕەش/ بۆ ناونانی یەکێك لەمانگە کوردییەکان بەکارهێنراوەتەوە، هەروەها لەنمونەی(ب)دا بۆ ڕادە بەکارهاتووەتەوە، کە ڕادەی توندی بایەکەمان بۆ دەردەکەوێت و لەنمونەی(ت)دا وەکو نیشانەی [+ڕەنگ] بەکارهاتووە، واتا لەهەریەکێك لەنمونەکاندا وشەکە دووبارە بەکارهاتووەتەوە هەرجارێك بەمەبەستی بەتۆپیککردنی نیشانەیەك لەنیشانە واتاییەکانی وشەکەیە، بڕوانە نمونەی(٤١):–

٤١) / ڕەش /

| | |
|---|---|
| | +ناو |
| أ. ڕەشەمێ | +ڕادە |
| ب. ڕەشەبا | |
| ت. تەختەڕەش | +ڕەنگ [٣٤] |

هەروەها/پرتەقاڵ/هەڵگری ئەو واتایانەیە، کە بەهەمان بیچم بەکاردەهێنرێتەوە بۆ گەیاندنی هەریەکە لەو واتایانەی بەپێی ویستی قسەکەر، کام واتایەی مەبەستە، دەیەوێ وشەکە بۆ ئەو واتایەیان بەکاربهێنێتەوە، بڕوانە نمونەی(٤٢):–

٤٢)– شەربەتی پرتەقاڵم خواردەوە.

| | |
|---|---|
| – کراسێکی پرتەقاڵیم کڕی. ( ڕەنگ) | +ڕەنگ |
| – کێکم بە پرتەقاڵ کردووە. (تام) | +تام |
| – ئەم دۆندرمەیە بۆنی پرتەقاڵی لێدێت. (بۆن) | +بۆن |

---

[٣٣] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ٥٢).

[٣٤] ڕۆژان نوری عەبدوڵا، ( ٢٠٠٧: ٢٠٢).

لەنمونەی(٤٢)دا وشەی/پرتەقاڵ/بەکارهێنراوەتەوە بۆ نیشانەدانی ئەوپێکهاتە واتاییانەی وشەکە پێکدێنن، بەڵام لە ڕستەی یەکمدا پرتەقاڵەکە خۆیەتی بە (تام، ڕەنگ، بۆن)ەوە، بەڵام لە ڕستەکانی خوارتردا، هەر جارێك بە پێی ویستی قسەکەر واتایەکی وەرگرتووە، یان بابڵێین نیشانە لەیەکێك لەو واتایانە دراوە، کە لەوشەکەدا بوونی هەیە، وەکو لەنمونەکەدا ئاماژەی پێدراوە[٣٥]، هەروەها نواندنی کۆمەڵێك وشەی وەکو(ئاڵتون، زەیتون، زیو، ...)، بەمەبەستی نیشانەدان لەڕەنگەکانیان، فۆڕمی(ئاڵتونی، زەیتونی، زیوی، ....تاد)ییان دروستکردووە، چونکە ڕەنگەکانی زمانی کوردیی فۆڕمیان لەفەرهەنگدا کەمە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، سوود لەوشەکانی زمانەکە وەرگیراوەو جارێکیتر وشەکان خۆیان نواندووەتەوە بۆ گەیاندنی واتای نوێ، بۆیە دووهێندەیی لەزمانی کوردیدا دروستکردووە.

هەر سەبارەت بەئاوەڵناوەکان، جارێکیتر ئاوەڵناوی/جوان/وەردەگرین، وەك چۆن لە"جێکەوتەو بەکارهێنانەوە"دا بەکارهاتەوەو بەگۆڕانی جێکەوتەکەی توانی ئەرکی جیاواز ببینێت، دووبارە لێرەدا دەنوێنرێتەوە بەهەمان فۆڕمەوە بۆ گەیاندنی واتای نوێ، بڕوانە نمونەکانی(٤٣):-

| | |
|---|---|
| ٤٣) أ. نەشمیل کچێکی جوانە. (قەشەنگ) | +قەشەنگ |
| ب. ئازاد هێشتا جوانە ، کەچی منالی گەورەیە. (تەمەن) | + تەمەن |
| ت. پاشەڵی جوانە .(پیس/بۆگەن) | +پیس |

لەنمونەکانی(٤٣)دا ئاوەڵناوی/جوان/بۆ واتایەکی تر خۆی دەنوێنێتەوە بەهەمان بیچمەوە، کە لەنمونەی( ٤٣-أ)دا واتای (قەشەنگ)ی گەیاندووە، هەروەها جارێکی تر هەمان ئەوبیچمە لە( ٤-ب)دا بۆ واتای (تەمەن)بەکارهاتووە، هەرسەبارەت بەتەمەن لەوشەی/جوانەمەرگ/دا بەکارهاتووەو واتای مردنی کەسێکی(گەنج) دەگەیەنێت و/جوانەگا/بە (بەچکەی مانگا) دەوترێت و/جوانو/( بەچکەی ئەسپ)، واتا /جوان/ لە دروستکردنی ئەو دوو وشەیەدا بەکارهاتووە بۆ دیاری کردنی تەمەنی بەچکەی ئەو دوو ئاژەڵە، هەروەها وەك لەنمونەی( ٤-ت)دا هاتووە گوێگر دەبێت لەوە تێبگات لەڕێگەی دەوروبەری قسەکردنەوە وشەی/جوان/ بەتەوسەوە بەکاربێت بۆ گاڵتە پێکردن واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە[٣٦].

---

[٣٥] بەکر عومەر عەلی، ( ٢٠٠٠: ٤٥)، محەمەدی مەحوی، ( ٢٠١٠: ١٠٦).

[٣٦] بەکرعومەر عەلی، (٢٠٠٠: ٨٩).

## (٢-٢) نواندنە دەربڕینییەکان

پارەکانی پێشووی ئەم بەشە پەیوەست بوون بەنواندن و دووهێندەیی فۆڕمی بۆ گەیاندنی واتاو چەمکی جیاواز، واتە بۆئەوەبوو، کە چۆن فۆڕمە فەرهەنگییەکان لەپەیوەندیی جیرانی و ناجیرانیدا بەکاربرێن بۆ واتای نوێ، وەك جێگرەوەیەکی مۆرفۆلۆژییانە. لەم پارەدا ئەو فۆڕمانە دەخرێنەڕوو، کە دەبنە ئەلتەرناتیف/جێگرەوەی فۆڕمە فەرهەنگییەکان بۆ پێدانی بەهاو نرخ و هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز، واتە دەربڕینی جیاوازیی واتایی بۆ شاردنەوە یان پەردەپۆشکردن یان بۆ جیاوازیی کۆمەڵایەتیی، بۆ ئەوەش تابوو و جوانبەخشین و بەهاو جیاوازیی کۆمەڵایەتیی وەك پاڵنەرێك بۆ دروستبوونی دووهێندەیی واتایی و دەربڕینی جیاواز دەخرێنەڕوو، کە تێیدا بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان بۆ زەقکردنەوەی نیشانە باشەکانی فۆڕمێکی فەرهەنگییە، ئەوەش لەڕوانگەی بیروبۆچوونەکەی(Zoll)ەوەیە، کە دەربڕینی جیاوازیشی بەجۆرێك لەدووهێندەیی داناوە.

### (٢-٢-١)جۆرەکانی دووهێندەیی کردنە دەربڕینییەکان

#### (٢-٢-١-١)تابوو و جوان- بەخشین

زمان وەك چەکێکی کاریگەریی دەستی مرۆڤ توانایەکی تایبەتیی داوە بەقسەپێکەران، بەشێوەیەك، کە بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو چەندین ڕێگای دەربڕینی جیاوازی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە کاتێك بابەتە تابووییەکان و ڕێگری کلتوری و کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی دەرنەبڕینیان، ئالێرەدا لەزمانەوانیدا بابەتی"جوان–بەخشین/حسن التغیر–Euphemism"دێتە پێشەوە، بەو پێیەی"جوان – بەخشین"دەبێتە ئەلتەرناتیڤی دەربڕاوە تابووییەکان، چونکە تابوو، وشەیەکە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئاینی ڕێگا بەوتنی نادرێت و هەندێك جوڵەو دەربڕاوو وشە بەقەدەغەکراو دادەنێت[٣٧]. هەرلەبەر ئەمەیە،کە جوان–بەخشین دەربڕاوێکی ڕازیکەرەو لەجێگەی ئەو وشەو دەربڕاوانەدا بەکاردێن، کە لەکۆمەڵگادا ڕێگا بەدەربڕینیان نادرێت[٣٨]، بەم شێوەیە دەبینین لەپاڵ خۆ بەدوور گرتن لەبەکارهێنانی دەربڕاوە تابووییەکاندا، ناسکی و نەرم ونیانی لەگەڵ نیشاندانی ڕێزدا دوفاکتەری کۆمەڵایەتین بۆ

[٣٧] .http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/taboo

[٣٨] Roger Horberry, (2010: 45).

بەکارهێنانی" جوان– بەخشین "[٣٩]، ئەمەش ڕێگایەکە لەزماندا بەکاردەهێنرێت بۆ خۆبەدوورگرتن لەوتنی ڕاستەوخۆی شتە بێگومانەکان. نەوتنی ئەم دەربڕاوە تابۆیینە یان ئەم شتە بێگومانانە لەبەرئەوەنییە، کە ناتوانرێت بگوترێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە، کە خەڵکی قسە دەربارەی ئەم شتانە ناکەن، یان ئەگەر قسەیان لەسەرکرا، ئەوا بەشێوەیەکی زیرەکانە قسەیان لەسەردەکرێت، بەم شێوەیە"یوفیمیزم "، شوێنگرەوەیەکە بۆ ناوهێنان و باسکردنی ئەو شتانەی، تابوون بەشێوازێکی شیاو لەلایەن کۆمەڵگاو خەڵکەوە، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی دووهێندەییە لەڕێگەی دەربڕینەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆبەکارنەهێنانی دەربڕاوە تابوویەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەلایەن قسەکەرەوە، بەناچاری قسەکەر دەبێت ئەڵتەرناتیڤی ئەو دەربڕاوە تابووییە بدۆزێتەوە، کە دەیەوێت بەکاری بهێنێت بۆ هەمان مەبەست و واتا، لێرەدا دوو دەربڕاو بۆ هەمان واتا لەزماندا هەبێت دووهێندەیی دروستدەبێت، بۆنمونە لەبری ئەو دەربڕاوانەی بۆ نەخۆشییە کوشندەکان، وەکو(سەرەتان، سیل،...)لەڕوانگەی وابەستەیی زمانی کوردیی بەکلتورەکەیەوە، کە نەخۆشییەکی کوشندەن دەربڕاوی (دەردەپیسەکە)یان بۆ بەکاردێت بڕوانە هێڵکاری( ١٢):–

هێڵکاری(١٢):–




هێڵکاری(١٢)بەپێی ئەو هێڵکارییەی (zoll) وشەی/سەرەتان/بە واتای (دایك)دانراوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەم وشەیە دەربڕینی بووە بەتابوو، بۆیە فۆڕمی تر داڕێژراوە بۆئەوەی کاریگەریی تابووەکە کەمبکرێتەوە، ئەویش فۆڕمی/دەردەپیسەکە/و/شێرپەنجە/یە، هەروەها ئەو نەخۆشیانەی دەبنەهۆی کەمئەندامی، (/کوێر/، /کەڕ/، /شێت/،....تاد)، پەیوەست بەکەمئەندامی مرۆڤەوە، لەبەرئەوەی دەربڕینیان بەوشێوەیە کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونی قسەکەر دەبێت، بۆیە بەرامبەر بەهەریەکەیان دەربڕاوی تر بەکاردێت، وەکو(/نابینا/، /نابیست/، /تەواونییە/)، بەڵام دیسانەوە بەهۆی وابەستەبوونی گوێگرو گۆڕانی تێڕوانینە کلتورییەکانەوە بەپێی سەردەم دەشێت وشە جوان بەخشەکانیش چەمکی نێگەتیف لەخۆبگرن، باشترین نمونەش لە ئێستای زمانەکەماندا دەربڕاوی/خاوەن پێداویستی تایبەت/ە، لەبری دەربڕاوی/کەمئەندام/بەکاردێت، بڕوانە هێڵکاری(١٣):–

(٣٩) Naoum, A.( 1995: 18) لە شاخەوان جەلال فەرەج وەرگیراوە، (٢٠١١: ٦٠).

هێڵکاری ( ١٣):-




لەپاری یەکەمی بەشی یەکەمدا ئاماژە بەوە کراوە، کە کۆمەڵێك وشە لەزماندا لە تایبەتێتییەوە بەرەو گشتێتی ڕۆیشتوون، ئەو وشانەی لەهێڵکاری(١٣)دا ئاماژەیان پێکراوە ئەو وشانەن، کە تابوو هۆکاری ئەوەیە ئەو وشانە لەکۆمەڵدا بەئازادانە ناتوانرێت دەربڕدرێن، بۆیە لەتایبەتێتییەوە بەرەو گشتێتیی ڕۆشتوون، دەربڕاوی/کەمئەندام/دانراوە بەرامبەر هەرکەسێك، کە تەنها خاوەنی یەك دانەشیان بێت، بەڵام ئەم دەربڕاوەش، کە بەگشتێتی دانراوە بەرەو تابوو دەڕوات، بۆیە کۆمەڵگا هەوڵیداوە زیاتر بەرەو گشتێتیی ببات، بۆئەوەی کاریگەریی تابووەکە لەسەر دەربڕاوەکە لاببات و بەدەربڕینی بەرامبەر هەست بەشەرمەزاری نەکات، ئێستا دەربڕاوی/خاوەن پێداویستی تایبەت/ی بۆدانراوە، بۆ شاردنەوەی تابووەکەو جوانبەخشین بەدەربڕاوەکە، هەموو ئەوشتانەی پەیوەندیی بەسێکسەوە هەیە، دەربڕاوی بییانی بەرامبەریان بەکاردێت، لەبەرئەوەی کاریگەریی تابووەکە کەمتر دەکاتەوە، کاتێك دێینە سەر شیکردنەوەی دەربڕاوی "مرد"چەمکە نێگەتیڤەکەی ئەم دەربڕاوە وابەستەی کلتورە، بەتایبەتی لەڕووی ئاینەوە(پیرۆزی گیانی مرۆڤ) و (دەرچونی ئەم گیانە لەجەستەی مرۆڤ بەهۆکاری خواکرد)، بەمپێیەش دەربڕاوەکانی(<ئەمری خوای کرد<، >کۆچی دوایی کرد<، ..........تاد)، بۆبەکاردەهێنرێت،

لەلایەکەوە بۆ دەربڕینی پیرۆزی گیانی مرۆڤ، لەلایەکی تریشەوە ئەم"جوان-بەخشین"ە بۆ خۆبەدوور گرتن لەشوومیی بەکارهێنانیی زاراوە تابووییەکان[٤٠]. جوانکردنی وشەو دەربڕاو(پێدانی واتای جوان - بەخش) لەگۆڕینی واتای پەسنکەرانەی(Descriptive Meaning)وشەدا ئەو ڕۆڵەی هەیە، کە/کەر/ (بەواتای ناشیرین-بەخش)ەوە لە/یاریکەر/دا بەرامبەر بە/ یاریزان /هەیەتی و بریتییە لەدوورکەوتنەوە لەهێنانەوەی ئەو وشانەی تابوون لەڕستەکانی ئاخاوتن و زمانی نوسیندا. ئەمەیش کارتێکردنی واتای پەسنکەرانە لەواتای نا-پەسنکەرانە دەردەخات. لێکۆڵینەوەی دیاکرۆنی(دیرۆکیی)وشەکان (/کەر/، / گوێدرێژ/، /بێعەقڵ/، /بێمێشك/،.....تاد)جوانکردنەکە دەردەخات. وەرگرتنی وشە بیانیی و خواستراوەکانیش ئەوە نیشاندەدەن، کە تابووی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی ئەو"جوان-بەخشین"و جوانکارییە ئاخێوەران ناچار دەکات، پەنا ببەنەبەر تەنانەت گەنجی وشەی بیانییش، واتە تابوو و جوانبەخشین بۆ شاردنەوەی ناوەرۆکی تابوویی شەرعییەت بە ئەوە دەدات دووهێندەیی و دەربڕینی جیاواز بۆ فۆرمە فەرهەنگییە تابووئامێزەکان بێتە زمانەوە. لە نموونەکانی (لیباس و دەرپێکورت)، (زەکەر و ئەندامی نێرینە)، (ستیان و سوخمە)، (سەرەتان و شێرپەنجە)دا بەهۆی فشاری کۆمەڵایەتییەوە، وشە بیانییەکە دەچێتە سەرەوەی هەرەمی واتایی، بڕوانە هێڵکاریی (١٤). ئەوان ئەم کارە دەکەن و گەلێك جار لەوە بەئاگانیین، ئەگەر وشە وەرگیراوەکە لەزمانە لێوەرگیراوەکە خۆیشیدا وشەیەکی تابووبێت یان نا[٤١]. کردەی لێکگەیشتن لەڕێگای فۆڕم دارشتنەوە بۆئەوەیە، کە لەگشتێتیەوە بەرەو تایبەتێتیی بڕوات و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت بەتایبەتی لەتابوو و جوان-بەخشیندا، بڕوانە هێڵکاریی(١٤):-

هێڵکاری(١٤):-




لە وەرگرتنی وشەی بیانییدا باس لەوەکراوە، کە تابوو هۆکاری وەرگرتنی وشەی بیانییە بۆ ناو زمانی کوردیی، وەك لەهێڵکاریی(١٤)دا خراوەتەڕوو/لیباس/ وشەیەکی عەرەبییەو بەرامبەربە/دەرپێکورت/ی کوردیی دەوەستێتەوە، بەڵام بەهۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی تابوو، وشە وەرگیراوەکە دەچێتە سەرەوەو بەکاردەهێنرێت، چونکە بەکارهێنانی ئەو وشەیەی لەزماندا هەیە، بەکارهێنانی تابووە، هەروەها

[٤٠] شاخەوان جەلال فەرەج، ( ٢٠١١: ٦٠).

[٤١] محەمەدی مەحوی، بەرگیدووەم، (٢٠٠٩: ٧٣).

لەبەش و پارەکانی پێشتردا باس لەگشتێتیی کراوە، هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو، کە وشە لەگشتێتییەوە بەرەوتایبەتێتیی بڕوات زیاتر واتاکەی ڕووندەبێتەوە، ئەوەی لەهێڵکاریی(١٤)دا خراوەتەڕوو فۆرمداڕشتنە بۆ بەرەوتایبەتیی بردن، واتە فۆڕمی(ژنهێنان)تایبەتکراوە بەکوڕو فۆڕمی (شوکردن)بۆ کچ بەکاردەهێنرێت، واتە ئەگەر ئەم فۆڕمانە بەکاربهێنرێت گوێگر زیاتر لەمەبەستی قسەکەر تێدەگات و پێویست ناکات بەپرسیارکردن واتاکەی بۆڕوونبکرێتەوە.

## (٢-٢-١-٢) گۆڕینی بەها

ئەگەرچی زمان وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ کاردەکات، بەڵام دەکرێت کۆمەڵ لەڕێگای داتا سەرەکییەکانەوە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی بەمرۆڤەکان ببەخشێت، واتا توانستی زمان خۆڕسکییە، بەڵام توانا، کە بەشێك دەبێت لەبەکۆمەڵایەتی بوون و بەنەتەوەیی بوون، چالاککەری توانستەکە دەبێت، بۆیە زۆرجار بەڕێگای پێکەوەیی کۆمەڵایەتییەوە داڕشتنەکان زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە، کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی ئەگەرچی باس لەژمارەیەك لەخەڵك دەکات، بەڵام ژینگەیەکی هاوبەشیش دەبێتە کۆکەرەوەی ژمارەیەك لەخەڵك، ئەگەر لەنێوان کۆمەڵێکدا ئامانج و مەبەست و هیوای هاوبەش هەبێت ئەوا لێك نزیکییەکان لەنێوانیاندا زیاتردەبێت و بەپێچەوانەشەوە. هەروەها دەکرێت لێکدانەوە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەست بەدنیابینییەوە پەل بۆ مۆرفۆلۆژیی و ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژیی بهاوێت، چونکە لەڕێگای فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانەوە دەتوانین بزانین، کە لەکۆندا جیاکاریی لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا نەکراوە، بۆیە دەربڕاوی>زاین< بەرامبەر بەمرۆڤ بەکارهاتووە، چونکە دەقی بەستووە وەکو دەربڕاوەکانی/خوشکەزا/، /پوورزا/، /کچەزا/، .......تاد، لێدروستبووە، هەروەها دەربڕاوی>ئاوس< بەرامبەر بەئافرەت بەکارهاتووە، بەڵام زمانی کوردیی دەربڕاوی نوێی بەرامبەر بەو دەربڕاوانە داڕشتووەتەوە بۆئەوەی نرخ و بەهای مرۆڤ جیابکاتەوە لە گیانەوەرانی تر، کە ئەو دەبڕاوانە لەبنەڕەتدا بۆ ئاژەڵ هاتووە بۆ جیاکردنەوەی لەنرخی مرۆڤ، بۆنمونە وشەی /لەدایکبوون/، بەرامبەربە/زاین/ و /دووگیان/ بەرامبەر بە /ئاوس/، هەروەها لەڕێگای پارافرێزەوە ئەتوانین دووبارە فۆڕم دابڕێژینەوە بۆ دەربڕاوی/خوشکەزا/، /پوورزا/، /کچەزا/، .... تاد، بڕوانە نمونەی(٢٥) لە پارافرێزدا.

هەروەها دەربڕاوی>بەچکە< بەرامبەربە >منداڵی مرۆڤ<بەکاردەهێنرێت، کە خودی ئەو فۆڕمە لەبنەڕەتدا بۆ >توولە سەگ < و > جاشولکە< بەکاردەهێنرێت، ئەمەش کەمکردنەوەی نرخ و بەهای مرۆڤە لەکۆمەڵدا، هەروەها دەربڕاوی>ئێسکوپروسك<مان هەیە، کە بەرامبەربە مرۆڤ و ئاژەڵ بەکاردەهات لەدۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، بەڵام دەربڕاوێکی نوێ بۆ هەمان ئەو حاڵەتە داڕێژراوە بۆئەوەی نرخی مرۆڤی پێ لەئاژەڵ جیابکرێتەوەو هەریەکەیان لە ئاستی بەهای خۆیاندا وشەیان بۆ حاڵەتە تایبەتەکانیان

هەبێت، ئەویش دەربڕاوی>ڕووفات<ە، کە تایبەت کراوە بەمرۆڤ[٤٢]. سەبارەت بەچەمکی>مردن< لە زمانی کوردییدا، خودی چەمکەکە بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەڵام سەبارەت بەنرخ و بەهای کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و جیاکردنەوەی لەگەڵ گیاندارەکانی تردا، کە [– مرۆڤ] ن، تەنانەت نرخی مرۆڤەکانیش لەگەڵ یەکدا جارێکی تر فۆڕمی بۆ داڕێژراوەتەوە، کە هەموویان سەر بەکەتیگۆری [+ نەمان]ن، وەك پێشتر لەدووهێندەییدا خراوەتە ڕوو، هەروەها لەزمانی کوردییدا بۆ جیاکردنەوەی نرخی جەستەی مرۆڤ لەگەڵ گیانەوەرەکانی تر لێرەشدا چەمکی>تەرم<، >کەلەش<ی بۆ لاشەی مرۆڤی مردوو داڕشتووە، هەروەها بۆ گیانەوەری تر چەمکی> لاك <، >کەلاك<ی داڕشتووەو بۆ نەمانی ڕووەکیش چەمکی>سیس<، >وەریو<ی داڕشتووە[٤٣]، هەروەها هەندێك دەربڕین هەیە لەزماندا دەتوانریت لەشوێنی یەکدا بەکاربهێنرێت وجێگەی یەکتر بگرنەوە، ئەم دەربڕینانە لەڕووی واتای ئاوەزییەوە هاوواتان، بەڵام لەنیشانەی[+ڕێز]دا جیاوازن، هەروەها بەهۆی باری کۆمەڵایەتی گوتنەکەوە نیشانەی [+ڕێز]دەرکەوتووە ئەمەش لایەنێکی تری جیاکردنەوەی نرخی مرۆڤە، بڕوانە نمونەی(٤٤):-

٤٤) أ.پیاوەکە کۆچی دوایی کرد.[ +ڕێز ]
ب. ماڵئاوایی کرد. [ +ڕێزی زۆر ]
پ. دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. [+ڕێز زۆر زیاتر ]
ت. ئەولاتر چوو.[ – ڕێز ،+ بێڕێزی ]
ج. لنگی جووتکرد [ + بێڕێزی زۆر ] [٤٤].

ئەو فۆڕمانەی لەنمونەی(٤٤)دا هاتوون، هەموویان نیشانەیان بۆ نەمانی مرۆڤ لێدراوە، واتە تایبەت کراون بەمرۆڤ و ناتوانرێت بۆ [–مرۆڤ]بەکاربهێنرێت، هەریەکە لەو چەمکانەی تایبەتکراون بەمرۆڤ بەپێی نیشانەی [+ڕێز] بەرامبەر بەمرۆڤەکان بەکاردەهێنرێت، وەك لەنمونەکەدا خراوەتەڕوو، ئەوەی لێرەدا مەبەستە بوترێت فراوانبوونی واتای چەمکی/مردن/ە، چونکە چەمکی>مردن<خۆی لەبنەڕەتدا لەگەڵ [+گیاندار ][٤٥]دا بەکاردێت و گشتێتیی دەردەبڕێت، واتا ئارگۆمێنتێك داوادەکات، کە گیانداربێت، بەڵام بەهۆی فراوانیی بەکارهێنانی ئەم کردارەوە ئێستا لەگەڵ [–گیاندار]یشدا بەکاردێت، واتە بووەبە پریدیکات، بەڵام ئەو فۆڕمانەی لەنمونەی(٤٤)دا هاتوون ناتوانن ببن بە پریدیکات، چونکە نرخی مرۆڤی تێدا دیاریکراوە، بڕوانە هێڵکاری(١٥)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(بەشی سێیەم).

---

[٤٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (١٣/ ٤ / ٢٠١٥).

[٤٣] سەلام ناوخۆش /نەریمان خۆشناو، (٢٠١٠: ١٩٥).

[٤٤] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ١٢٢).

[٤٥] گیاندار مەبەست لە (زیندوو)ە، بەواتا هەرشتێگ گیانی تێدابێت.

**هێڵکاری (١٥):-**




ئەوەی لەهێڵکاری(١٥)دا ڕوونکراوەتەوە، فراوانبوونی چەمکی /مردن/ە، چونکە وەك لەهێڵکارییەکەدا دیارە، گشتێتیی دەردەبڕێت و کۆی هەموو ئەو چەمکانەیە، کە بەرامبەر بە مرۆڤ دەردەبڕدرێت، هەروەها سەربە نیشانەی گشتیی [+نەمان]ە، سەرەڕای ئەوە، چالاکبوونی وشەکە وایکردووە، کە ئەم چەمکە بەواتایەکی فراوانەوە بەکاربێت و ببێت بەپریدیکات، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە لەگەڵ [+گیاندار]یشدا بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نمونەی(٦٠).

هەروەك لەسیمانتیکی پێکهێناندا ئاماژەمان پێدا، کە یەکێك لەکێشەکانی سیمانتیکی پێکهێنان کۆکردنەوەی فۆڕمەکانە لەڕێگای یەك نیشانەی واتاییشەوە بێت، واتا ئەگەر چەند فۆڕمێك تەنها یەك نیشانەی واتاییان لەیەك بچێت ئەوا سیمانتیکی پێکهێنان لەژێر چەتری ئەونیشانەیەدا فۆڕمەکان کۆدەکاتەوە، یەکێك لەوکێشانەی، کە بەوهۆیەوە دروستبووە گوێ نەدانە بەجیاکردنەوەی نرخ و بەهای مرۆڤ و گیاندارەکانی تر، بۆنمونە: وشەکانی (/مانگا/، /گەماڵ/، /بەرازی مێ/، /مریشك/، /مەڕ/، /کچ/، /ژن/، دێڵ...) ئەمانە هەموویان دەچنە ژێر سێبەری یەك نیشانەی واتایی، واتا ئەو نیشانەیە لەهەموویاندا هەیە ئەویش [+مێ]یە، بەڵام داڕشتنی فۆرمی فەرهەنگیی جیاواز لە زمانی کوردییدا بۆ جیاکردنەوەی بەهاکەیانە، ئەویش بەو پێیەی لە بری یەکتری بەکارناهێنرێن، هەروەها وشەکانی (/گۆلك/، /توتك/، /جوچك/، /بەبە/، /کار/، /بەرخ/، مناڵ، بێچوو....)، بەهەمان شێوە یەك نیشانەی واتایی کۆیان دەکاتەوە، ئەویش [+بەچکە]یە، لە ڕێی فۆڕمەوە بەهاکان جیاکراوەنەتەوەو ڕێگا بە تێکەڵ بوونی بەهاکان نەدراوە[٤٦]. نموونەکانی سەرەوە ئەوەی دەرخستووە، کە (ا) پەیوەست بە بەهای داڕێژراوی مۆرفۆلۆژیانەوە، کە دەربڕی

---

[٤٦] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە/ پەروین عوسمان عەللاف، ( ٢٠٠٩).

تێڕوانینی ڕابردووی کوردیین ، دووهێندەیی کردن فۆڕمی بۆ گۆڕینی بەها هاتۆتە کایەوە، بڕوانە (ئاوس و دووگیان)، (خوشکەزا و کوڕ/کچی خوشك)، (ئێسکوپرۆسك و ڕووفات)، (مردن و تۆپین)..... (ب) پەیوەست بە جیاکردنەوەی بەهاشەوە زمانی کوردیی لەڕێی فۆڕمداڕشتنەوە ، واتە لەڕێی بیچمەوە بەهاکانی جیاکردۆتەوە ، ئەویش بە پێی ئەوەی لە نیشانەی گشتێتییدا بۆ بەهاکان وشەی جیاکردۆتەوە بڕوانە (بێچوو، تووتك، جوچك، بەرخ، گوێرەکە)، کە بۆ نیشانەی گشتیی [+ بەچکە] و (مانگا، گەماڵ، مریشك، مەڕ، کچ، ژن، دێڵ، ماکەو، ماکەر...)، کە بۆ نیشانەی گشتیی [+ مێ] داڕێژراون و بەهاکان دەبنە بەربەستی بەکارهێنان لەبری یەك.

## (٢-٢-١-٣) جیاوازیی کۆمەڵایەتی

جیاوازیی یان هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی زۆر ڕوونەو هیچ کۆمەڵێك لێی بەدەرنییە[٤٧]. سروشت و قەبارەی ئەو کۆمەڵگایە، هەرچۆنێك بێت، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، چونکە هۆکاری سەرەکی پێکەوە بەستنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە، هەروەها لەنێوان تاك و کۆمەڵدا پەیوەندییەکی ئاراستەیی دوانیی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی زمانی کۆمەڵ لەسەر تاك بەهێزترە لەکاریگەریی زمانی تاك لەسەر زمانی کۆمەڵەکەی، چونکە تاك ئەندامە لەسیستمێکی زمانی کۆمەڵداو تاکەکان لەبەکارهێنانی زماندا جیاوازن، بەڕێژەی تێگەیشتنیان لەسروشتی ئەو پەیوەندییەو گرنگیدانیان بەوشەکان وەهای کردووە، کە قسەپێکەرانی زمانێك جیاوازییان لەزانینیی زمانەکەی خۆیاندا هەبێت[٤٨]. زۆر شتیش هەیە، کە ئاماژە بۆ ئەو جیاوازییە دەکات، هەندێکیان پەیوەندییان بە نەژادو ڕەچەڵەك و هەندێکی تریان بەسامان، هەندێکی تریان پەیوەندییان بەپیشە، تەمەن، ڕەگەز، یان ئاین.....تاد هەیە[٤٩]، بەڵام ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستە جیاوازیی دەربڕینی تاکەکانی کۆمەڵە، زمانی هەرتاکێك لەخۆیدا زمانێکی تایبەتە بەخۆی، چونکە دووکەس لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەرگیز شارەزایی زمانییان وەکویەك نییە[٥٠]، هەروەها جیاوازیی ئابووریی و ڕۆشنبیریی و ڕەفتارو بۆچوون، کۆمەڵ دابەشی چەند چین وتوێژێك دەکەن، کە هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بەهەموویانەوە کۆمەڵ پێکدەهێنن. ئەندامەکانی هەموو کۆمەڵێك خەسڵەتە جیاوازەکانی هەر چین و توێژێکی کۆمەڵەکەی خۆیان دەزانن. زمانیش توخمێکی گرنگە بۆ جیاوازی چین و توێژەکان، شێوازە بەرزەکانی ئاخاوتن زیاتر کۆمەڵایەتین نەك ناوچەیی، لەبەرئەوە لەلایەن گرووپی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا بەباشترو

(٤٧) شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٣: ٢٩٥).
(٤٨) شاخەوان جەلال فەرەج، (٢٠١١: ٥).
(٤٩) شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٣: ٢٩٥).
(٥٠) شاخەوان جەلال فەرەج،( ٢٠١١: ٦).

شیاوتر دادەنرێن. هەریەك لەو بوارانەی، کەبەشێك لەپێوەرەکان پێکدەهێنن، دەربڕین وزاراوەی تایبەتیان هەیەو فەرهەنگی زمانی تاك دەوڵەمەند دەکەن، واتا کاریگەریی لەسەر زمانی تاك دروست دەکەن.

هەریەکە لەوپێکهاتە کۆمەڵایەتیانە خاوەنی دەربڕین وزاراوەی تایبەت بەخۆیانن، کە لەوانی تر جیایان دەکاتەوە[٥١]، کە دەوترێت زمان ڕەگەزێکی زۆر گرنگە بۆ جیاکردنەوەی توێژێك لەوەی تر، ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە، کە دیاردەی زمانیی تایبەت بەتوێژێکی کۆمەڵایەتیی هەیە ئاماژەیەکی ڕوون بەو توێژانە دەکات[٥٢]. زمان سیمای جیاکەرەوەی تاکە، لەزمانی ئاخاوتنی هەرکەسێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، کە ئاماژە بەپێگەو چین و توێژی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پیشەی کەسەکە دەکەن[٥٣]، چونکە تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن(بەکارهێنانی زمان)بەتایبەتمەندی گروپەکۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستن و واش پێشبینی دەکرێت، کە ئەندامانی ئەو گروپانە بەپێی پێگەو بۆچوونی خۆیان زمان بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنن. تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو هۆشیاریی زمانیان سەبارەت بە جیاوازیی زمانی چین و توێژە جیاوازەکان هەیەو لەئاخاوتنەکانیاندا پەیڕەویان دەکەن، واتا ئاخێوەرانی یەك زمان، وەکو یەك زمانەکە بەکارناهێنن وجیاوازییان هەیە[٥٤]، دەتوانرێت گرنگی جیاوازییە زمانییەکان لەپێڕەوی کردارەکانی زمانی کوردییدا ببینرێتەوە، بەهۆی توانای بەکارهێنانی میتافۆڕیانەی ئەم سیستەمەوە، کە لەحاڵەتی تابوو و گەمەزمانیەکاندا دەردەکەوێت جۆرە توانایەکی کراوەی بەئاخێوەرانی زمانی کوردیی بەخشیوە، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئاوەزیانەتر بیرو واتاکانی ئاوەزیی دەربڕێت[٥٥]. گەشەی ڕۆشنبیریی تاك، بەشێوەیەکی تایبەت گۆڕانکاریی لەزمانی تاکدا دروستدەکات، بەتایبەت لەوشەو پێکهاتە زمانییەکانیدا، تەنانەت لەچۆنێتی گۆکردنی دەنگەکان و دەربڕینی ڕستەشدا ڕەنگ دەداتەوە. بێگومان جیاوازی لەئاستەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی خەڵکی یەك ناوچەدا هەیە، کە هەریەکێکیان کاریگەرییان لەسەر زمانی(شێوازی ئاخاوتن)ی کەسەکە هەیە، ئاخاوتنی تاك، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ئاخێوەر دەردەخات.

لەیەك کۆمەڵی زمانیدا، شێوازی ئاخاوتنی خوێندەوارو نەخوێندەوار لەیەکتری جیاوازن، تەنانەت خوێندەوارەکانیش بەپێی پلەو ئاستی خوێندەوارییان، بەجیاواز زمان بەکاردەهێنن[٥٦]، بۆنمونە

---

[٥١] هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ٢٤).

[٥٢] شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٣: ٢٩٦).

[٥٣] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دیاریکردنی کەسایەتی لەڕێگەی ئاخاوتنی تاك و ڕەچاوکردنی تەمەن و جیاوازی کۆمەڵایەتی بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی، ( ٢٠١٠: ٤٧).

[٥٤] هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ٢٤).

[٥٥] شاخەوان جەلال فەرەج،( ٢٠١١: ٧).

[٥٦] هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ٢٤).

مامۆستایانی زانکۆ لەنێوان خۆیانداو لەگەڵ پێگەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا جیاوازن، پزیشکان زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لە کەسانی تر جیایاندەکاتەوە، هەروەها پارێزەران وئەندازیارانیش زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیە، هەموو پیشە جیاوازەکان بەپێی تایبەتمەندی پیشەکەی خۆیان شێوازو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و زمانییەکان لەگەڵ یەکترییدا هاوشانن، بۆیە بونی شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن، جیاوازی پێگەیەك لەپێگەیەکی تر لەناو یەك زماندا دەسەلمێنێت[57]. ئەو زمانەی لەکۆمەڵێکدا بەکاردێت، بێگومان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تر کەم تا زۆر دەگۆڕێت، ئەمەش لای چۆمسکی بە(توانا) ناودەبرێت، هەروەها ئەوەی، کە ئەم زمانە دەکات بەزمانێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، واتە کۆی هەموو جیاوازیەکانی قسەپێکەرانی زمانێك کۆدەکاتەوە، ئەویش لای چۆمسکی بە(توانست ) ناو دەبرێت، کە بەهۆیەوە ئەو توانا زمانییە لەلای هەر تاکێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو دروست دەبێت و ئەو توانایەی دەداتێ گوزارشت لەهەرشتێك بکات بەهەرشێوازێك، کە لەوانەیە پێشتر نەیبیستبێ[58]، بەڵام هەموویان ڕێسای زمان و ڕەفتاری گشتیی دەیانبەستێت بەیەکەوەو دەیانکات بەیەك زمانی گەیەنراو لەیەك کۆمەڵدا.

زمان، هۆکارێکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لەهەموو کردەکاندا، ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، چونکە لەفێرکردنی نەریتەکان وپاداشت و سزا کۆمەڵایەتییەکاندا زمان بەشدارە. گواستنەوەی کلتور لەڕێگەی زمانەوەیەو گونجاندنی تاکیش بەهەمان شێوە. ئەمانە هەموویان لەپرۆسەیەکی گەورەتردا خۆیان دەنوێنن، کە پەیوەندی کردنە. گونجانە زمانییەکان کۆڵەکەیەکی گرنگی پەیوەندیکردنن، ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو بەهەموو جیاوازیی نێوانیان، یاسا گشتییەکانی زمانەکە تێکناشکێنن. سەرەڕای ئەوانەش، دوو ئاراستەی جیاوازو دژیەك لەژیانی هەر زمانێکدا هەیە، ئاراستەیەکیان بەرەو جیاوازیی زمانی دەڕوات، کە زمان بەرەو گۆڕان و هەمەچەشنی دەبات، ئاراستەکەی تریشیان ڕێککەوتنی زمانییە، کە زمان بۆ خۆپاراستن و یەکگرتن و ڕێککەوتن دەبات، کە هیچیان لەدەسەڵاتی مرۆڤدا نین. لە ڕاستیشدا ئەم دووئاراستەیە بوون بەبنەمای هەڵکردن وگونجاندنی تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتریدا، هەرکەسێك لەژیانیدا، مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیاوازە لەیەکێکی تر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسێتیی تاك کاریگەریی لەسەر کۆی ئەو ئەزمونانە هەیە، کە فێریان دەبێت و جیاوازیی خەڵکی لە وەڵامدانەوەیان بۆ بارە هاوشێوەکان دەسەپێنێ، بەمپێیە ئەو هەمەچەشنییەی، کە لەزمانێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێت پشت بەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان تاکگەرایی و هەڵکردنی تاکەکان لەکۆمەڵدا دەبەستێت. مرۆڤ بەپێی(تەمەن، ڕەگەز، کار و پیشەی کۆمەڵایەتی) هەڵوێست و ڕۆڵی جیاواز دەبینێت، کە هەندێکیان بەئارەزوون و هەندێکیشیان خۆنەویستن وەك(>نێر<، >مێ<، >منداڵ<، .....تاد)[59]، هەموو

[57] شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٣: ٢٩٦).

[58] شاخەوان جەلال فەرەج، ( ٢٠١١: ١١).

[59] هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ١٥).

پیشەیەك دیالێكتی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەتی ئەو پیشانەی زاراوەی هونەری بەكاردەهێنن، وەكو پزیشكەكان و سەرباز و دەلاك و ڕاوچییەكان و ئەوانی تر، كە هەموو زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، یەكێك لەنیشانەكانی سەركەوتنیش ئەوەیە، كاتێك مرۆڤ بۆ هاوپیشەكانی دەدوێ بەزمانی پیشە بدوێ، هەروەها ئەگەر زمان لەڕێگەی تەمەنەوە لای تاكە كەسێك جیاوازبێت، ئەوا هەمەجۆری زمانی ڕوونترو ئاماژەدارترە بەسەر ڕواڵەتە كۆمەڵایەتیەكانەوە، مەبەستمان لەوە هەمەجۆری زمانە لەنێوان بەتەمەنەكان و گەنجەكان، تەمەنیش هەژمونی لەسەر ئاخاوتنی زمانی تاك هەیە، بەتەمەنەكان زمانێكی ئاخاوتنیان هەیەو گەنجەكانیش زمانێكی دیكەو ناتوانن بەزمانی یەكتر بدوێن، كەچی لەیەك ژینگەو بەیەك زمانیش دەدوێن. لێكۆڵەرەوان لەم بارەیەوە پێی دەڵێن" كەلێنە زمانەوانییەكانی نێوان نەوەكان" (Linguistic generation gaps)، كەلێن گەلێكەو نەوەكان هەوڵدەدەن بەزمانی هاوبەش پڕی بكەنەوەو ئەم هەوڵەش لەكۆمەڵگادا تێبینی دەكەین لەكاتی قسەكردنی باوكان بۆ ڕۆڵەكانیان یان گەورەكان بۆ بچوكەكان یاخود لەكاتی قسەكردنی بچوكەكان بۆ بەتەمەنەكان، كە بەزۆری زمانی سێیەم بەكاردەهێنن، ئەو پەیوەندییە دروست دەكات و جیاوازیی تەمەنەكان دیار ناخات[٦٠]. لێكۆڵینەوە لە تەمەن و پەیوەندی بەزمانەوە، بە تایبەت لە لێكۆڵینەوە جیاوازەكانی كۆزمانەوانیدا، تا خاڵی یەكتربڕی نێوان ژیان و مێژوو درێژ دەبێتەوە. تەمەن وەك زاراوەیەكی كۆزمانەوانی كەمترین تێگەیشتن و لێكۆڵینەوەی لەسەر كراوە، لەچاو هاوپۆلە جیهانییەكانی(جێندەر، پلەوپایە، چین، ....)، كە كاریان لە گۆڕانكاری زماندا كردووە. مرۆڤ لەتەمەنی خۆیدا، بەچەند قۆناغێكدا تێدەپەڕێت، كە(<ساوایی> ، <منداڵی>، <هەرزەكاری[٦١]>، <لاوێتی>، <پێگەیشتوو>، <پیری>)ن، هەریەكێك لەو قۆناغانە تایبەتمەندی و سیمای خۆیان لەسەر لایەنی هزری و جەستەیی و دەرونی و كۆمەڵایەتیی ڕەفتاری مرۆڤ نیشاندەدەن. كاتێك قسەكەر بەدرێژای تەمەنی لەگەڵ تێپەڕبوونی كات، بەم هەموو گۆڕانكارییە فیسیۆلۆژی و كۆمەڵایەتیانەدا دەڕوات و ژیانیش بەردەوامە، ئەوا ناتوانێت هیچ گۆڕانێك لەبەكارهێنانە كۆمەڵایەتییەكانی زماندا نەكات، زمانیش وەكو ڕەفتارێكی مرۆڤ، یەكێكە لەو بوارانەی، كە دەكەوێتە ژێر هەژموونی ئەو قۆناغانەوەو ڕەنگدانەوەیان تیایدا دەبێت.

زمان، لەگەڵ تەمەنی تاكدا گەشەدەكات و هەر قۆناغێك لەتەمەن جۆرێك لەتایبەتمەندی بەزمان دەبەخشێت، كە هەموو كەسێك پێیاندا تێپەڕدەبێت و هەرقۆناغێك فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیەو بەهەموویان فەرهەنگی زمانی تاك پێكدەهێنن، دەربڕینی كەسەكان بەپێی تەمەنیان گۆڕانیان بەسەردادێت. جیاوازییە زمانییەكانی تاك، ڕەنگدانەوەی لەئاخاوتنی كۆمەڵدا دەبێت و بەتێپەڕبوونی كات، لەگەڵ گۆڕانە مێژووییەكاندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی زمانی لەقۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر[٦٢].

---

[٦٠] عبدە ئەلراجحی، و/ عەبدوڵڵا گەرمیانی، (٢٠١٣: ٨٢).

[٦١] Daniel Swingley, Richard N. Aslin (2000).

[٦٢] هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ٢١).

هەروەها سەبارەت بەهەمەجۆری زمانەوانیی بەپێوەری ڕەگەز، تەنها کورت نەهاتووتەوە سەر ئەو کۆمەڵگایانەی سنوورگەلێکی بەهێزیان هەیە لەجیاکردنەوەی نێرو مێیەکان لەیەکتر، بەڵکو لەو کۆمەڵگایانەشدا بوونی هەیە، کە ئەو سنوورەیان بەلاوە لاوازە یاخود هەربوونی نییە[٦٣]، سروشت و لۆژیکی ژیان و بوون، بوونەوەرانی بەسەر دوو ڕەگەزی نێرو مێدا دابەش کردووە.

(ئەنتۆنی گیدێنز) دەڵێت: "ڕەگەز بریتییە لەجیاوازی بایۆلۆژی یان ئەندامیی نێوان ژن وپیاو، بەڵام جێندەر بریتییە لەجیاوازی کلتوری و دەرونی نێوان نێرو مێ"[٦٤]، هەروەها جێندەر پۆلێنێکی کۆمەڵایەتییە، بەڕەفتارە دیاریکراوەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە، زمانیش لەدیاردەی نێرو مێ بێبەش نەبووەو زۆربەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، هەریەکە لەڕەگەزەکانی نێرو مێ، کۆمەڵەیەکی زمانی پێکدەهێنن، کەم و زۆر جیاوازیان لەگەڵ یەکتریدا هەیەو هەریەکەیان فەرهەنگی تایبەتیان هەیە، لەزمانی جەستەو پلەی دەنگ و وشەو دەربڕینەکان و هەندێك دەنگ و دەربڕینی سەرسوڕمان، ئەمانە وادەکەن، کە شێوازی ئاخاوتنی ژن و پیاو لەهەموو زمانێکدا بەڕێژەی جیاواز لەیەك جیابن[٦٥]، لەڕابردوودا لێکۆڵەران ئامانجیان نیشاندانی پەیوەندی جێندەر بە بەکارهێنانی چەندشێوازێکی زمانیی دیاریکراو بووە، بەڵام لەئێستادا مەبەستیان خستنەڕووی بەکارهێنانی چۆنییەتی خستنەڕووی کەرەستە زمانییە بەردەستەکانە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بۆ پیادەکردنی جێندەر، هەرجارێك، کە قسەدەکەین دەبێت ژنبوون و پیاوبوون بەدەست بهێنین[٦٦]، یەکێك لەوانەی گومانی لەبارەوە نییە بوونی زمانی پیاوان و زمانی ژنانە ڕوونە، کە ئافرەتان بەیەکدەگەن بەزمانێك دەدوێن جیاواز لەزمانی نێوان پیاوان، کە پیاوان و ئافرەتانیش کۆدەبنەوەو تێکەڵ دەبن بەزمانی سێیەم دەدوێن[٦٧]، ئەگەر هەمەجۆری زمان لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا ئەوەندە ڕوونی هەبێت، ئەوە لەو کۆمەڵگایانەدا زۆرترو ڕوونترە، کە ڕۆڵ و کاری ژنان و پیاوان لەیەك جیاوازترن، چونکە لەم کاتەدا زیاتر گرنگتر دەبێ لەتێگەیشتنی بونیاتی کۆمەڵایەتیدا[٦٨].

ئەوە مرۆڤ و کلتورو کۆمەڵە، کە جل و بەرگ و یاری و ڕەفتارو تەنانەت شێوازیی ئاخاوتن و دەربڕینەکانی دوو ڕەگەزەکە لەیەکتری جیابکاتەوە[٦٩]، سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا هەیە، کۆمەڵێك زاراوە هەیە هاوبەشە لەنێوانیاندا بۆ هەردووڕەگەزە بەکاردێت، وەکو "مامۆستا"،

---

(٦٣) عبدە ئەلراجحی، و/ عەبدوڵڵا گەرمیانی، (٢٠١٣: ٨٢).

(٦٤) فلۆریان کوڵماس، (٢٠٠٠: ٢٦٨) وەرگیراوە لە/ هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ١٥).

(٦٥) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێژەی جیاوازی نێوان نێر و مێ بڕوانە، frank parker & kathryn riley، (٢٠١٢: ١٧٦).

(٦٦) هێمن عەبدولحەمید شەمس، ( ٢٠١٣: ١٥).

(٦٧) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زمان و ڕەگەز، بڕوانە، پێشکەوت مەجید محەمەد، (٢٠١٣).

(٦٨) عبدە ئەلراجحی، و/ عەبدوڵڵا گەرمیانی، (٢٠١٣: ٨١).

(٦٩) شەهاب شێخ تەیب، (٢٠١٣: ٢٩٥).

"قوتابی"[٧٠]، بەرگدوور"، "فەرمانبەر"، "نووسەر"، ئەم زاراوانە نیشانەیان لێنەدراوە بۆ جیاکردنەوەی جێندەر[٧١]، بەڵام کۆمەڵێك زاراوەی تر هەیە، کە پیشەیەکی تایبەتە بۆ نیشانەکراوە بۆنمونە"چێشت لێنان" پیشەیەکی تایبەتی ڕەگەزی مێیەو "شۆفێری تاکسی" پیشەیەکی تایبەتی ڕەگەزی نێرەو نیشانەکراوە، هەروەها وشەی جنێودان بۆ ئافرەتی ئارەزووباز لەگەڵ جنێودان بۆ پیاوی ئارەزووباز جیاوازە، بۆنمونە بۆ ئافرەتی ئارەزووباز وشەکانی/سۆزانی/، /لەشفرۆش/ بەفراوانی بەکاردێت[٧٢]، هەرگیز ئەو وشانە بەرامبەر بەپیاو بەکارنایەت، چونکە وشەی/حیز/ بەرامبەر ئەوجۆرە پیاوانە بەکاردێت[٧٣]، بەڵام ئەم زاراوانە هەرچەندە نیشانەکراون، جیاوازی جێندەری لەناو کۆمەڵدا کاڵبوەتەوە، چونکە ئەو زاراوانەی، کە پێشتر تەنها بۆ یەکێك لەڕەگەزەکان بەکاردەهات، ئێستا بۆ هەردوو ڕەگەزەکە بەکاردێت، تەنانەت پێشبینی دەکرێت، کە نیشانەکردنی جێندەری لەکۆمەڵێك زاراوەی تریشدا نەمێنێت بەهۆی کاڵبوونەوەی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ، بۆنمونە"فیتەر"، "باخەوان"، "قەساب"[٧٤]. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەمەجۆرییەی لەزماندا هەیە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەپەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و کاریگەرییەکانی نێوانیاندا دەکات، هەوڵدەدات تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن سوود لەکانگای زمانیان وەرگرن بەپێی ئەو ڕۆڵەی لەکۆمەڵدا دەیبینن بەم پێیەش کەناڵەکانیان بگۆڕن[٧٥]. لەم بوارەدا زمانەوانەکان گرنگی دەدەن بەو جیاوازی و هەمەڕەنگییەی، کە لەزمانی مرۆڤدا هەیە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات هۆکارەکانی ئەم هەمەڕەنگی و جۆراوجۆربوونە شیبکاتەوەو بیانخاتەڕوو.

وەك لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، فەرهەنگ سنوری هاوبەشی نێوان فەرهەنگە ئاوەزییەکانە، ئەگەر لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە تەماشا بکرێت، دەکرێت هاوبەشی و جیاوازی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەنێوان فەرهەنگی ئاوەزی و خودی فەرهەنگدا بکرێت، چونکە لەتاکێکەوە بۆ چین و توێژێکیش لەهەندێك زانیاری(فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و واتا)دا یەکدەگرنەوە. واتە بازنەی پەیوەندییەکان لەنێوان مێنتاڵ لێکسیکۆن و لێکسیکۆندا دەردەکەوێت، بەڵام لەهەندێك لەمێنتاڵ لێکسیکۆنەکاندا، کە پێکەوە پێکهێنەری لێکسیکۆنن جیاوازییەکی سایکۆلۆژیانە–کۆمەڵایەتییانە هەیە، ئەگەر ئەمانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دابڕێژینەوە پەیوەست بەتاك و توێژو چینەوە، ئەوا بەپێی هێڵکاریی (١٦)ڕوونی دەکەینەوە:–

---

[٧٠] چەندین زاراوەی تر بەرامبەر "قوتابی" بەکاردێت، وەکو" خوێندکار"، "فێرخواز"، " تەلەبە"، بڕوانە، عەبدالواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٠).

[٧١] بڕوانە ،ئاڤێستا کەمال مەحمود ،( ٢٠١٢: ١٥٣)

[٧٢] بەکارهێنانی ئەو وشانە "جوان–بەخش"ن، چونکە بەکارهێنانی وشەی/قەحپە/ تابووە.

[٧٣] کریستین نۆردنستام، و/غازی عەلی خورشید، (٢٠٠٩: ٣٥).

[٧٤] شوکر گەلالی، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە(١٠)، ( ٢٠١٠: ٩٥).

[٧٥] شاخەوان جەلال فەرەج، ( ٢٠١١: ١٤).

هێڵکاریی (١٦):-




لەناو نەخشەکەدا جیاوازییە زمانییەکان بەشێك دەبن لەجیاکەرەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەك، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك وشەی سادەی زمانەکە هەیە،کە لەنێوان هەمووچین و توێژەکانی زمانەکەدا بەهەمان فۆرم و واتا بەکاردەهێنرێت وەکو /نان/، /ئاو/،.....)، بەڵام هەندێك وشەی تر هەیە لای کۆمەڵێك بۆ شتێك بەکاردێت و دەچێتە فەرهەنگی زمانی تاك و چین و توێژەکانیشەوە، وەکو /گەڵا/، لە فەرهەنگی ئەو کەسانی کاری گۆڕینەوەی دراو دەکەن بۆ (دۆلار) بەکاردێت ، کەچی ئێستا چووەتە فەرهەنگی زمانی هەموو چین وتوێژەکانەوە، هەروەها هەوڵی تاکەکەسی بەسەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان دادەنرێت، چونکە بەهۆی ئەم هەوڵە تاکەکەسیانەوە چەندین زاراوەی نوێباو هاتوونەتە ناو فەرهەنگی زمانی کوردییەوەو دەوڵەمەندیان کردووە، لێرەدا هەندێك نمونە لەو زاراوانە دەهێنینەوە، کە بەهەوڵی گروپ و تاکەکەس و کەسانی پسپۆڕ دانراون، وەکو("پەرچەکردار"، "جیهانبینی"، "دووانەییەکان"، "وابەستەیی"، "شێوازگەرا"،....)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵە تاکەکەسیانە نابێ بەڕەهایی و بێ لێپرسینەوە ئەنجام بدرێت، چونکە یەکێك لەوکێشانەی، کە بەهۆی هەوڵی تاکەکەسییەوە دێنە بەردەم زاراوەسازی کوردیی، ڕێکنەکەوتنی پسپۆڕانە لەسەر زاراوەیەك و سەرهەڵدانی بیروڕای جیاوازە، تائێستا چەندین زاراوەی جیاجیا بۆ بەشەکانی زمانی کوردیی کەوتووەتە سەرزارو ناو نوسینەوە، بۆنموونە بۆ یەك ناونیشان دووسێ زاراوەی بۆدانراوە، وەکو زاراوەکانی " فرمان "، "کار"، "کردار" ، ...." بەرامبەر بەزاراوەی "فعل/ verb " بەکاردێت، هەروەها زاراوەی "ڕاناو"، "جێناو" بەرامبەربە "ضمیر"ی عەرەبی بەکاردێت، هەروەها بڕوانە نمونەی(٤٥) زاراوە بۆ هەمان واتا بەکاردەهێنن:-

٤٥) - "زانکۆ"، " زانستگا "

- "شاعیر"، "هەستیار"، "هۆنەر "

- "شیعر"، " هەڵبەست"، " هۆنراوە"

- "بکەر"، "کارا"
- "دروستە"، "پێکهاتە" ، "ستراکچەر"
- "ئاوەڵکردار"، "ئاوەڵکار"، "ئاوەڵفرمان"
- " کردار"، " کار"، "فەرمان"
- "خوازە"، " خواستن "، "ئاوەڵواتا"، "میتافۆڕ"
- "ڕوخسار"، "فۆڕم"، "شێوە"، "شکڵ"
- "ئامرازی پەیوەندی"، "پریپۆزشن"

پێویستە پسپۆڕانی زمانی کوردیی یەکگرتووبن لەبڕیارەکانیاندا لەسەر بناغەی تێگەیشتن لەچەمکی زاراوەو قوڵبوونەوە لەواتای زاراوەکان کارەکانیان ئەنجام بدەن، هەروەها لەبواری زاراوەسازیدا دیالێکتەکان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە دەشێت ببێتە هۆی دانانی دووزاراوە بۆ هەمان چەمك، بۆنمونە بۆ زاراوەی"صحة" زاراوەی "تەندروستی/ساخڵەمی" بەکاردێت، بەڵام دەبێتە هۆی دووانەیی لەزاراوەداناندا، لەڕاستیدا ئەم زۆری زاراوەدانانە نابێتە نیشانەی دەوڵەمەندی زمان، بەڵکو ئەرکی فەرهەنگنوس و ئەوانەی دەیانەوێ فێری زمانی کوردیی ببن گران دەکات.

بێگومان سوودوەرگرتن لەدیالێکتەکانی زمانی کوردیی، بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ بەکارێکی باش دادەنرێت [٧٦]، ڕەنگە هەریەکە لەفۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس جگەلە واتا و پراگماتیك، گۆڕانیان تێدا ڕووبدات و ببێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی کردن لەزمانی کوردییدا، بۆنمونە لەئاستی فۆنۆلۆژییدا دەکرێت لەدەرەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە مۆدێلێکی بڕگە دەربڕی فۆنۆتاکتیکی جیاواز بێت، دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە باس لەوە بکەین:-

یەکەم/ پەیوەستە بە زمان وەرگرتنەوە لە بەرجەستەبوونی زانیاریی فۆنۆلۆژییدا، وەك نمونەی(٤٦):-

٤٦) ئەسپ ⟵ ئەپس

زمان ↓ زمانپژان ↓

دووەم/دەکرێت خودی مۆدێلی بڕگەکە لەناو دیالێکتێکی کۆمەڵایەتی بگرە دیالێکتی جوگرافیش دەرخەری زانیاری جیاواز بێت[٧٧]، گومانی تێدا نیە، کە ئەم وشانەی خوارەوە تەنها واتای کۆمەڵایەتیان جیاوازە، واتە لەلایەن گروپی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە بەکاردەهێنرێن بۆ هەمان واتا، بڕوانە نمونەی(٤٧):-

---

[٧٦] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زاراوەسازی بڕوانە، ڕۆژان نوری عەبدوڵا، (٢٠٠٧).

[٧٧] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوەزارەکان بڕوانە، نەریمان عەبدوڵاخۆشناو، (٢٠١٢).

٤٧) /ئاسایش/ ⟵ /ئاشایس/
/تەرزە/ ⟵ /تەزرە/
/بەفر/ ⟵ /بەرف/
/ڕوانین/ ⟵ /نواڕین/
/پیت/ ⟵ / تیپ/
/جگەر/ ⟵ /جەرگ/[٧٨]

هەندێك جار هەردووشێوەی وشەکە لەیەك زاردا بەکاردێن وەك(/فڕین /، /ڕفین/) و (/ڕوانین/، /نواڕین/) جاری وا هەیە وشەکان لەنێوان دووزاری جیاوازدا بەکاردێن وەك(/تەرزە/، /تەزرە/) و(/ بەفر/، /بەرف/) ...تاد. هەروەها سەبارەت بەدروستەیی فۆنۆلۆژیی وشەکانیی زمانی کوردیی کاتێك جێگۆڕکێ لەشوێنی پیتەکاندا ڕوودەدات، هەندێکجار واتاو مەبەستی نوێ بەوشەکە دەدات، وەکو(/زێڕ/–/ڕێز/)، (/ڕەش/–/شەڕ/)، (/سالار/– /لاسار/)، (/ڕیش/–/شیڕ/)، (/کاژاو/–/ژاکاو/)، هەروەها دروستەی فۆنۆلۆژیی ئەو وشانەی لەزمانی بیانییەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە هەندێجار ئەو وشانە بەهەڵگەڕاوەیی دێنە ناو زمانەکەوە، وەکو (/فیلم /–/ملیم/ )، (/ ڕوبع/–/ڕوعب /)، (/طفل/–/تولف/)، ئەمەش پەیوەستە بەزاڵبوونی فۆنۆتاکتیکی تاك بەسەر کۆمەڵدا، چونکە دواتر لەلایەن چین و توێژەکانیشەوە پەسەندکراوەو بەکارهێنراوەتەوە، ئەگەر تێبینی بکرێت لەئێستادا لەئەنجامی فراوانبوونی دەلاقە کۆمەڵایەتییەکاندا ململانێی زاڵبوونەوەی دروستە فۆنۆلۆژییە بیانییەکە دەکرێت، بڕوانەنمونەی(٤٨):–

٤٨)/فیلم/ ⟵ /فلیم/ ⟵/فیلم /

واتە ئەم وشەیە لەبنەڕەتداو لەزمانەبیانییەکەدا/فیلم/ە، بەڵام کاتێك وەرگیراوە چووەتە ژێر کاریگەری فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوەو بووە بە/فلیم/ ئێستا جارێکی تر چینێکی کۆمەڵگا دەیانەوێ ئەم وشەیە وەکو خۆی بەکاربهێننەوەو ڕاستی بکەنەوە، واتا ببێتەوە بە/فیلم /، ئەوەش بەشێکە لە ململانێی چین و توێژەکان بۆ سەرخستنی هەژموون یان تاکگەرایی خۆیان پەیوەست بە فۆنۆتاکتیك و داڕشتنی فۆرمی زمانیی. وشە لەلایەن تاکی ناوتوێژینەوەکەوە دروست دەکرێت و بە هۆی تاکگەراییەکەیەوە بۆ ناو زمان دەڕوات یان دەپوکێتەوە.

---

[٧٨] ئەو وشانەی واتای کۆمەڵایەتییان جیاوازە و جێکەوتەی پیتەکانیان گۆڕاوە ناچنە فەرهەنگەوە .

# بەشی سێیەم

# نواندنی دەرەکی – پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی

## (١-٣) پێکهاتەی سینتاکسیی

ڕێزمان بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە، چونکە وەك ئاماژەی پێدرا، زانیارییەکان لەفەرهەنگدا خەزندەکرێن و ڕێزمانیش وەك پێکهاتەیەکی دەرەکیی ئەو زانیارییانە دەنوێنێت، کە لەپێکهاتەی فەرهەنگییدان. وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، (X)ەکان، کە بۆ لێکۆڵینەوەکە مەبەست لێی "ناو" و"ئاوەڵناو"و" کردار"و "پێشناو"/"($X^n$)و ($X^a$)و ($X^v$)و ($X^p$)ەو لەسەر زانیارییەسینتاکسیی و واتاییەکان جێبەجێدەکرێت.

دانە پڕۆژەسازدەرەکانی زمان ژمارەیەکی سنورداری پۆلەڕەگەزن، کە دەتوانن فۆڕمی سینتاکسی دروست بکەن، لەبەرئەوەی لە توانای پڕۆژەسازداندا وەك یەکن[١]، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی تایبەتمەندی سینتاکسییەوە ناونراون($x^0$)، کە نواندنی سینتاکسی جیاوازیان پەیوەست بەجۆری پۆلە ڕەگەزەکانیانەوە تێدا هەڵگیراوە، واتا ئەگەرچی(x)ەکان لەپرۆژەسازداندا چونیەکن، بەڵام لە زانیاری سینتاکسیاندا جیادەبنەوە. ($x^0$ )ەکان دانەی فەرهەنگیین، بەوجۆرەی لە بەشی یەکەمدا لە پێکهاتەی فەرهەنگدا باسی لێوەکرا، بۆ بونیادنانی سینتاکسی هەمەجۆر بەکاردەهێنرێت، بەو پێیەی لەتیۆری(x-bar)دا باسی لێوەدەکرێت(x)ەکان، "ناو"و "ئاوەڵناو"و "کردار"و .....نن،[٢]، کە دێنە ناو پێکهاتەی سینتاکسییەوە بەجۆرێك، کە ئاستی نواندنی جیاوایان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی(١٧):-

هێڵکاریی (١٧):-

پێکهاتەی فەرهەنگ

فرێز ] پێکهاتەی سینتاکسی (١)

ڕستە ] پێکهاتەی سینتاکسی (٢)

بەپێی نەخشەکە($x^0$ )ەکان بۆ دروستکردنی پرۆژەی فرێز دەبرێنە پێکهاتەی سینتاکسی یەکەمەوە، کە لەڕێگای($x^0$ )ەکانی لەجۆری "ناو"، "ئاوەڵناو"، "پێشناو"، "دیارخەر" دواتر لەڕێگای ($x^0$)ەکانی لەجۆری "تاف" و" ڕێککەوتن"ەوە فرێزەکان دەگەن بەپێکهاتەی سینتاکسی دووەم. ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە($x^0$ )ەکانی جۆری یەکەم، کەبە ($x^0$)ی فەرهەنگی دادەنرێت دەتوانن بۆ زمانی کوردی دوو پێکهاتەی سینتاکسی دروست بکەن، کە ئەوانیش بریتین لە"دەستەواژ–Phrase"و

---

(١) Cook and Newson, (197:161).

(٢) سەرچاوەی پێشوو.

"دەستەواژیلە-Sub Phrase"، بەوەش ئەو پێکهاتە سینتاکسیەی لەهێڵکاری(١٧)دا خرایەڕوو سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە، چونکە بۆنمونە ئاوەڵناوێك لەجۆری(/زیرەك/، /جوان/، /سوور/، ...) لەزمانی کوردییدا دەتوانن لەدوو پێکهاتەی سینتاکسیدا دەربکەون، بڕوانە هێڵکاریی(١٨):-

هێڵکاریی (١٨):-










٥٠) أ. کوڕی زیرەك، کچی زیرەك، مناڵی زیرەك ، ......................تاد[٣].

ب. کوڕەزیرەك، کچەزیرەك، مناڵە زیرەك، ..........................تاد.

٥١) أ. کچی جوان، گوڵی جوان، سەیارەی جوان، ......................تاد.

ب. کچەجوان، گوڵەجوان، سەیارەجوان،............................تاد.

[٣] پەیوەست بەپێکهاتەی واتایی و واتای ناپێکهاتەیی بڕوانە پاری دواتر، چونکە ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەدرێت تەنها نواندنی سینتاکسی $(X^0)$ەکانە نەك واتاکەیان.

٥٢) أ. گوڵی سوور، بۆیەی سوور، قژی سوور، ........................تاد.

ب. گوڵەسوور، بۆیەسوور، قژەسوور، ..............................تاد.

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئاوەڵناوەکان دەتوانن لەدوو پێکهاتەی سینتاکسیدا دەربکەون جارێك بونەتەهۆی دروستبوونیی دەستەواژە، وەك نمونەکانی(٥٠–أ)و (٥١–أ)و(٥٢–أ)، هەروەها جارێکی تر توانیویانە لەدەستەواژیلەدا دەربکەون، وەك نمونەکانی(٥٠–ب)و (٥١–ب)و (٥٢–ب). پێکهاتەی فەرهەنگی، کە($X^0$)ەکان دەگرێتەوە بەشداری دەکەن لەدروستکردنی دەستەواژیلەکاندا، کە بەپێکهاتەی سینتاکسی(١)دادەنرێت، دواتر دەستەواژەی فرێزی لێپێکدێت هەنگاوی(٢)ی پێکهاتەی سینتاکسییە، هەنگاوی(٣)دروستبوونی ڕستەیە، وەك لەهێڵکاری(١٩)دا خراوەتەڕوو:–

هێڵکاری (١٩) :–




وەك ئاماژەی پێدرا "تاف"و "ڕێککەوتن" پێکهاتەی سینتاکسی(٢)دەگەیەنێت بەپێکهاتەی سینتاکسی (٣)، کە ڕستەیە، واتە ڕستەش نواندنی($X^0$)ەکانە، کە دەشێت بۆ زمانی کوردی لەخوار خۆیەوە نواندنی سینتاکسی تری هەبێت، نەك پێکهاتەی سینتاکسی تر[٤].

[٤] عەبدولجەبار مستەفامەعروف، (٢٠١٣ : ٣).

## ٣-١-١) نواندنی پێکهاتەی سینتاکسی

ئەو نواندنانە دەگرێتەوە، کە ڕووی جیاوازیی پێکهاتەیی(٣)ن، کە لەهێڵکاریی(١٩)دا خراوەتەڕوو، کە بەپێی یاساکانی گواستنەوە دەبێت هەر هەمان واتایی پێکهاتەیی سینتاکسیی(٣)یان هەبێت و نواندنێکی تری پێکهاتەیی واتاییەکەن، ئەو نواندنانە ئەگەرچی لای ئاخێوەری زمان مەبەستی جیاوازیان لێدەکەوێتەوە، زۆرجار دەبن بە فۆرمێکی ئابووری کردن، بەڵام لەڕووی پێکهاتەییەوە دەبنە نواندنی جیاوازیی پێکهاتەیی سینتاکسیی(٣)یەم، چونکە تەرزی سینتاکسیی زمانی کوردیی لەسەر پێکهاتەیی سینتاکسیی سێیەم بنیاددەنرێت ودەناسرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، کە نواندنە سینتاکسییەکان فۆرمی زیاتر دەخەنە بەردەستیی ئاخێوەریی زمان، کە هەڵبژردەیان دەداتێ تادەربڕینەکانیان هەمەجۆربێت، بۆنمونە ئەگەر لەنمونەی(٥٣)دا پێکهاتەی سینتاکسی($V^0$)ێك بخەینەڕوو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو کردارە بەچەند قۆناغێکدا دەگاتە پێکهاتەی سینتکسی(٣):-

٥٣) $V^0$ خوار

$V^-$سێو خوار

$T^-$ سێو خوارد

$AGR^-$ من سێوم خوارد

لەنمونەی(٥٣)دا پێکهاتە سینتاکسییەکەی بە($AGR^-$)کۆتای هات، کە نمونەیەکی سینتاکسیمان لەسەر سیستەمیی دروستەیی زمانەکە دەداتێ[٥]. بەپێی ئەو نمونەیەی سەرەوە دەسپێکی هەنگاوەکان بۆدروستکردنیی پرۆژەی سینتاکسیی ($V^0$)ە، بەڵام پاش دروستبوونی فۆرمێکی سینتاکسیی لەجۆری ($V^-$)، پرۆژەکان دەکەونە دەستی سەرەئەرکیەکانی وەك/ تاف/و /ڕێکەوتن/. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، تەنها تەواوکەری($V^0$)فەرهەنگییە، تەواوکەرەکانی تری پاش($V^0$)دەبنە تەواوکەرێکی سینتاکسی.

هەروەها وەك ئاماژەی پێدرا پرۆژەسینتاکسیەکان لە($V^P$)ەوە بۆ (TP)دەستپێدەکات و بە (AGRP)کۆتایی دێت، کەواتە بەم شێوەیە دەبێت(کردار/ ڕووداو، تاف، کەس)، بڕوانە منداڵیی کورد لەکاتی زمانپژانیدا بەهەمان شێوە سەرەتا "ڕووداو" پاشان "تاف" پاشان "کەسی ڕێککەوتن" تاقی دەکاتەوە، بۆنمونە>من یاری کردم<، >ئەو نان خواردی<[٦]. بەپێی ڕوونکردنەوەکە ئەوەی، کە دەبێتە نواندنی($AGR^-$)ەکە لەڕووی سینتاکسییەوە هەر هەمان نواندنی دەبێت، چونکە ئەگەر بۆ نمونە بکرێتە

---

[٥] بڕوانە ئاوات حەمەصاڵح قادر، (٢٠١٥: ٨٨).

[٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١١: ١٦).

مۆرفۆسینتاکس و ڕستەی باسمەندیش هەر(أ)نواندنی(AGR⁻)دەبێت[٧]، (ب)هەمان ئەوپێکهاتە خورتیانە دوبارە دەبنەوە یان نیشانە دەکرێن، کە لەپێکهاتەیی سینتاکسیی(٣)دا هەیە، بڕوانە هێڵکاری(٢٠) نواندنی سینتاکسیی کرداری/خواردن/ لە پێکهاتەی سینتاکسی(٣)دا:-

هێڵکاری(٢٠):-

من سێوەکانم خوارد.(پێکهاتەی سینتاکسیی(٣))

| نواندنی(١) | نواندنی (٢) | نواندنی (٣) | نواندنی (٤) |
| --- | --- | --- | --- |
| خواردمن . | من سێوەکانم خوارد | سێوەکە خورا. | سێوەکە لەلایەن منداڵەکەوە خورا . |

نواندنەکان لەهێڵکاری ژمارە(٢٠)دا بۆ دەرخستنی مەبەست و گرنگی بوو لای ئاخێوەری زمانی کوردی، نەك بۆ لادان بێت لەواتاو نواندنیی واتایی، بۆنمونە نواندنی(١) دروستەیەکیی مۆرفۆسینتاکسیی ڕستەکەیە، ئەگەرچی شاردنەوەو ئابوریکردنیی تێدایە، بەڵام بەبەستنەوەی بەپێکهاتە سەرەکیەکەوە واتاکەی ڕووندەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە مۆرفۆسینتاکس لەسینتاکسەوە وەرگیراوە[٨]، بەڵام نواندنیی دووەمیی پێکهاتەسینتاکسیەکە پەیوەستەبە "تیشکۆیی-Focus"ەوە، لای ئاخێوەریی دەربڕیی ڕستەکە ئەویش مەرجە سینتاکسیەکەی جێبەجێ کردووە، بەڵام دەیەوێ باس لە /سێو/بکات و هێناویەتیە پێشەوە. هەریەك لەنواندنی(٣،٤)یش بکەر نادیاریی پێکهاتەسینتاکسییەکەن، واتە چەند نواندنیی سینتاکسیی هەبێت توانای نواندنی فەرهەنگیی کرداری/خواردن/ دەردەخات.

---

[٧] بڕوانە ئاوات حەمەصاڵح قادر، هەمان سەرچاوە.

[٨] ئەگەرچی لەڕووی سینتاکسییەوە مۆرفۆسینتاکس دەتوانرێت لەڕووی کەرەستەوە مەرجی سینتاکسی پێکهاتەی سینتاکسی پێش خۆی جێبەجێ بکات و ئابوری تێدا بکرێت، بەڵام بەربەستی کەلتوریی و کۆمەڵایەتیی زۆرجار ڕێگر دەبێت لەبەردەم دروستکردنی مۆرفۆسینتاکسدا، چونکە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسەکەی دەبێتە تابوو، بۆنمونە:-

| سینتاکسی | مۆرفۆسینتاکسی |
| --- | --- |
| - من قەڵەمەکەم خستە جانتاکەوە. | خستمە ناوی. |
| - ئەو دیوارەکەی کون کرد. | کونی کرد. |
| - سەری ساردیەکە. | سەرەکەی. |
| -من بۆیەم لە نینۆکی دا. | بۆم لێدا. |

٥٤) $v^0$ نێژ

- V نەمام نێژ

- T نەمام دە نێژ

$AGR^-$ من نەمامەکەم ناشت

لەنمونەی(٥٤)دا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیی باسەکە ڕەگیی کرداریی(ناشتن)مان بەنمونە وەرگرتووە، هەروەك لەهێڵکاری(١٩)دا خرایەڕوو/نێژ/دانەیەکی فەرهەنگییە واتە ($v^0$)ە، لەهێڵکاریی(٢١)دا دیارە، کە چەند قۆناغێکیی بڕیوە تاگەیشتۆتە پێکهاتەیی سینتاکسیی(٣)، واتا بە قۆناغەکانی پێکهاتەی سینتاکسی (١)دەستەواژیلەو پێکهاتەیی سینتکسیی(٢)، کە دەستەواژە/فرێزی بڕیوەو دواتر بەهۆی"تاف"و "ڕێککەوتن"ەوە بووەبە(-AGR)و گەیشتۆتە قۆناغی پێکهاتەی سینتاکسی(٣)، هەروەها لەخوارەوە نواندنەکانیی ئەم پێکهاتەیە دەخەینەڕوو، کە چەندین نواندنیی جیاوازیی هەیە، بەڵام دەبێت هەمان ئەو واتایە بگەیەنێت، کە لەڕستە سەرەکیەکەدا گەیەنراوە، ئەبێت لەخزمەتی هەمان واتادا بێت، ئەگەر بێت و واتا بگۆڕێت ئەوا دەبێتە پێکهاتەیەکیی سینتاکسیی تر، لەهێڵکاریی(٢١)دا نواندنەکان دەخەینەڕوو:-

هێڵکاریی(٢١):-

من نەمامەکەم ناشت.(پێکهاتەی سینتاکسی (٣))

| نواندنی (١) | نواندنی (٢) | نواندنی (٣) | نواندنی (٤) | نواندنی (٥) |
|---|---|---|---|---|
| من نەمامەکانم ناشت . | نەمامەکان من ناشتمن . | نەمامەکان بەدەستی من نێژران . | ناشتمن . | نەمامەکان نێژران . |

لێرەدا بەخستنەڕووی نواندنەکانی ئەو ڕستەیە دەردەکەوێت، کە ئاخێوەریی زمان چەندین نواندنیی لەبەردەستدایە بۆ دەربڕین و گەیاندنیی مەبەست، بەڵام بەمەرجێك نابێت نواندنەکان هیچ گۆڕانێك لەواتای ڕستەکەدا دروست بکەن، چونکە لەواتای پێکهاتەیی کردارەکەوە بەرهەم هاتووە، واتە هەموو نواندنەکان لەڕستەی سەرەکییەوە وەرگیراون، بۆ تێنەگەیشتن لەهەریەکێك لەو نواندنانە و بۆ ڕوونکردنەوەیان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕستەی سەرەکی، ئەوەش بۆکۆی کردارەکانی کوردیی شیاوە، کە فرەپرۆژەییان لە

هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووەو وایان لێدەکات، نواندنیی سینتاکسیی جیاوازیان هەبێت، ئەوە پەیوەست بە ئاوەڵناوو ناوەکانیش لەدروستکردنیی دەستەواژەو دەستەواژێلەکاندا هەر ڕاست دەردەچێت[٩].

## (٣-١-٢) هەمان نواندنیی

ئەوەی لەپاری پێشووتردا باسی لێوەکرا، فۆڕمە جیاوازەکانیی نواندنی پێکهاتەیی سینتاکسیی بوون، کە دەکرا لەفۆڕمە جیاوازەکانیەوە پەی بە مەبەست و زانیاریی و شاراوەیی نواندنەجیاوازەکان ببرێت. ئەوەی لێرەدا جێگای مەبەستە ئەوەیە، کە ئاخێوەریی زمان بتوانێت لەڕێی هەمان فۆڕمی سینتاکسییەوە واتای جیاواز دەربېرێت، واتا بیچمێکی سینتاکسیی دەربڕی ئاوەزداریی ئاخێوەریی زمانێك بێت، پێش ئەوەی بچینەناو کاری ئەو پارەوە پێویستە بەڵگەی ئەو تیۆرانە بێنینەوە، کە ئامازەیان بەدەربڕی ئاوەزی ئاوەخێوەر داوە لەڕێگای فۆڕمی سینتاکسییەوە ئەویش تیۆریی بەستنەوەیە.

تیۆریی بەستنەوە، وەك لقێك لەتیۆرەکانیی ڕێزمانیی حوکمکردن وبەستنەوە بەشێوەیەکی گشتیی لەدابەشبوونیی فرێزەکانیی ناو ڕستە دەدوێت و ئەو شوێنانە دیاریدەکات، کە تیایدا فرێزێك لەگەڵ فرێزێکیی تردا هاونیشانە دەبێت، واتە فرێزێك لەگەڵ فرێزی هاونیشانەیی خۆیدا ڕێکدەکەوێت بۆ گەیاندنی واتایەك لەو واتایانەی، کە ڕستەکە بەهۆی یەکێك لەهاونیشانە بوونەکانیی فرێزەکانیی ناو ڕستەکەوە دەیگەیەنێت، هەروەها دەکرێت هەمان فرێز بتوانێت لەگەڵ فرێزێکی تری ناو ڕستەکە جارێکی تر هاونیشانەبێتەوەو لەگەڵ ئەوەی، کە هەمان بیچمی هەیە، بەڵام واتایەکیی تر دەگەیەنێت، ئەمەش بەرەو ئەو ئاراستەیە ئەمانبات و ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ڕستەکە تەنها خاوەنی یەك بیچمە، کەچی چەندین لێکدانەوەی واتایی هەڵدەگرێت و هەرهەمان بیچمیان دەبێت بۆیە پێیی دەوترێت "هەمان نواندنیی"، واتا بەستنەوەکە لەوکاتەوە دەبێتە سیمانتیکی، کە بەستنەوەیی جیاوازیی نێوان فرێزەکان دەرکردەی واتایی جیاوازیان لێبکەوێتەوە[١٠]، کەواتە تیۆریی بەستنەوە خۆی بەدیاریدەی هاوئامازەیی و هاونیشانەکانیی نێوان فرێزەکانیی ناو ڕستەوە خەریك دەکات[١١]، هەروەها پێویستە لێرەدا ئامازەبەوە بکرێت، کە فرێزێك ئەگەر(جێناوی سەربەخۆ،ناوی تایبەتیی)بێت نەبەستراوەیە، بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە نمونەی ژمارە(٥٥)، بەڵام ئەگەر فرێزەکە"ئانافۆڕ"بێت ئەوا بەستراوەو نائازادە[١٢]، چونکە ئانافۆڕ

---

[٩] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، (٢٠١٣: ٨ – ١٥).

[١٠] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٤: ٩٨).

[١١] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هاونیشانەیی و جۆرەکانی جێگۆڕکێ، بڕوانە: کاروان عومەر قادر، (٢٠٠٨).

[١٢] Chomsky K, (1986a:166).

دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لەفرێزی ناویی، کە ئاماژەپێکەرێکیی سەربەخۆی نییە، بەڵکو بۆ هەندێك وەچە پێکهاتەی تر دەگەڕێتەوە لەڕستەدا[١٣]، ناوی تایبەتیی و جێناویی سەربەخۆکان نیشانەی(k, j, i) وەردەگرن، ئەگەر نا ناڕێزمانیی و ڕێگاپێنەدراو دەبێت، ئانافۆرەکانیش نیشانەی(i.....i) و (j....j) وەردەگرن تا ڕێزمانیی بن[١٤]، هەروەها ئەم هێمایانە لەڕێزمانیی بەرهەمهێناندا، هەمان ئاماژەبەندییان هەیە، بۆیە هاونیشانەیی لەزماندا دەنوێنن[١٥]، بۆ تێگەیشتنی زیاتر بڕوانە نمونەی ژمارە(٥٦):-

٥٥) أ. ئەو ئەوی خۆشدەوێت.   * ئەو ئەوی خۆشدەوێت.
i j         i i

ب. *من منم بینی.
i i

ت. * نەوزاد نەوزادی بینی.
i i

٥٦) نەوزاد خۆی نانەکەی کڕی.
i i

بۆ ئاخێوەری زمانەکە ئەو دروستە سینتاکسیانەی لەبیچمێکدا خۆیان دەنوێنن و چەند واتاو لێکدانەوەیەکیان تێدا حەشاردراوە، پێویستیان بە مارکەو نیشانەکردنە، لەوکاتانەدا تیۆرییەکە پێوەرێکە بۆ دەستنیشانکردی ئەوڕەهەندە واتاییە جیاوازانەی لەیەك بیچمدا هەڵگیراون، نیشانەکردنەکە دەبێتە ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانیی ناواخنیی دروستە سینتاکسییەکەو واتای ڕستەکە لای گوێگر ڕووندەبێتەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە زانیارییەکان لای گوێگر هەیە تەنها بە نیشانەکردنەکە مەبەستیی قسەکەر لای گوێگر ڕووندەبێتەوەو تێدەگات، کە قسەکەر لەپێکهاتەی سیمانتیکیی ڕستەکەدا مەبەستی لەکام واتایەیانە، بڕوانە نمونەی(٥٧):-

٥٧)أ. ئەحمەد دەیەوێت ئەو خۆی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە .
i i i

ب. ئەحمەد دەیەوێت ئەو خۆی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە .
i j j

[١٣] Crystal, (1991:18).

[١٤] عەبدلواحید موشیر دزەیی، ( ٢٠١٤: ٢٥٥).

[١٥] Crystal, (2003:111)

لەنمونەی(٥٧)دا ئەو واتایانەی، کە لەڕێگای یەك بیچمەوە دەگەیەنرێت ڕوونکراوەتەوە لەڕێگای دەرخستنی ئانافۆڕەکان و دانانی هێماکانەوە، کە لەڕستەی(٥٧–أ)دا نیشانەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە(ئەحمەد) مەبەستی لەوەیە، کە خۆی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە نەك کەسێکی دیکە، وەك دیارە لەنمونەکەدا بکەریی کارەکە لەگەڵ جێناوەکەو ئانافۆڕەکاندا، هەمان هێمایان بۆدانراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاماژە بۆ(ئەحمەد)دەکەن، بەڵام هەرهەمان بیچم لە(٥٧–ب)دا واتایەکی تری ئەو بیچمەی دەرخستووە، ئەویش ئەوەیە، کە/ئەحمەد/دەیەوێ /ئەو/ واتە کەسی سێیەم کارەکە ئەنجام بدات نەك خۆی، هەروەها /ئەحمەد/ دەبێت بزانێت /ئەو / کێیە، کە دەبێت چیرۆکەکە بخوێنێتەوە؟ کەواتە بەهۆی ئانافۆڕەکانەوە توانرا بزانرێت، کە ڕستەکە دوو واتای هەڵگرتووە.

٥٨) أ. پیاوەکە ژنەکەی لە براکەی کرد.

ب. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

i i I

ت. پیاوەکە ژنەکەی خۆی لە براکەی خۆی کرد.

j i j i

لەنمونەی(٥٨–أ)دا واتایی ڕستەکە نادیارە، بۆئەوەی واتاکەی ڕوونبێتەوە پێویستە ئانافۆڕە نادیارەکان لەشوێنی خۆیان دابنێینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هێماکان دابنێین و واتاکانی ڕستەکە بخەینەڕوو، لە(٥٨–ب)دا بەپێی نیشانەکان وادیارە، کە/ژنەکە/ ژنی پیاوەکەیەو/براکە/ش بەهەمان شێوە هەر برای پیاوەکەیە، بەڵام لە نمونەی(٥٨–ت)دا واتایەکی تری هەمان بیچم و نواندن دەرخراوە، ئەویش ئەوەیە، کە/ژنەکە/هی پیاوەکەیە، بەڵام/براکە/ برای ژنەکەیە، بەم شێوەیە بەپێی لێکدانەوەکان و دانانی هێماکانەوە توانرا ئەو واتایانەی، کە یەك بیچم دەیانگەیەنێت ڕوونبکرێتەوە[١٦].

## (٢-٣) پێکهاتەی سیمانتیکیی

هاوشێوەی زانیارییە سینتاکسییەکان لەناو(X)کاندا زانیاریی واتایی هەن، کە دەبنە پریدیکات و هەڵوێریی واتایی ئارگومێنتەکان دەکەن و کۆت و پێوەندیی هەڵاوێرکردنیشیان هەیە، واتە هەر پریدیکاتێك کۆت لەسەر دەسەڵاتی واتایی لەفەرهەنگەوە بۆ دانراوەو نایبەزێنێت، ئەمە لەزماندا بە "واتای پێکهاتەیی" / "بنەڕەتیی" ناودەبرێت، کە مەبەست لەواتای فەرهەنگی واتای پریدیکاتێکەیە، ئەم جۆرە واتایە لەفەرهەنگدا چەسپاوە، هەم واتای فەرهەنگی وشەکە هەم نیشانە واتاییەکانی(–،+)دیاریکراون و

[١٦] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٤: ٩٨).

لەمێشکی قسەکەریی زمانەکەدا بوونیان هەیە، بۆنمونە وشەی/دیوار/ بەمانای خودی/دیوار/ کرۆکە واتایە، بەمانایەکی دی>هیچ دیوارێك لەنێوانماندا نییە< توێکلە واتایە[١٧]. هەموو وشەکانی فەرهەنگیی زمان واتا ($X^0$)ەکان لەبنەڕەتدا بۆ واتایەکی تایبەتیی دروستبوون و چونەتە فەرهەنگەوە، هەروەها ($V^0$، $A^0$) بەپێی واتای پێکهاتەییان ئارگۆمێنت داوادەکەن و ئەوان بڕیار دەدەن، کە ئایا بکەری ڕستەکە یان ئەو وشەیەی، کە لەگەڵیاندا دێت سەربە چ کەتیگۆرییەکی زمان بێت؟ بەڵام وردە وردە بەپێی تێپەڕبوونی کات و چالاك بوونیی وشەکان و زۆریی پێویستیی بەکارهێنانی واتاییان فراوان بووە[١٨]، واتا($V^0$ )ێك سەرەتا تەنها لەگەڵ وشەیەکدا دەهات بۆنمونە[+ مرۆڤ] بێت، بەڵام لەئەنجامی چالاك بوونی وشەکە ئێستا دەتوانێت لەگەڵ[–مرۆڤ]یشدا بەکاربێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەزماندا بە"پریدیکات" دادەنرێت[١٩]، هەروەها هەندێك لەو وشانە توانای ئەوەیان هەیە لەپێکهێنانی ئیدیۆم ومیتافۆڕدا بەشداریی بکەن، بەڵام ئەمە دوورە لەواتای بنەڕەتی وشەکانەوە، بۆیە بە"واتای ناپێکهاتەیی" دادەنرێت، کە لەپاری دواتردا باسی دەکرێت. بۆنموونە کرداری/خواردن/ یەکێکە لەو کردارانەی، کە پریدیکاتێکەو ئارگومێنتێك داوادەکات، کە[+خۆراك]بێت[٢٠]و ئارگومێنتەبکەرییەکەشی دەبێت فرێزێکی ناوی [+گیاندار] بێت[٢١]، کەچی لەئەنجامی چالاك بوونی واتای ئەم وشەیەداو زۆریی پێویستیی بەکارهێنانی لەزماندا دەتوانرێت لەگەڵ وشەیەکدا بەکاربێت، کە[–خۆراك]یش بێت، بڕوانە نمونەی ژمارە(٥٩):–

٥٩) أ. کوڕەکە/ پیاوەکە/ پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

ب. منداڵەکە سوێندی خوارد.

ت. ژنەکە خەفەتی خوارد.

پ. کوڕەکە دنیای خوارد.

ج. پیاوەکە پارەکەی خوارد.

پریدیکاتی/خواردن/لەنموونەکانی(٥٩)دا، زانیاریی واتاییان پەیوەست بەهەڵوێرکردنی واتاییەوە فراوان بووە، ئەوەش دەبێتە جێگرەوەی فۆڕم داڕشتنی فەرهەنگیی، واتە بۆنموونە لە(٥٩/ب– ج) داکردار یان پریدیکاتێکی ترمان بۆ ئارگومێنتەکانی(/سوێند/، / /، /پارە/، /خەفەت/)دانەڕشتووە، بەڵکو زانیاریی واتایی پریدیکاتە، کە فراوانکراوەو[٢٢]وشەکە لەگەڵ [–خواردن]یشدا هاتووە.

---

[١٧] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ٢٢).

[١٨] بۆزانیاری زیاتر بڕوانە،(VYVYANEVANS(2006

[١٩] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە F Recanati - academia.edu

[٢٠] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١٦/٦/١٤).

[٢١] بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ٢٥).

[٢٢] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەکارهێنانی کرداری (خواردن) بڕوانە، شیلان عومەر حسێن، (٢٠١٦: ٢٢).

هەروەها کرداری /مردن/ یەکێکە لەو کردارانەی، کە تەنها لەگەڵ[+گیاندار]دا بەکاردێت، بەڵام لەبەرئەوەی کردارێکی چالاکەو بەکارهێنانی زۆرە ئێستا دەتوانرێت لەگەڵ[–گیاندار]یشدا بەکاربێت، بڕوانە نمونەکانی(٦٠):–

٦٠)أ. کوڕەکە /منداڵەکە /پیاوەکە /ژنەکە مردووە.
ب. پاترییەکە مردووە.
ت. بازاڕ مردووە.
پ. گەچەکە مردووە.

لەنمونەی(٦٠–أ)دا کرداری/مردن/بەپێی واتای پێکهاتەیی بەکارهاتووە، چونکە ئەو ئارگۆمێنتانەی لەگەڵیدا هاتوون[+مرۆڤ]ن، بەڵام لەنمونەی(٦٠/ب–پ)دا هەمان فۆڕمی/مردن/بەکارهاتوەتەوە، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتانەی لەگەڵیدا هاتوون[–مرۆڤ]ن، ئەوەش لەبەر فراوانبوونی واتایی ئەو پریدیکاتەیە، چونکە مردنێکمان نییە تایبەت بێت بە/بازاڕ/و /پاتریی/و /گەچ/ەوە، بەڵکو هەڵاوێرکردنی واتایی کردارەکە فراوان بووە، بۆ جیاکردنەوەی نرخ و بەهای کۆتاییهاتن و لەدنیا دەرچوونی بوونەوەرەکانی تر پریدیکات و فۆڕمی فەرهەنگیی بەزانیاریی واتایی جیاوازەوە داڕێژراوە، بڕوانە نموونەکانی(٦١)و هێڵکاریی(٢١)، هەروەها دەبێت ئەوە بخرێتە ڕوو، کە فراوان بوونی پریدیکاتیی(مردن)و تێکەڵبوونی بەهاکان بۆ [+مرۆڤ]و [–مرۆڤ]وای کردووە پریدیکاتی لەجۆری نموونەکانی وەك(٦٢) تایبەت بەمرۆڤ دابڕێژرێن، بە جۆرێك بەو دروستانەوە ئارگومێنتێك وەرناگرن، کە[–مرۆڤ]بێت، بڕوانە(٦٣):–

٦١) ا. پیاوەکە مرد.
ب. سەگەکە تۆپی.
ت. مریشکەکە مردار بووەوە.
پ. دارەکە/ نەمامەکە وشکبوو.
ج. ئاگرەکە کوژایەوە[٢٣].

[٢٣] تریفە عومەر احمەد، ( ٢٠١٥: ٥٣).

هێڵکاریی(٢٢):-




هەریەکە لەپریدیکاتەکانی(/ تۆپین/و /وشکبوون/و /مرداربوونەوە/و /کوژانەوە/) ئارگومێنتی تایبەت بە خۆیان هەیەو لەزمانی کوردییدا/تۆپین/بۆ دابەزاندنی بەهاو/وشکبوون/یش بۆمردنی بەکارەبا زانیارییە واتاییەکەی فراوانبووە، بۆ/کوژانەوە/ش بڕوانە نموونەکانی دواتر!

٦٢) >کۆچی دوایی کردووە<، >ئەمری خوای بەجێهێناوە<، >مۆمی تەمەنی کوژایەوە<، >گەڵای تەمەنی هەڵوەری<، >ماڵئاوایی لە دنیاکرد<، >بەجێی هێشتین<، >چاوی لێکنا<.

٦٣) ا.*پاترییەکە کۆچی دوایی کرد.

ب.*بازاڕ ئەمری خوای کردووە.

ئەو دەربڕاوانەی لەنمونەی(٦٢)دا هاتووە، نرخی مرۆڤی تێدا دیاریکراوە بەپێی دەربڕینەکان، هەروەها نیشانەیان لێدراوە بۆ مرۆڤ، بۆیە ناتوانرێت بۆ[-مرۆڤ] بەکاربهێنرێت، وەك ئەو نمونانەی لە(٦٣)دا هاتووە، بەڵام چەمکی>مردن< لەبەرئەوەی پریدیکاتە، واتە[±مرۆڤ]ە، دەتوانرێت بۆ[-مرۆڤ]یش بەکاربێت، بڕوانە نمونەی(٦٠).

کرداری/کوژانەوە/، کە واتای دایکەکەی بۆبکەرێك دەبێت، کە/ئاگر/بێت، بەڵام پەیوەست بەسیمانتیکی پێکهێنانەوە فۆڕمەکە بۆ نیشانەکانی [ +کۆتایی هاتن/کۆتایی پێهێنان ]بەکاردەهێنرێنەوە، ئەوەش فراوانکردنی هێزی پریدیکاتێکی وەکو کوژانەوەیە لەزمانی کوردیدا. >کوژانەوە<، >داگیرسان< لەپەیوەندییە واتاییەکەیدا پەیوەست بەبکەرەوە، ئەوناوانە هەڵدەبژێرن، کە نائاقڵن و هەڵاوێری بکەرەکەی بۆ کەرەستەو ئامێری تر فراوان دەبێت، بۆیە دەکرێت بکەرەکەی [ +ئامێری کارەبایی ] یش بێت، بەوەش هێزی وشەی /کوژانەوە/و /داگیرسان/ فراوانتر دەبێت، نەك پریدیکاتێکی تر بۆ کۆتایی هێنان بەکارکردنی یان کارپێکردنی هەریەك لە(/ سەیارە/، /گڵۆپ/، /کۆمپیوتەر/، /پانکە/، / سەلاجەکە/) داڕێژرابێت، لەنمونەی ژمارە(٦٤،٦٥)دا هەڵاوێریی سیمانتیکیی کرداری/کوژانەوە/، /داگیرسان/هەڵکردن/ تاقیدەکەینەوە:-

٦٤) <كۆتايی هاتن> / <كوژانەوە>

- ئاگرەكە/زۆپاكە/چراكە بكوژێنەوە.
- سەیارەكە بكوژێنەوە.
- گڵۆپەكە بكوژێنەوە.
- كۆمپیتەرەكە بكوژێنەوە.
- پانكەكە بكوژێنەوە.
- سەلاجەكە بكوژێنەوە.

٦٥) <داگیرسان> / <هەڵكردن>

- ئاگرەكە/زۆپاكە/چراكە داگیرسێنە/هەڵبكە.
- سەیارەكە داگیرسێنە/هەڵبكە.
- گڵۆپەكە داگیرسێنە/هەڵبكە.
- كۆمپیتەرەكە داگیرسێنە/هەڵبكە.
- پانكەكە داگیرسێنە/هەڵبكە.
- سەلاجەكە داگیرسێنە/هەڵبكە.

پاش خستنەڕووی زانیاریی واتایی كردارەكان دەكرێت لەبەكارهێناندا یاسای واتایی فەرهەنگییان بخرێتەڕوو، كە بۆزمانی كوردیی تێڕوانینێكی تر بۆ دروستەی قووڵ و هەڵاوێركردنی واتایی پریدیكاتەكان دەستەبەردەكات، ئەوەش دەبێتە هۆی نواندنی واتایی جیاوازو جێگرەوەی داڕشتنی كردارەكان، چونكە باشترین ڕێگا بۆداڕشتنی دروستەی قووڵی زمانی كوردیی فۆڕمداڕشتنە بۆ واتاكان نەك دانانی ڕاستەوخۆی ئارگومێنتەكە[٢٤]، چونكە نموونەكان ئەوەیان دەرخست، كە كردارەكان بەرەو هەڵاوێركردنی ئازادانە دەچن و كۆتوبوندی واتاییان بەرەو كرانەوە دەچێت[٢٥]، بڕوانە یاسای ژمارە(١):-

١) [± (ئارگومێنت) ]+[ كردار (پریدیكات)]

سەبارەت بە($A^0$)ەكان، زاراوەكانی"Attributive", "Predicative" شوێنی ئاوەڵناوەكان لە فرێزو ڕستەدا دیاریی دەكەن[٢٦]، هەر ئاوەڵناوێك پریدیكاتێكە وەك لەهێڵكاری

---

[٢٤] احمد عزوز (٢٠٠٢: ٦٥-٧٠)و Jean Aitchison (2003: 187-189)

[٢٥] بۆزانیاری زاتر بڕوانە، tatjana tleyde – zybatow & Johannes dolling, (٢٠٠٧: ٥٨)

[٢٦] http://iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=47133

ژماره(١٨)خرایه ڕوو، لەپێکهاتەی دەستەواژیلەو دەستەواژەدا دەسەڵاتی هەیەو لەفەرهەنگەوە کۆتوبەندیی واتایی بۆ دیارییکراوە، واتە زانیاریی واتایی لە ئاوەڵناوەکاندایەو بەپێی ئەو زانیارییە ئارگومێنت داوادەکات، بڕوانە ئەو جێبەجێکردنانەی ئاوەڵناوەکانی(/جوان/، /زیرەك/، /تەمەڵ/، /ڕەش/،........تاد) دەکرێت. جێی سەرنجە، ئاوەڵناوەکان سنووردارترین کۆتوبەندیان دەکەوێتەسەر بۆ هەڵبژاردنی ئارگومێنتەکانیان، بڕوانە نموونەی (٦٦)لە ئاوەڵناوێکی وەك/جوان/دا کۆتوبەندی واتایی بۆ ئارگومێنتەکەی کەمتربێت:-

٦٦) {کچی جوان}، { کوڕی جوان}، {سەیارەی جوان}، { گوڵی جوان }، { مێزی جوان}، {خانووی جوان}،....

ئەو نمونانەی لەسەرەوە هێنراونەتەوە سەبارەت بەئاوەڵناوی/جوان/ ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئاوەڵناوێکی بەبەرهەمە، چونکە ئەم ئاوەڵناوە پێشتر تەنها لەگەڵ ناوی/کچ/بەکاردەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانبوونی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی/جوان/ەوە لەگەڵ/کوڕ/یشدا بەکاردێت[٢٧]، تەنانەت لەگەڵ[-مرۆڤ] یشدا وەك لەنمونەکاندا دیارە هاتووە، بۆیە ئەم ئاوەڵناوە بەپریدیکات دادەنرێت، هەروەها بۆ ئاوەڵناوی /زیرەك/یش بەهەمان شێوە، تەنها لەگەڵ[+مرۆڤ]دا بەکاردەهات، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانی بەکارهێنانیەوە لەگەڵ [-مرۆڤ]یشدا بەکاردێت بڕوانە نمونەی(٦٧):-

٦٧) أ. خوێندکاری زیرەك.
ب. سەرکردەی زیرەك.
پ. مۆبایلی زیرەك.
ت. شاشەی زیرەك.
ج. پێوەری زیرەك.

وەك لەنمونەی(٦٧/أ-ب)دا دیارە، کە ئاوەڵناوی زیرەك لەگەڵ ناوی/خوێندکار/، /سەرکردە/دا هاتووە، کە بەواتای پێکهاتەیی بەکارهاتووە، چونکە هەردووکیان[+مرۆڤ]ن، بەڵام ئەگەر بڕوانیتە نمونەکانی(پ-ت-ج)دەبینیت، کە هێندە بەکارهێنانی فراوانبووە لەگەڵ ناوی/مۆبایل/، /شاشە/،

---

[٢٧]سەرەڕای ئەوە ئاوەڵناوێکی تایبەتمان هەیە لەگەڵ ناوی (کوڕ)دا بەکاردێت ئەویش ئاوەڵناوی (قۆز)ە، کە هەرگیز لەگەڵ ناوی(کچ) دا نایەت و ناتوانرێت بوترێت (*کچی قۆز)، هەروەها هەر لەزمانی فارسیدا بەهەمان شێوە نیشانەی کۆکردنەوەی ناو بۆ گیاندار و بێگیان نیشانەی جیاوازیان هەیە بۆنمونە(ان) بۆ [+گیاندار]و (ها) بۆ [-گیاندار] بەکارهاتووە، بەڵام بەهۆی فراوانبوونی بەکارهێنانی ئەم دوونیشانەیەوە ئێستا(ها، ان) بۆ [± گیاندار ] بەکاردەهێنرێت.

/پێوەر/دا هاتووەو پەسنی ناوی بێگیان دەکات، کە ئەم فراوانبوونە بەواتای "پریدیکات"ناو دەبرێت[٢٨].
بە پێچەوانەی ئاوەڵناوی /زیرەك/، /تەمەڵ/ پریدیکاتێکە، کە دەبوو ئارگومێنتەکەی نیشانەی [+مرۆڤ ]ی هەبوایە، بەڵام وەك جێگرەوەیەکی فۆڕمداڕشتن، دەشێت هاوشێوەی ئاوەڵناوەکانی سەرەوە، ئەویش بەنیشانەی [± مرۆڤ ] کار بکات ، بڕوانە نموونەکانی(٦٨). هەر سەبارەت بە فراوانبوونی بەکارهێنانی پێکهاتەی واتایی ئاوەڵناوەکان و بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی گشتیی لەلایەن ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوە ئاوەڵناوی/ڕەش/بەفراوانی بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نمونەی(٦٩):-

٦٨) {کوڕی تەمەڵ}، { ژنی تەمەڵ}، {گسکی تەمەڵ}، { مەیموونی تەمەڵ}،......تاد.
٦٩){دوعای ڕەش}، { باڕی ڕەش}، { ئیشی ڕەش}، {بای ڕەش }، .........تاد.

ئەوەی سەبارەت بە ئاوەڵناوەکانیش خرایە ڕوو، ئەوەی دەرخست، کە ئاوەڵناویش دەرهەق بە ئارگومێنتەکەی کۆتوبەندی واتایی بشکێنێت، بڕوانە یاسای ژمارە(٢):-

١) [± (ئارگومێنت) ]+ ئاوەڵناو (پریدیکات) ]

فرێزی پێشناوی لەپێشناوێك و فرێزێکی ناویی پێکدێت، پێشناو لەم دروستەیەدا سەرێکی حوکمکەرەو دۆخدەرەو ئاڕاستەی حوکمکردنەکەی پێچەوانەی سەرە ڕێزمانیەکانی دیکەیە[٢٩]. پێشناوەکان هەرچەندە پریدیکاتن، بەڵام ژمارەیان کەمە، بۆیە لەزمانی کوردییدا بەهۆی تەواوکەرەکانیانەوە نواندنی واتایی جیاوازیان دەبێت[٣٠]. نموونەکانی خوارەوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە پێشناوەکان کۆتوبەندیی واتاییان نییە، مەگەر لەڕێی تەواوکەرەکانیانەوە کۆتوبەندییان بۆ دابنرێت، ئەوەش وەك گوترا بەهۆی کەمیی ژمارەیانەوەیە. بڕوانە پرۆژەکانی پێشناوی /لە/ لەنمونەی(٧٠) و پێشناوی /بە/ لە نمونەی( ٧١)[٣١]:-

---

[٢٨] لەزمانی ئینگلیزییدا جیاکاریی فۆرمیی بۆ زیرەکێتیی تایبەتبە [+مرۆڤ ]و [-مرۆڤ] کردووە، بۆیە بۆ وشەی(cleaver)ی هەیە تەنها بۆ[+مرۆڤ ]بەکاری دەهێنێت، هەروەها وشەی(smart)ی هەیە بۆ[-مرۆڤ] بەکاریدەهێنێت، هەردوو وشەکە بەرامبەر بەوشەی (زیرەك) دەوەستێت لەزمانی کوردیدا، کە بەشێوەیەکی گشتیی بەکاردێت، ئەم جۆرە بەکارهێنانە بەگشتێتی دادەنرێت لەزمانی کوردیدا، کەلەبەشی یەکەمدا باسی لێوەکراوە.

[٢٩] بێستوون حەسەن ئەحمەد،(٢٠١١: ١٤).

[٣٠] R. Jackendoff, (1992: 43).

[٣١] بشڕوانە شیلان عومەر حسەین، (٢٠١١: ١٣٨).

(٧٠

/ لە/ ناوی شوێن و جێگا ⟵ من لە شار دەژیم. (ئاوەڵکرداری شوێن)

/ لە/ ناوی کەس ⟵ من کتێبەکەم لە ئازاد وەرگرت. (ئاوەڵکرداری سودەرگرتن)

/ لە/ ناوی کەرەستەی خاو ⟵ ماست لە شیر دروستدەکرێت. (ئاوەڵکرداری سەرچاوە)

/لە/ ناوی کات ⟵ من لە هاویندا سەفەرمکرد. ( ئاوەڵکرداری کات)

٧١./بە/ ناوی کات ⟵ بەمنداڵیی یاریم بە بوکەشوشە دەکرد.(ئاوەڵکرداری کات)

/بە/ ناوی شوێن ⟵ بە هەیبەت سوڵتاندا ڕۆشتم بۆ هەولێر.(ئاوەڵکرداری شوێن)

/بە/ دروستکردن ⟵ کێکم بە پەنیر دروستکردووە.

/بە/ لێنان ⟵ چام بەخەڵوز لێناوە.

نموونەکانی ژمارە(٧٠)و(٧١) ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە هەژموونی واتایی لەفرێزی پێشناوییدا، بە دەست ئارگومێنتەکانەوەیە، بۆیە پێشناویی /لە/و /بە/ تەنها ئەرکی سینتاکسییان بەجێهێناوە، بەوەش پەیوەست بە ئارگومێنت و ئارگومێنت داواکەرەوە یاساکە بەپێی یاسای ژمارە(٣) دادەڕێژرێت:–

٢) [پێشناو (پریدیکات)] + [± (ئارگومێنت) ]

ئەوەی لەبەکارهێنانی پێشناوەکاندا دەرکەوتووە ئەوەیە، کە یاساکە پێچەوانە بووەتەوە، وەك دەرکەوتووە پێشناوەکان پریدیکاتن، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە ئەوان ناگۆڕێن واتە جێگیرن، بەڵکو ئەوەی گۆڕانەکە دروستدەکات ئەو ئارگۆمێنتانەن، کە لەدوایانەوە دێن[٣٢]، وەك لەنمونەکاندا ڕوونبووەتەوە، کە گۆڕانی ئارگۆمێنتەکان بووەتەهۆی گۆڕانی واتایی، پێشناوەکان جێگیرن و نەگۆڕاون.

---

[٣٢] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، (٢٠١٢ : ٢٨١).

## (٣-٢-١) ئیدیۆم وتیۆروانینی ئیدیۆمیی

بەپێی ئەو لێکدانەوانەی بۆ چەمکی ئیدیۆم کراون، ئیدیۆم بەیەکەیەکی زمانیی ئاڵۆز دادەنرێت، لەبەرئەوە بەزۆر تیۆرو ڕێبازی جیاجیا لێی کۆڵراوەتەوە، بەتایبەتی دوای هاتنەکایەی زانستی "واتاسازیی فەرهەنگیی"ەوە، کە بایەخێکی تەواوی بەهەریەکە لە"ئیدیۆم"و "کۆلۆکەیشن" و "میتافۆڕ"و .....تاد داوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زمانەوانان زیاتر گرنگی بەم بابەتە بدەن و بەپێی بۆچونی تایبەتی خۆیان و بەپێی ئەوڕێبازو تیۆرە جیاجیایانەی، کە کاریان پێکردووە، تێڕوانینی جیاوازیان بۆ ئیدیۆم و ناساندنی و چۆنێتیی مامەڵە کردن لەگەڵیدا، لەهەردوو ڕووی واتاو فۆڕمەوە بخەینەڕوو[٣٣]. ئیدیۆم بە دانەیەکی ئاخاوتن دانراوە، بەواتا ئیدیەمیش وەك دەربڕاوە ئاساییەکانی تری زمانەکە پێڕەوی یاساو دەستوری زمانەکە دەکەن و لێی لانادەن و پێکهاتەی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی ئیدیەم، لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی کەرەستەکانی تری زمانەکە چوونیەکە، ئەوەندەنەبێت ئەمان بەهۆی چەسپاوی فۆڕمەکەیانەوە کەمتر گۆڕانیان بەسەردادێت و سنوردارترن و ملنادەن بۆ ئەو کرانەوە فراوانەی کەرەستەکانی تر ڕێگەی پێدەدەن[٣٤]، ئیدیۆم وەك دانەیەکی فەرهەنگیی، خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییە زمانییانەیە، کە دانەکانی دیکەی زمان هەیانە، لەڕووی زمانەوانیشەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە(زنجیرە وشەیەکن لەڕووی واتایی و ڕێزمانییەوە بەزۆری دیاریکراون، بە شێوەیەك وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن). هەر بەو پێیەی ئیدیۆم بەچەشنی یەکە واتاییەکانی دیکە، خاوەنی تایبەتمەندیی واتایی و فەرهەنگییە، بەڵام دەبێت لەڕووی واتاوە ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە( واتای ئیدیۆم لەڕۆنانی ڕێزمانیی و ڕۆنانی واتایی کەرتەکانییەوە نایەت )، بۆیە وەك دانەیەکی فەرهەنگی دەشێت قسەی لەبارەوە بکەین[٣٥]، (Swinney & cutler) دەڵێن: "ئیدیۆمەکان چونەتە فەرهەنگەوە، وەکو وشەکان "[٣٦]. هەموو پرۆسەکانی وشەدروستکردن بەهۆی پێویستی فەرهەنگەوە دێنەئاراوە و کاربەوەش دەکات، کە نیمچەهێڵکاری درەختی بەئامادەیی لەناو فەرهەنگدا بوونیان هەیەو لەناو هێڵکاریی درەختی گەورەتر لەخۆیاندا دادەنرێن[٣٧]. وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا توخمە فەرهەنگییەکان وەك بیچمێك دەردەکەون، بەجۆرێك لەڕێگای بەکارهێنانەکانیانەوە پەی بەواتاکەیان دەبرێت، ئەوە وەك ئەڵتەرناتیڤێکی مۆرفۆلۆژیانەبوو، چونکە مۆرفۆلۆژی لەڕێگەی فۆڕمی جیاوازەوە واتای نوێ دێنێتە

---

[٣٣] شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩: ١٤).

[٣٤] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئیدیەم و کلیتیککردنیان بە دروستەو پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس وپێدانی دۆخی ڕێزمانی بڕوانە: شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢: ٩).

[٣٥] شێروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١١ : ٢٠٤).

[٣٦] /WECOL_Proceedings.pdf٠٨/٢٠١٠http://www.ripelacunae.net/wpcontent/uploads/.

[٣٧] بێستوون حەسەن ئەحمەد، ( ٢٠١١: ٤٨).

فەرهەنگەوە، بەڵام دەکرێت خودی بەکارهێنانەوەی بیچمێك بۆ واتای جیاوازبێت، ئەوەش بەخشکەیی پرۆسێسێکی نواندنەوەی($X^0$)ەکان دەردەبڕێت(٣٨).

ئیدیۆم بۆ شیکردنەوەی واتا بابەتێکی گرنگە، لەبەرئەوەی بەناڕاستەوخۆیی واتایەك دەگەیەنێت، کە لەتوخمە بنچینەییەکانەوە نەهاتووەو زۆر بەهێزەو واتایەك لەخۆیدا کۆدەکاتەوە(٣٩)، ئیدیۆمەکان لەڕووی پێکهاتەوە جیاوازن، هەیانە وشەن و هەیانە فرێزو هەندێکیشیان ڕستەن، بەڵام لەهەر پێکهاتەیەکدا بن، تایبەتمەندی واتاییان ناگۆڕێت(٤٠).

($X^0$)ەکان توخمی پڕۆژەسازدەرن، کە لەڕێگای فرێزەوە دەشکێنەوە، بۆیە ($X^0$)ەکان بە"وشە خاوەن دەسەڵاتەکان" دادەنرێن(٤١)، لەسەرەتای هەنگاوەکانی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا ئیدیۆم بەدیاردەیەکی ناوازەی فەرهەنگی دادەنرا، بەڵام لەهەنگاوەکانی تردا، بەجۆرێك لەنواندنەکانی($X^0$)ەکان، کە بریتین لە("کردار"، "ناو"، "ئاوەڵناو")(٤٢)، واتە ئیدیۆمەکان گەر وشەیی بێت یان فرێزیی و ڕستەیی، هەر لەلایەن توخمێکی فەرهەنگییەوە پێشنیازدەکرێت، واتە ئیدیۆم جۆرێکە لەنواندنی فەرهەنگی، چونکە لەڕووی سینتاکسییەوە($X^-$)ن و لەڕووی واتایشەوە هەمان واتای شاراوەی توخمە فەرهەنگییەکان دەنوێنن، بۆیە ئیدیۆم فۆڕمێکە بۆ نواندنی واتا شاراوەکەی توخمێکی فەرهەنگی، لەوەدا ئیدیۆمەکان دەبن بەتێڕوانینێکی چەسپاو(Fixed Expression)، کە دوا پێشنیازی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان دەکەن و مارکەیان لێدەدەن، بەجۆرێك وەك لەپاشدا ڕووندەبێتەوە، یان مەودای نێوان ئاوەڵناوەکان دەستنیشان دەکەن، یان دەبنە ئەڵتەرناتیڤی فۆڕمداڕشتنی مۆڕفۆلۆژیانە.

زۆربەی ئەوانەی کاری لێکسیکۆگراف دەکەن لەنێوانی ئەوەدان، کە ئایا ئیدیۆم هەمان دەروازەی فەرهەنگیی یان وەچە دەروازەی هەیە، چونکە گەر وەك دانە فەرهەنگییەکان لێکبدرێتەوە، ئەوا لێکسیکەو دەبێتە دەستەیەك لە لێماکان، بەڵام ئەگەر لێمایەك بێت ئەوا دەروازەی تایبەت بەخۆی نابێت، لێکۆڵەر لەسەر ئەو پێڕەوە دەڕوات، کە ئیدیۆم پەیوەست بەفراوان بوونی هێزی وشە(٤٣)، بەتایبەتی وشەکان وەك "ناو"و "ئاوەڵناو"و "کردار"، لەڕێگای ئەوانیشەوە دەروازەی فەرهەنگی بۆ دەکرێت، بۆنمونە ئاوەڵناوی/کورت/و /،درێژ/ لەگەڵ کرداری /نووستن/ لە(٧٢)دا پەیوەست بەپێکهاتەی سینتاکسی واتایی ئیدیۆمییەوە لێکدەدرێتەوە:-

---

(٣٨) Cook & Newson, (1997:5).

(٣٩) شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩: ٤٩).

(٤٠) شێروان حوسێن خۆشناو، (٢٠١١ : ٢٠٤).

(٤١) Cook & Newson, (1997:5).

(٤٢) pual kay & Ivan A.say, (2014:1).

(٤٣) chris mulhall, (2007: 2-4).

٧٢)أ. داری کورت، قاچی کورت، پەتی کورت، داری درێژ .....

ب. نەوزاد لەسەربان نوستووە.

ت. دەستکورت ، زمان درێژ.

پ. نەوزاد لەگوێی گادا نوستووە.

سەبارەت بەپێکهاتەی واتایی ئیدییەم لەزماندا، وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەو وشانەی، کە ئیدیەم دروست دەکەن، بەواتای پێکهاتەییەوە بەشداری پێکهێنانی ئیدیەم ناکەن، بەڵکو ئەو واتایەی، کە لە ئیدیەمدا دەیگەیەنن بریتییە لەواتای ناپێکهاتەیی وشەکان[٤٤]، بڕوانە(٧٢–ت) لەوێدا واتای وشەکان بریتییە لەواتای ناپێکهاتەیی ئەو وشانە، چونکە<دەستکورت> بەواتای ئەوە نەهاتووە، کە بەشێوەیەکی فیزیکی کەسێکی دەستکورت بێت، بەڵکو واتای(هەژاری)دەگەیەنێت بۆ<زمان درێژ>یش بەهەمان شێوە، واتای (زۆر بلێ)ی گەیاندووە، هەروەها لە(٧٢–پ)دا<لەگوێی گادا نوستووە>، مەبەست لە(بێئاگایی و بێخەبەری)کەسەکەیە لەڕووداوەکان، کەواتە هیچ یەکێك لەوشەکان بەواتایی پێکهاتەییەوە بەکارنەهاتوون، بەڵکو هەڵگری واتای ناپێکهاتەیین، لەو ڕوانگەیەوە پێکهاتەی سینتاکسی و واتایی فرێزو ڕستەکان دەخرێتەڕوو.

## (٣-٢-١-١) پێکهاتەی سینتاکسیی ئیدیۆم

پێکهاتەی سینتاکسیی ئیدیۆم، نواندنی سینتاکسی فرێز و ڕستە دەگرێتەوە، کە لەپاش پێکهاتەی واتایی دێت. پێشبینی دەکرێت پێکهاتەی سینتاکسی لەنواندنێك زیاتری هەبێت، بەڵام نواندنەکانی بۆ یەك پێکهاتەی واتاییە، بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، هەر گواستنەوەیەك لەپێکهاتەی واتاییەوە بۆ سینتاکسی ڕوودەدات گۆڕینی واتایی لێناکەوێتەوە. هەرچەندە(چۆمسکی) لە ((تیۆری ستانداردی فراوانکراودا– Extended Standard theory))، واتای(دروستەی قووڵ/پێکهاتەی واتایی)و (واتای دروستەی ڕووکەش/پێکهاتەی واتایی)جیاکەرەوە[٤٥]، ئەویش بەو پێیەی پێشبینی دەکرێت، واتایەك لە نواندن و پێکهاتەی سینتاکسیدا ڕوودەدات، واتایەکی گۆڕاوی پێکهاتە واتاییەکە بێت.

لەڕاستیدا ئیدیۆم ڕستەیەکە لەنواندنی دەرەکیی، کە خۆی لەپێکهاتەی سینتاکسیدا دەبینێتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەگەرچی ئیدیۆم لە دروستەی ڕووکەشدا دروست دەبێت و شکانەوەیەکی $(X^0)$ەکانە، بەڵام دەربڕی واتایەکی چەسپاوو فەرهەنگییە، هەروەها فرێزی خستنەپاڵی خاوەنداری

---

[٤٤] لەبەرئەوەی ئیدیۆمش وەکو پراگماتیك پابەندی واتای فەرهەنگی نین، بۆیە دەتوانین پراگماتیکییانە لەواتای ئیدیۆم بکۆڵینەوە، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٣: ١٠٥).

[٤٥] مازن الوعر، (١٩٨٧: ٦٠).

ئازاد، وەك يەكێك لەجۆرەكانی فرێزە بەلێكسێمبووەكان، هەمیشە لەپرۆسەو ئەڵتەرناتیڤێكی ئازاددایە، بۆیە پێشبینی بوون بەلێكسێمیان ناكرێت، ئەگەرچی لەچێوەی ئیدیۆمداو لەقۆناغی دواتری پرۆسەی بەلێكسێمبووندا، هەندێك لەنمونەی لەجۆری{مارەكەی شێخ هۆمەر}،{پیرێژنی كارێزەیی}،{بەیتی بلە}، { مەڕی پێغەمبەر}، {مانگای مالوان}، ..... تاد، بەرچاودەكەون، بەڵام سەرەڕای بوونی ئەوانە جۆری خاوەنداری زگماكی، كە ئازادنییەو ئەڵتەرناتیڤی جێنشینی نییە، وەك فرێزێكی چەسپاوی بەلێكسێمبوو دەناسرێنەوە. ئەگەر سەرنج لەنموونەكانی لەجۆری(/جوانەمەرگ/، /ڕەشەبا/، /سەوزەگیا/، /سوورەماسی/، /بۆرەپیاو/، / سوورەچنار/،........تاد) بدرێت لەڕێی ترۆپكی مۆرفۆلۆژییەوە بوونەتە لێكسێمی سەربەخۆو بنەمای فۆڕمگۆڕینیان بەسەردا هاتووە، جیاواز لەدروستە سینتاكسیەكەیان، ئاوەڵناوەكە ناتوانرێت بەجێنشینیی، ئاوەڵناوێكی تری لەجێ دابنرێت، ئەوەش هۆكاری بەلێكسێمبوونەكەیەتی، بۆنمونە/سوورەماسی/دروستەیەكی فەرهەنگییە، كە بمانەوێ لەڕێی جێنشینەوە تاقیبكەینەوە، ئەوا بەپێی مەودای پەیوەستی واتایی هەردوو وشەكە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بەنموونەكانی{ماسیی زەرد، ماسیی پرتەقاڵیی، ماسیی ڕەش و.......تاد}، بەڵام لەم كاتەدا بۆ ناونانی جۆرێك لە/ماسی/ گۆڕاوە و وەك لێكسێم چەسپیوە. واتا بۆ ئەم نموونەیەش پرۆژەكە لە($A^0$)ەوە دەبێ بە($A^-$)و پاشان دەبێتەوە بە($N^0$)و جێگیردەبێت. واتا ئیدیۆم پێشنیازێكی فەرهەنگییە بەنواندنێكی سینتاكسی بەوەش گشت ئیدیۆمەكان(وشەیی، فرێزیی، ڕستەیی) نواندنی($X^-$)* یان هەیە، بۆیە ئیدیۆم دەبێتە نواندنی دەرەكی فەرهەنگیی[٤٦].

## (٣-٢-١-٢) پێكهاتەی واتایی ئیدیۆم

ڕوونكردنەوەكەی سەرەوە پەیوەست بەوەی، كە ئیدیۆمەكان پرۆژەیەكی فەرهەنگیین و لەدروستەیەكی سینتاكسی واتاگۆڕاودا دەنوێنرێت، ئەوە دەردەخات، كە هەریەك لەجۆرەكانی فرێز دەرهاویشتەی پێكهاتەیەكی واتایی جیاوازن و لەئاستی جیاوازدا نواندیان هەیە، بەڵام هەریەك لەوپێكهاتە واتاییانە لەفەرهەنگەوە بۆ نواندنی سینتاكسی دادەڕێژرێت و ویستی سینتاكسیی و واتایی (X)ەكانە، بڕوانە هێڵكاری(٢٣)و (٢٤):—

* ($X^-$) نواندنێكی سینتاكسییە، كە فرێز و ڕستەكانی زمانی كوردیی ئاستێكی لەوجۆرەیان هەیە.

[٤٦] بڕوانە محەمەد مەجید سەعید، ( ٢٠١٥: ٧٤).

**هێڵکاریی (٢٣):-**

فەرهەنگ
↓
پێکهاتەی واتایی → فرێزی بەوشەبوو(سەوزەگیا، بەردەشین، سوورەچنار......)
→ فرێزی سینتاکسی(گیای سەوز، گوڵی سوور، چاوی شین...)

**هێڵکاریی (٢٤):-**

فەرهەنگ
↓
پێکهاتەی واتایی
↓
پێکهاتەی سینتاکسی

بەوشەبووەکان(بەلێکسێمبووەکان)، لەفرێزەکانەوە بەرهەمدێن، چونکە گەر سەرنجیان بدرێت، دەردەکەوێت، پرۆژەی ئاوەڵناوو ناوو کردارەکانن، کە ئەوانە سەری ڕێزمانین و دروستکەری پرۆژەی فرێزن، نەك وشە وەك{ زمانلووس، زماندرێژ، دەمپیس، چاوپیس، دڵپیس، دەمڕاست، دەستبڵاو، دەستڕۆیشتوو، دەمدرێژ، دەستکورت،......تاد} ئەگەرچی لەسەر بنەمای هەندێك وشە دروستبوون وەك {/بالابەرز /، /چاوشین/ ،/قژکاڵ/، /دەنگخۆش/، ......تاد}، کە فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویین و سەرەڕای ئەوەی بونەتە لێکسێمی سەربەخۆ، بەڵام هەربە ئاوەڵناویی ماونەتەوە ونەبوون بەناو واتا پرۆسەکە "بەئاوەڵناوکردن"ە، ئەگەرچی هەمان دروستەیان هەیە، بەڵام ئەوان دروستە واتاییەکانیان بۆ ناپێکهاتەیی گۆڕاوە، بۆیە بوونەتە ئیدیۆم، هەروەها نموونەکانی لەجۆری /پیاوکوژ/، /میوەفرۆش/، /مووچەخۆر/، /ماسیگر/، /شەکرشکێن/، /قۆڵبڕ/، /دەستبڕ/، /ئاگربەست/، .....تاد)،کە هەردوو دیوی($A^0$)و ($V^-$)یان هەیە، بەرەو فەرهەنگ ڕۆیشتوون و جگە لەدیوە سینتاکسییەکەیان بوونەتە لێکسێم، کە دانەیەکی فەرهەنگییە، لەوەش زیاتر هەندێکیشیان، وەك(/ قۆڵبڕ/ ، /دەستبڕ/) لەقۆناغی پاش بەلێکسێمبووندا بوونەتە ئیدیۆم و پلەیەکی چەسپاوتریان وەرگرتووە[٤٧]. دروستبووی بەئیدیەمبوو، بریتییە لەوشەدروستکردنێك، کەناتوانرێت لەسەر بناغەی واتای بەشەپێکهێنەرەکانی تێبگەین، واتای تەواوی ئیدیەم لەواتای پێکهێنەرەکانییەوە وەرناگیردرێت و دەستناخرێت[٤٨]، نموونەکانی سەرەوە

---

[٤٧] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥:٨٥).

[٤٨] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ١٦٨).

پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی واتایی فۆرمە بەلێکسیمبووەکان ڕووندەکەنەوە، کە ئەوە دەردەخەن، واتا پێکهاتەییەکانیان ناوین و واتای ناوەوەیان بەپێی هەلاوێرکردنی واتایی لێکدەدرێنەوە، هەندێکی تریشیان ناوی ئاوەڵناوین و ناپێکهاتەیین، بۆیە گەیشتوونەتە ئاستی ئیدیۆم، چونکە بۆنموونە/مێشکوژ/، /بەفرماڵ/، /دارتاش/، /سەرتاش/، /میوەفرۆش/، /شەکرشکێن/، /مەیگێڕ/، /مەیخۆر/، /سەرشکێن/،...تاد، پێکهاتەیین و ناوین، کەچی لەقۆناغی بوون بەئیدیۆمدا، دەبنە ناپێکهاتەیی و ئاوەڵناوێکی لەجۆری(/دەستبڕ/، /قۆڵبڕ/، /پیاوکوژ/[٤٩]، /ژێربڕ/،...تاد)ی لێدروستدەبێت، بۆیە دەوترێت ئیدیۆمەکان بە قۆناغی بەئاوەڵناوبووندا تێپەڕیوون، بەمجۆرە لە(٧٣)دا دەخرێتەڕوو:-

٧٣) أ. $N^0$ ⟵ N- ⟵ $N^0$ ⟵ ئیدیۆمن

ب. $A^0$ ⟵ $A^-$ ⟵ $A^0$ ⟵ ئیدیۆمن

ت. $V^0$ ⟵ $V^-$ ⟵ $A^0$ ⟵ ئیدیۆمن

ئەوەی لە(٧٣)دا باسکرا هەرئەوە دەخاتەڕوو، کە ئیدیۆمەکان لە($X^0$)دا، لە($N^0$، $A^0$، $V^0$)ەکانەوە بەرهەمدێن و جۆرێکن لەشکانەوەکانی ئەوان، هەروەها دەشێت لێکسیمەکان بەپێی ویستی قسەکەر بێت و لەجێگەوکاتێکدا لێکسیمێك هەڵبووەشێتەوە بۆئەوەی دروستەیەکی زانیاری تەواو بدات بەگوێگر، بەڵام ئەو لێکسیمانەی، کە گەیشتتونەتە قۆناغی دواتری لێکسیم و بە ئیدیۆم بوون، توانای هەڵوەشانەوەیان نییە، بۆنموونە وشەیەکی لەجۆری/قۆڵبڕ/، /دەمپیس/، /زمانلووس/،....تاد، ناکرێت هەڵبووەشێتەوەو بکرێت بە/قۆڵی بڕ/، /دەمی پیس/، /زمانی لووس/، ....تاد، چونکە هەم فۆرمیان گۆڕاوە هەم واتا، بەڵام ئاخێوەری زمانەکە لەسەرووی واتای لێکسیم و ئیدیۆمەکەوە بیرکردنەوەو داڕشتنی نوێیان پێدەدات، بۆنموونە>نەسرین زمانی لووسە<، دەشێت فۆرمەکەی لەڕووی سینتاکسییەوە دابڕێژرێتەوە وەك >زمانی نەسرین زۆر لووسە<، یان زیادەی بخاتەسەروچڕتری بکاتەوە، وەك >زمانی ئەوەندە لووسە لەسەری دەخلیسکێت<[٥٠]. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە ئیدیۆم نواندنێکی تری پێکهاتە واتاییەکەیە، کە بەرەو ناپێکهاتەیی دەڕوات. لەڕاستیدا فرێزو ڕستە ئاساییەکانی زمانی کوردی، کە پێکهاتەیین هەرجۆرێك دەبن لەنواندنی توخمێکی فەرهەنگی، بەڵام ئیدیۆمەکان نواندنێکی پاش سینتاکسیان هەیە( post syntactic)، چونکە لەپاش دوانواندنی سینتاکسییەوە، لەقۆناغی بەوشەبووندا بەرهەمدێن واتایەکی ناپێکهاتەیی دەبێت[٥١]. بۆنمونە، ئاوەڵناوی/کورت/، /درێژ/، /پیس/،.....) بەنمونە بهێنینەوە ئەمانە

(٤٩) لەو نمونەیەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە وشەی/پیاو/ لەوشەی لێکدراوی/پیاوکوژ/دا، بەواتایەکی فراوان بەکاردێت، کە(ژن، کچ، کوڕ، منداڵ)یان/مرۆڤ/ بەگشتی دەگرێتەوە.

(٥٠) محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ٩٧).

(٥١) بڕوانە محەمەدی مەحوی، ( ٢٠٠٩ :١٦٨).

هەموویان($A^0$)ن و واتای پێکهاتەیی دروست دەکەن، بۆنمونە{دەستی کورت، کراسی کورت، پەتی کورت، کراسی درێژ، ماڵی پیس، کراسی پیس...} ئەمانە هەموویان واتای پێکهاتەییان هەیە و هەموویان لەبنەڕەتدا لەفەرهەنگەوە هاتوون، بەهەمان شێوە هەر ئەو ئاوەڵناوانە توانای ئەوەیان هەیە واتای ناپێکهاتەیی/ئیدیۆم بەرهەمبهێنن ، کە هەمان ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە($A^0$)دا هەڵگیراوە، بۆنمونە/دەستکورت/، /دەمدرێژ/، /چاوپیس/ .....[٥٢]. بڕوانە نمونەکانی (٧٤).

هەرسەبارەت بەپێکهاتەی واتایی ئیدیەمەکانەوە، هەندێك ئیدیەم هەیە واتای ئاسایی بەشە پێکهێنەرەکانیان دەزانرێت، بەڵام لەلێکدانەوەی واتای ئیدییەمەکەدا یارمەتیدەرنیین، واتای فەرهەنگیی وشەکان بەتەواوی نەبەستراونەتەوە بەواتای ئیدیەمیەکەوە، بۆنموونە>شوڵی لێهەڵکێشا<، هەروەها ئیدیەمەکانی، کە هۆهاندەریان لاوازبووە، واتا ئەوەی دەتوانرێت واتاکانیان لەبەشەپێکهێنەرەکانیانەوە بزانرێت وەك>لەچاوتروکاندنێکدا<، /خێرا/، /دەسبەجێ/،....تاد، ئیدیەمیش هەیە هەرلەسەرەتاوە هۆهاندەریان نەبووە یان نەماوە واتایان لەڕێی بەشەپێکهێنەرەکانیانەوە نەزانراوە، وەك/چنگ لەسەرشان/[٥٣]، /مارەنگاز/، /سەربەگۆبەن/[٥٤].

لێکۆڵینەوەکە دەیەوێ پێشبینی ئەوەبکات، کە داڕشتنی ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا پەیوەستە بەنواندن و ئەو نیشانەکردنانەی لەسیمانتیکی پێکهێناندا باسی لێوەکرا، لەو ڕوانگەیەوە یان نواندنی نیشانەی بیچمەکە لەفۆڕمیبەئاوەڵناوکردندا ، بڕوانە(٧٦، ٧٧)واتا وەك چۆن لەسیمانتیکی پێکهێناندا "جیاوازی نیشانەیی" نێوان دانەی فەرهەنگیی و پرۆسەی ناونان ئاماژەی پێدرا، دەشێت لەڕێگای ئیدیۆمەکانیشەوە نیشانەی سیمانتیکیی بنوێنرێت و لەڕێگای فۆڕمداڕشتنی ئیدیۆمیشەوە پرۆسەی"ناونان" جێبەجێ بکرێت. بڕوانە(٧٦)، چونکە وەك چۆن/کوژ/، /بڕ/ وەك کردارێك و/درێژ/، /کورت/، /لوس/، /پیس/ وەك ئاوەڵناوێك پێشنیازی دروستەیەکی سینتاکسیی پێکهاتەیی دەکەن و لەسینتاکسدا دەنوێنرێن، هەر ئەوان دەشتوانن بەپێی دروستەو واتاکانیان دەربڕاوێکی ئیدیۆمی دروست بکەن، بڕوانە(٧٦، ٧٧، ٧٨):-

| ٧٤)<u>پێکهاتەیی – سینتاکسیی</u> | <u>ناپێکهاتەیی – ئیدیۆمیی</u> |
|---|---|
| پیاوکوژ (فرێزی کرداری) | پیاوکوژ (ئاوەڵناو) |
| دەست بڕ ( فرێزی کرداری) | دەستبڕ (ئاوەڵناو) |
| قۆڵ بڕ ( فرێزی کرداری) | قۆڵبڕ (ئاوەڵناو) |

---

[٥٢] بڕوانە محەمەد مەجید سەعید، ( ٢٠١٥: ٩٤).

[٥٣] بڕوانە محەمەدی مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن، (٢٠١٠: ١٤٥).

[٥٤] محەمەدی مەحوی،( ٢٠٠٩ : ١٧٠).

| ٧٥)پێکهاتەیی – سینتاکسیی | ناپێکهاتەیی – ئیدیۆمیی |
| --- | --- |
| دەستی کورت (ف.ئا) | دەستکورت ( بەئاوەڵناوبوو) |
| زمانی درێژ (ف.ئا) | زماندرێژ ( بەئاوەڵناوبوو) |
| دەمی پیس( ف.ئا) | دەمپیس ( بەئاوەڵناوبوو) |
| دەستی درێژ (ف.ئا) | دەستدرێژ ( بەئاوەڵناوبوو) |

| ٧٦)پێکهاتەیی – سینتاکسیی | ناپێکهاتەیی – ئیدیۆمیی |
| --- | --- |
| دەست لیَ هەڵگرتن | دەستلێهەڵگرتن |
| سەر کەوتن | سەرکەوتن |
| چاو تیَ برین | چاوتێبڕین |
| ئاو کردنە ژێر | ئاوکردنەژێر |

هەریەکە لەنمونەکانی(٧٦، ٧٧، ٧٨)ئەوە دەردەبڕن، کە(أ) ئیدیۆمەکان لەڕێگای بەناوکردن وبە ئاوەڵناوکردنەوە، فۆرم بۆ نیشانەی واتایی دانە فەرهەنگییەکان دادەڕێژن، بەوەش دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییانە، واتە جێگای فۆرمداڕشتنی ئاسایی دەگرێتەوە، کە ناکەوێتە ژێرباری یاسایەکی دیارو ئاشکرای زمانەوە، (ب) پەیوەست بە بەکارهێنانەوەو ئەو پێشنیازانەی لەڕێی تیۆری دووهێندەییەوە خرایەڕوو، نواندنی ئیدیۆمی لەڕێگای دووهێندەییکردنی فۆرمە سینتاکسییەکانەوە ڕوودەدەن، کە پێدەچێت هەندێك فۆرم بە سینکرۆنی لەئێستادا تەنها فۆرمە ئیدیۆمییەکەیان لەفەرهەنگدامابێت، هەروەها ئەوەیان دەرخست، کە نموونەکان لە فۆرمدا دووهێندەیین و واتایان جیاوازە، ئەوەش پەیوەست بە ڕوونکردنەوەکەی سەرەوەو پەیوەست بەبۆچوونی توێژینەوەکەوە ئەوە دەردەبڕێ، کە هاوشێوەی فۆرمە سینتاکسییەکان، ئیدیۆمیش لەلایەن ئاخێوەری زمانەکەوە بەرهەم دەهێنرێن و ئەگەری بوون بەلێکسێم و بوون بەفەرهەنگیی هەیە.

وەك لەبەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، زمان دەربڕی گشتییەو فۆرمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی دەربڕی گشتێتیین، واتا مەودای نێوان فۆرمە زمانییەکان و فۆرمە فەرهەنگییەکان فراوانن، کە دەشێت لەڕێی ئیدیۆمەکانەوە(أ)دەستبخرێتەسەر وردەکاریی فۆرمێکی فەرهەنگیی دەربڕی گشتێتیی، بڕوانە(٧٩):

٧٧)<هەژار>

دەستی کورتە

ئاگر لەماڵیان ناکرێتەوە

لەسەگ سواڵەکا

زادیان ئاوە

کەرلەماڵیا بکەوێ دانی ئەشکێ

< هەژار >

٧٨)<سوتان >

کڵۆکۆی دامرکا

بوو بە قەقنەس

بوو بە خۆڵەمێش

بووبە قەرەبرووت

داپڵۆخا

< سوتان>

٧٩)<گەرم>

سیتکە ئەکا

داخ بووە

هاتۆتە کوڵ

<گەرم>

٨٠)<ڕووناک>

بزن ومەڕ جیادەکرێتەوە

<ڕووناک>[٥٥]

ئەو نمونانەی لەسەرەوە هاتوون گشتێتی و پلەداریی دەردەبڕن، بۆیە لەڕێگەی میتافۆڕو ئیدیۆمەوە بەرەو تایبەتێتیی براون و نێوانەکانیان پڕکراوەتەوە، واتە لەنێوان(<هەژار>............<هەژار>)دا پلەی هەژاری هەیە وەك لەنمونەی(٧٧)دا بەمیتافۆڕو ئیدیۆم، مارکە لەئاستی هەژارییەکە دراوە، هەروەها /سوتان/یش دەربڕی گشتێتییەو پلەی سوتانەکەی نیشانە نەکراوە، وەك لە(٧٨)دا خراوەتەڕوو، میتافۆڕ ئەرکی نیشانەکردنی پلەکانی گرتووەتە ئەستۆو بەهۆیەوە ئەتوانرێت پلەی سوتانەکە نیشانە بکرێت،

[٥٥] بشرۆانە عەبدالواحید موشیر دزەیی، (٢٠١٥: ١٤٤).

دیاریکردنی پلەی گەرمی لە(٧٩)دا دیارە، توانراوە بەمیتافۆڕ مارکە لەپلەی گەرمییەکە بدرێت، هەروەها لە(٨٠)دا بۆ نیشانەدان لەپلەی ڕووناکییەکە، سوود لەئیدیۆم وەرگیراوە، کە ئەزانرێت تاریکی نەماوەو ڕەش و سپی جیائەکرێتەوە، دەکرێت بگوترێت ئیدیۆمەکان لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکاندا پەیوەندی "گرتنەوە– Inclusion" یان هەیە.

(ب)ئیدیۆمەکان خۆیان جۆرێکن لەفۆڕمداڕشتن، کە جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانەن، چونکە واتای ناپێکهاتەیی لەڕێگای تەرزی وشەدروستکردنەوە، کەواتە ئاوەڵناو یان ناوی ئیدیۆمی دروستدەکەن، وەك (/ پیاوکوژ/، /قۆڵبڕ/، /دەستبڕ/، /زمانلوس/، /زماندرێژ/، /چاوپیس/، /دەمپیس/،......).

پاش ئەوەی پێکهاتەی سینتاکسی و واتایی لەهەردووئاستی نواندنی فرێزی و ڕستەیی دا خرانەڕوو، ئیدیۆمەکانیش وەکو دەرهاویشتەی هەمان ئەو پێکهاتە واتاییانە خرانەڕوو، ئەوە دەردەکەوێت، کە نواندنی ئەو پێکهاتە واتاییانە بەپێی پۆلەڕەگەز هێنانەوەبێت بۆ نیشانەکان نەك ڕاستەوخۆ لەپێکهاتە واتاییەکاندا پۆلەڕەگەزەکان دابنرێن، بەڵکو دانە فەرهەنگییەکان ئەوانەی لەجۆری($X^0$)ن، خۆیان لەناو پێکهاتە واتاییەکاندا زانیاریی پەیوەست بەواتاو پاش واتا تیایاندا هەڵگیراوە، بۆیە وەك چۆن لەبەشی دووەمدا لەڕێگەی دووهێندەییەوە باسی لێوەکرا، دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت، کە زمانی کوردیی تەواوکەرەکانی بەپێی نیشانەی واتایی هەڵدەبژێرێت و فۆڕمیش بۆ نیشانە واتاییە ئاشکراو شاراوەکان دادەڕێژێت[٥٦]، بۆنمونە کرداری/خواردنەوە/ هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە[ +شلەمەنیی ]یە، هەروەها پۆلێن دەکرێت بۆ دوو هایپۆنیم، کە ئەوانیش خواردنەوە حەڵاڵەکان (شەربەت، چا، ئاو، شیر،...)و خواردنەوە حەرامەکان(شەمپانیا، بیرە، ئارەق، وێسکی،...)[٥٧]،بەڵام ئێستا وشەکە بۆ خواردنەوە حەرامەکراوەکان نیشانەی لێدراوە، بۆنمونە لە(٨١)دا خراوەتە ڕوو:–

٨١) هەر خەریکی خواردنەوەیە.
فلان کەس ئەخواتەوە !

لەنمونەی(٨١)دا کرداری/خواندنەوە/بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کە ئەو خواردنەوانە دەخۆنەوە، کە حەرامکراون، واتە ئەگەر بەکەسێك بگوترێت دەخواتەوە وەك لەنمونەکاندا هاتووە، ئەوا مەبەست لەخواردنەوەی شلەمەنییە ئاساییەکان نییە، بەڵکو خواردنەوەی حەرامکراوە.

---

[٥٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ( ٢٠١٦/٤/٤ ، ١٠:٠٠).

[٥٧] سەلام ناوخۆش و نەریمان خوشناو، (٢٠١٠: ٢٠٨).

## (٣-٢-٢) تیڕوانینی میتا فۆڕیی

میتافۆڕ ئەو وشەو دەربڕینانەن، کە بەواتای فەرهەنگییان بەکارنایەن دەبنە ئاماژە بۆ واتاو مەبەستی خوازراو، زمانی میتافۆڕی ڕێگە دەدات، کە قسەکەر واتایەك، مەبەستێك بە وشەو دەربڕینێك دەربڕن، کە واتای فەرهەنگی نەگەیەنێت[٥٨]، لەمیتافۆڕدا دوو کەتیگۆریی لەکاردان، یەکێکیان ئەوەیەکە وشەکەی لێوەرگیراوە، ئەوەی تریان ئەوەیە کە تیایدا بەکارهێنراوە[٥٩]. بۆنمونە کاتێك خوێندکارێك لە "سینتاکس" باش تێگەیشتووە ئەڵێت>سینتاکس دەخۆم<، کە بە واتای( زاڵبوون ودەسەڵات شکانەوە دێت)، ئەمەش بەکارهێنانی واتای ناپێکهاتەیی کرداری/خواردن/ە، چونکە لەبنەڕەتدا واتای پێکهاتەیی ئەم کردارە ئەوەیە، کە ئارگۆمێنتێك داوادەکات[+خۆراك]بێت، بەڵام(سینتاکس)چشتێك نییە، کە بخورێت واتا[−خۆراك]ە ، هەربۆیە لە کەتیگۆرییەکەی خۆیەوە هێنراوەتە دەرەوەو لە کەتیگۆریی خواردندا دانراوەتەوە[٦٠]، لەنمونەیەکی تردا>خانووەکەم خەواندووە<، لێرەدابەواتای(لەجیاتی دانان)هاتووە، بەهەمان شێوە بەکارهێنانی ناپێکهاتەیی کرداری/خەوتن/ە، لەبنەڕەتدا ئەم کردارە داوای پریدیکاتێك دەکات کە[+گیاندار] بێت، واتە توانای خەوتنی هەبێت، بەڵام/خانوو/ شتێکی بێگیانەو ناخەوێت، کەواتا ئەمە کردارێکی پریدیکاتەو توانای ئەوەی هەیە بەفراوانی بەکاربێت و واتای نوێ بگەیەنێت[٦١]، هەروەها لەپاری پێشوودا باسمان لەواتای پێکهاتەیی کردووە.

لێکۆڵنەوەکە وای بۆدەچێت، میتافۆر لەنیشانە شارەوەکانی فۆرمێکی فەرهەنگیی($X^0$)ەوە، کە زیاتر بۆ نیشانەکردنی مەوداکانە، چونکە(ا) میتافۆرەکان مارکە لێدەدەن، (ب) جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانەن، (ت) بەپێی سیماتنتیکی پێکهێنان بۆ نیشانەیەکی سەرەکیی دەردەبڕێت[٦٢]، ( لەتیۆری سیمانتیکیدا میتافۆڕ بەدیاردەیەکی نائاسایی دادەنرێت، کە پێویستە پشتگوێبخرێت، چونکە ناچێتە ژێرباری یاسا تایبەتییەکانی ڕێزمانەوە)[٦٣]، واتە لەبەکارهێناندا واتاکەی ڕووندەبێتەوەو واتای پێدەردەبڕدرێت. پەیوەست بەبۆچوونی (ا)ەوە وەك لەپاری پێشوودا ئاماژەی پێدرا، مەودا فراوانیی و گشتێتی لەنواندنی

---

[٥٨] هەندێك وشە هەن لە زمانی کوردیدا ،ئەتوانن واتای (میتافۆڕی وفەرهەنگی)یش بگەیەنن، وەك(ئاگرتێبەردان )، (ئاوکردنەژێر)، بڕوانە (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ٩٣)و
http://faculty.wcas.northwestern.edu/~mjg/documents/metaphorlexsem.pdf٩٠٤

[٥٩] Nick Riemer, (2001: 3).

[٦٠] بەکر عومەر عەلی، ( ٢٠٠٠: ٥٦).

[٦١] William Marslen-Wilson, ColinM. Brown, Lorraine Komisarjevsky Tyler, (1988:2).

[٦٢] بەکر عومەر عەلی،هەمان سەرچاوە.

[٦٣] https://www.researchgate.net/profile/Peter_Gaerdenfors/publication/226335712Mental_representation_conceptual_spaces_and_metaphors/links/0fcfd5093b2bdaeb2d000000.pdf

واتایی فەرهەنگیی پۆلەڕەگەزەکاندا وادەکات، ئاخێوەری زمانێك نیشانەی واتایی فۆرمێکی تر بۆ نیشانەکردن باکاربهنێت، بۆ نموونە لە/کۆمپیوتەر/ واتای (ژیریی و خێرایی و وردیی) بڕوانە نموونەی(٨٢ –أ)، لە/تەیارە/واتای (خێرایی و زووگەیشتن) بڕوانە نموونەی (ب)، لە/ شێر/ (ئازایەتیی) بڕوانە نموونەی (ت).....ئەوانە ئەو واتایانەن، کە لە نواندنیی فۆرمیی و واتایی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکەدا بەدیناکرێن، بڕوانە هێڵکاری(٢٥):–

٨٢)أ. خوێندکارەکە ئەڵێی کۆمپیوتەرە.

ب.وەك تەیارە هاتەوە . وەك گولە دەرچوو.

ت.پێشمەرگەکان وەکو شێرن.

هێڵکاری (٢٥):–




هێڵکاری(٢٥)بۆ نیشانەکردنی ئەو گشتێتیی و پلەدارییەیە، کە لەئاوەڵناوەکاندا هەن، بەڵام گەر سەرنجی بدرێت، مەوداکانی نێوان($A^0$)ەکان بە($N^0$)و نیشانە پڕدەکرێنەوە، هەروەها پەیوەست بە خاڵی(ب) لەبەرئەوەی میتافۆر پرۆسەی بەکارهێنانەوەی فۆرمی فەرهەنگییە بۆ نواندنی واتایی، بۆی دەبێتە جێگرەوەی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، کە ئەوان بە داڕشتنی فۆرمی نوێ واتای نوێ بەرهەمدێنن. واتە نموونە لەبری ئەوەی بۆ یەکێك لەپلەکانی (زیرەکیی)یان (ئازایی) فۆرمداببڕێژرێت، /کۆمپیوتەر/و /شێر/ بەکاردەهێنرێتەوە. سەبارەت بەخاڵی(ت)ش وەك لەبەشی یەکەمدا لەسیمانتیکی پێکهێناندا باسی لێوەکرا، فۆرمەکانی ناو فەرهەنگ بۆ چەمك و بیرکردنەوەی پێش–فەرهەنگیی و بۆ نیشانەیەکی واتایی وشەیەکی گشتیی ناو فەرهەنگ دادەڕێژرێن، بۆیە میتافۆر لەو جۆرانەیە، کە بۆ نیشانەی واتایی وشەیەکی فەرهەنگیی دادەڕێژرێن و لەهەناوی ئەوانەوە دێنە دەرەوە، بڕوانە هێڵکاری(٢٥).

هەندێك میتافۆردەتوانێت بچێتەناو بەشە تایبەتییەکانی ڕستەوە، بڕوانە نمونەی(٨٣–أ)[٦٤]، لە ڕاستییدا میتافۆر لەو جۆرە تەرزەی زمانە، کە ئاخێوەری زمان و بەتایبەتیش شاعیران توانای داهێنانیان

[٦٤] http://www.semanticsarchive.net/Archive/mQ،MDYwZ/metaphorlexsem.pdf

هەیە تێیدا، کە لەئەنجامی بڵاوبوونەوەی دەقێك و زۆر بەکارهێنانی بڵاودەبێتەوەو وەك هەر واتایەکی تری فەرهەنگیی لەلای ئەخێوەرانی زمان دەناسرێتەوە. بڕوانە نمونەی(٨٣):-

٨٣) أ. لانە مانگە.

ب. نەسرین دەڵێی گوڵە.

ت. بە ڕاستی نەوزاد ڕێوییە.

پ. گۆشتەکە ئەڵێی تویّی ئاوە.

لەنمونەکانی(٨٣)دا، وشەکان بۆ واتای خوازراو بەکارهاتوون، خۆیان لە بنەڕەتدا($N^0$)ن و سەربە کەتیگۆری ناون، بەڵام لیرەدا واتای میتافۆرییان وەرگرتووەو لەجێکەوتەی ئاوەڵناودا بەکارهاتوون، بۆیە واتای بنەڕەتیان لەدەستداوە، وەك لەنمونەی(٨٣-أ)دا، /مانگ/بەواتای بنەڕەتی نەهاتووە، چونکە لەگەڵ بکەری ڕستەکەدا ناگونجێت(لانە)تەنها ناوێکە، بۆیە دەبێت/مانگ/ واتای میتافۆرییەکەی وەربگرین، هەروەها لەکەتیگۆریی ناوەوە چوەتە کەتیگۆری ئاوەڵناو، چونکە وەسفی ناوەکە دەکات و لەکۆی پێکهاتە واتاییەکانی وشەکە مارکە لە[+جوانی ]دراوە، لەنمونەی(٨٣/ب-ت)دا /گوڵ/و /ڕێوی/ میتافۆرن و ئاخێوەری زمانەکە وەك زانیارییەکی واتایی دەیانناسێتەوە[٦٥]، دەزانێت /گوڵ/ بۆ یەکێك لە واتاکانی [+جوان]و /ڕێویی/ش بۆ یەکێك لەواتاکانی [+فێڵباز] نیشانەکراوە، سەبارەت بە(٨٣-پ) {تویّی ئاو} بۆ نیشانەی [+ناسك] وەرگیراوەو پلەداری ناسکییەکەی نیشانەکراوە، بۆ نیشانەدان لەپلەداری ئەو ئاوەڵناوانەی لەنمونەکەدا هاتووە، بڕوانە هێڵکاری(٢٦):-

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦) جوان $A^0$ ↑ | ناسك $A^0$ ↑ | فێڵباز $A^0$ ↑ |
| گوڵ | تویّی ئاو | ڕێویی |
| مانگ | پەڕەی گوڵ | گرەو لەشەیتان ئەباتەوە |
| جوان $A^0$ ↓ | ناسك $A^0$ ↓ | فێڵباز $A^0$ ↓ |

ئەوەی لەهێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو، پڕکردنەوەی نێوانی($A^0$)ە، بە($N^0$)و میتافۆرو ئیدیۆم، بۆئەوەی نیشانە لەپلەی دیاریکراوی ئاوەڵناوەکان بدرێت، چونکە/جوان/، /ناسك/، /فێڵباز/دەربڕی گشتێتیین و ئاوەڵناوەکە ناتوانێت ئاستی پلەدارییەکەی دەستنیشان بکات، بۆیە ئەو وشانەی، کە نیشانەیەکی واتاییان تێدایە لەگەڵ ئاوەڵناوەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەکارهێنراون بۆ دەستنیشانکردنی پلەی ئاوەڵناوەکە، وەك لەسەرەوە خراوەتەڕوو.

[٦٥] بشڕوانە شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩ : ٦٩).

## (٣-٢-٣)دوو فەرهەنگیی

فۆرمداڕشتن و کەتیگۆریی هێنانەوە بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان بۆ نیشانەیەك یان بۆ چەمك وبیرێکی پێش– فەرهەنگیی یان پێش–کەتیگۆرییە، بۆیە لەناو زمانێکدا ڕێگا بەبیچمێك یان وشەیەك نادات، کە بۆ هەمان نیشانەو چەمکێك دابنرێن، گەر وابێت لەسەر هەمان بنەما فۆرمێکی تر لەزمانێکی ترەوە وەردەگیرێت. چالاکیی بنەمای "ناونان" لەسیمانتیکی پێکهێناندا پەیوەستە بەچالاکیی فەرهەنگییەوە، کە ئەویش لەئێستادا بەدەست ئاخێوەری زمانەکەوەیە، نەك دەزگایەکی فەرهەنگیی، بۆیە وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانیی بۆ ئەو کەلێنەیە، کە زمانەکە فۆرمی بۆ دانەڕشتوون، لەوەوە وەرگرتن و خواستنی وشەش دەبنە جێگرەوەی مۆرفۆلۆژیانە، گەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت، ئەوا وشەی بیانیی لەچێوەی شێوازی قسەکردنی ئاخێوەری زمانەکەدا دەمێنێتەوەو ناچێتە فەرهەنگەوە. هەنگاوەکانی پێشتری لێکۆڵینەوەکەش ئەوەیان سەلماند، کە فۆرمێکی فەرهەنگیی زمانییمان دەستناکەوێت، ناونان یان بۆ هەمان نیشانەی فۆرمێك داڕێژرابن، تەنانەت /گشت /و /هەموو/، /خەوتن/و/ نوستن/، /چوون/و /ڕۆشتن/لەکرمانجیی ناوەڕاستدا جوتەیەکن، بۆ نیشانەی واتایی شاراوەی فەرهەنگیی داڕێژراون، ئەگینا لەزماندا نامێننەوە. هەمانشتیش بۆ وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانییەو تەنانەت وەرگرتنی وشە لەدیالێکتەکانی تری زمانی کوردییەوە ڕاستە، چونکە هێنانی/وەرگرتنی وشەیەك لەدیالێکتێکی زمانەکەوە بەرامبەر بەدیاردەیەك، کە وشە هەبێت بۆی لەدیالێکتی وەرگردا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی لەناو زمانەکەداو ئاڵۆزی واتایی لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە هەبوونی وشەی/منداڵ/ لەزارێکی وەکو سۆرانیدا پێویست بەهێنانی وشەی/زاڕۆڵە/ناکات لەهەورامییەوە یان/بەرسف/بۆ وەڵامدانەوە.

بەهەمان شێوە لەوەرگرتنی وشەی بیانییشدا، ئەو وشانەی لەزمانی بیانییەوە وەردەگیرێت، یان بەواتای نوێوە یان بەفۆڕمی نوێوە لەزمانەکەماندا بەکاردێن و لەزمانی کوردییدا بەپێی واتا یان فۆڕمە نوێیەکە کاری پێدەکرێت، بۆنمونە/یاپراخ/ لەزمانی تورکیدا بەواتای/گەڵا/دێت و، هەڵگری نیشانەی [+ڕووەك]ە، کەچی لەزمانی کوردییدا نیشانە واتاییەکانی گۆڕاوەو فۆڕمەکە بۆ واتایەکی نوێ وەرگیراوە، چونکە لەزمانی کوردییدا خواردنەکە هەیە، بەڵام فۆڕمی بۆ دانەڕێژراوە، بۆیە بووە بەناوی خواردنەکەو هەڵگری نیشانەی [+خواردن]ە، بڕوانە هێڵکاری(٢٧):–

هێڵکاری(٢٧):-




وەك لەهێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو، بەپێی سیمانتیکی پێکهێنان، جگە لەوەی(X)ەکان زانیاریی سینتاکسیی و واتاییان تێدایە، لەڕووی فەرهەنگییەوە(X)ێك خاوەنی فۆرم و واتایە، بۆیە پەیوەست بە وشەی بیانییەوە، بۆنمونە بەپێی هێڵکارییەکە واتاکە کوردییەو فۆرمەکە بۆگەیاندنی واتاکە کوردیی نییە، واتە فۆرمی(یاپراخ) فۆرمێکی بیانییە بۆ واتایەکی کوردیی، کە فۆرمی وشەکە وەرگیراوە بەواتایەکی نوێوە، چونکە وشەی/گەڵا/بەرامبەر بەواتاکەی لەزمانی کوردیدا ڕێگە بەهاتنی وشەی بیانیی نادات بۆ هەمان واتا، هەروەها وشەی/باجیی/لەزمانی تورکییدا بەواتای(خوشکی گەورە)دێت و لەکۆمەڵەی (خێزان)دایە، لەزمانی کوردییدا هەرچەندە بەهەمان واتا یان بەواتای(باوەژن)ەوە وەرگیراوە، بەڵام ئێستا بەرامبەر بەکارگوزاری ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت، هەڵگری نیشانەی واتایی [+کارگوزار]ە، هەروەها ناوی ئەوشتانەی لەمارکەکانیانەوە هاتوون، وەکو وشەکانی(/تاید/، / فاس/، /معجیزە/) لەزمانی یەکەمدا واتای دیکەیان هەیە یان تەنها مارکەیەکن، بەڵام لەزمانی کوردییدا ناوی مارکەکە دەبێتە ناو بەرامبەری بە ماددەکە و نیشانەی [+پاککرەوە]هەڵدەگرێت، چونکە فۆرم لەزمانی کوردییدا دانەڕێژراوە بۆ ئەو مادەیەی، کە بۆ پاککردنەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها وشەی/فەقیر/ لەزمانی عەرەبییدا هەڵگری نیشانەی واتایی [+کەم دەرامەت]ە، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانی کوردییدا وشەی/هەژار/مان هەیە بەرامبەر بەوحاڵەتە، بۆیە وشەکە ڕێگا بەهاتنی ئەو فۆرمە نادات بەهەمان واتاوە، بۆیە زمانەکە بەرامبەر بەواتایەکی نوێ فۆرمەکەی وەرگرتووە، کە بەواتای(بێدەنگ/بەستەزمان) دێت، کە بۆ نیشانەدان لەجۆری مرۆڤەکان کاری پێدەکرێت، بڕوانە هێڵکاری(٢٨):-

هێڵکاریی(٢٨):-




ئەوەی لەسەرەوە خرایەڕوو، ئەوە دەسەلمێنێت، کە دووفەرهەنگی لەمانی کوردییدا بوونی نییە، چونکە کاتێك فۆرمێك لەزمانێکەوە وەردەگرێت، بەهەمان ئەو واتایە وەریناگرێت، کە لەزمانەکەی خۆیدا

هەیبووە، بەڵکو بەواتایەکی نوێوە وەریدەگرێت، واتا زمان هەرگیز فۆڕم بەرامبەر بەواتایەك وەرناگرێت، کە فۆڕمی هەبێت بەرامبەری، تەنانەت فۆڕمەکەش، کە بۆ واتای نوێ وەردەگیرێت، دەخرێتە ژێر فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، بۆیە هەرگیز زمانەکە ڕێگا بەدروستبوونی دووفەرهەنگی نادات، بەمپێیە ئەو وشانەی لەم خاڵەدا ناوبران وەك وشەی کوردیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەی، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەتوانین جەخت لەسەرئەوە بکەینەوە، کە دوو فەرهەنگی لەزمانی کوردییدا دروست نابێت، بەڵام ئەکرێت فەرهەنگی ئیتۆمۆلۆژیی دابنرێت، بۆئەوەی بزانرێت کەوا ئەو وشەیە لەبنەڕتدا کوردیی نییەو لەزمانێکی بیانییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، بۆنمونە وشەی/طیر/ وشەیەکی زمانی عەرەبیەو بۆ باڵندە بەکاردێت، بەڵام لەکوردییدا، کە وەرگیراوە لەژێرکاریگەری فۆنۆتاکتیکی کوردییدا بووە بە/ تەیر/، هەروەها بۆباڵندە جوانەکانی وەکو(فنجس، بولبول، کەناری،.......)بەکاردێت، چونکە وشەی/باڵندە/مان هەیە بۆ باڵندەکانی تر، لەبەرئەوەی لەزمانی کوردییدا کاتێك وشەیەك لەزمانێکی بیانییەوە وەردەگیرێت بەهەمان واتاوە وەرناگیرێت، کە لەزمانەکەی خۆیدا بۆی بەکارهاتووە، کەواتە نابنە هۆی دروستکردنی دووهێندەیی لەزمانی کوردییدا، چونکە ناتوانن هەمان ئەو نیشانانە هەڵبگرن، کە وشەیەکی کوردیی هەیەتی بەرامبەر بەشتێك، کەواتە کاتێك وشەیەك وەرگیرا بەرامبەر بەدیاردەیەك/حاڵەتێك وشەمان بۆی نەبێت، ئەوا دووهێندەیی دروست نابێت، ئەگەر بەواتایەکی نوێوە وەربگیرێت، بەهەمان شێوە دووهێندەیی دروست نابێت، ئەگەردووهێندەیی دروستنەکرد، ئەوا هۆکاری دروستنەبوونی دووفەرهەنگیە [٦٦]، بڕوانە هێڵکاریی (٢٩):-

هێڵکاریی (٢٩):-




ئەوەی لەهێڵکاری(٢٩)دا خراوەتەڕوو ئەوەیە، کە وشەی/باڵندە/ڕێگا بەهاتنی وشەی/تەیر/نادات بۆ هەمان ئەو نیشانە واتاییانەی، کە هەڵیگرتووە، بەڵکو وشەکە بۆ جیاکردنەوەی جۆری باڵندە وەرگیراوە و فۆڕمەکەشی خراوەتە ژێر فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوەو بۆ واتایەکی نوێ بەکاردێت، کە زمانی کوردیی فۆڕمی بۆ دانەڕشتووە، ئەویش(باڵندە جوانەکان)ن، کە جیاکراونەتەوە لەباڵندەکانی ترو فۆرمی(تەیر)یان بۆ وەرگیراوە، بەڵام ئەو وشانەی بۆ تەکنەلۆژیا بەکاردێت، فۆڕم و واتای وشەکە وەردەگرێت وەکو

[٦٦] بەکرعومەر عەلی- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ( ٢٠١١: ٣٢).

(کۆمپیتەر، ئینتەرنێت، لاپتۆپ، ئایفۆن، مۆبایل، ...) لەم حاڵەتەشدا هەر دووفەرهەنگی دروستنابێت، چونکە ئەوانە زاراوەیەکی جیهانیین و نە فۆڕم نە واتا بەرامبەر بەو ماددانە لەزمانەکەماندا نییە.

## (٣-٢-٣-١) وەرگرتنی وشە

زمانی مرۆڤ لەبەرئەوەی بە بوونەوەرێکی زیندوو دەژمێردرێت و وشەکانی زمانیش کاتی لەدایکبوون و گەشەکردن و لاوازبوون و تەنانەت مردنیشیان هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە زمان بەردەوام لەهەوڵی نوێبوونەوەو گەشەکردن و مانەوەدایە، ئەم مانەوەیەش لەوەدا خۆی دەردەخات، کە زمان بتوانێت پێبەپێی پێشکەوتنی لایەنەکانی تری کۆمەڵ، بەرەو پێش بچێت ولیی دانەبرێت و دوورنەکەوێتەوە، ئەگینا ئەوکاتە زمان بەرەو لاوازی و لەناچوون دەچێت ، ئەمەش بەوە دەبێت ، کە زمان بتوانێت کەرەستەی پێویست بخاتە بەردەم قسەپێکەرانی، بێگومان ئەمەش بەچەند ڕێگەو شێوازێك دەبێت، کە هەر لەوشە دروستکردن و دووبارە بەگەڕخستنەوەی وشەی کۆن و وشە داتاشینەوە، تادەگاتە وەرگرتنی وشە لەزمانێکی ترەوە، چونکە بێگومان زمان پێویستی بەوشەی نوێ دەبێت و ڕۆژ بەڕۆژ وشەی نوێ پەیدا دەبێت.

ئەوەی لێرەدا ئاماژەی پێدەکرێت، (وەرگرتن/خواستن)ی وشەی بیانییە، واتا پڕکردنەوەی کەلێنی زمان بە وەرگرتن/خواستن لە زمانێکی ترەوە، ئەوەی گرنگە لەم تەوەرەدا تیشکی بخرێتەسەر ئەوەیە، کە پرۆسەی وەرگرتنی وشە لەزمانێکی ترەوە، دووجۆری لێدەبێتەوە: (أ) "خواستنی وشەی بیانیی" و(ب) "قەرزکردنی وشەی بیانیی"، چونکە ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوانیانەوە ئەوەیە، کە خواستنی وشەی بیانیی کاتێك ڕوودەدات وشە خواستراوەکە گۆڕانی بەسەردابێت وبکەوێتە ژێرکاریگەریی فۆنۆتاکتیك و مۆرفۆلۆژیی زمانەوە، چونکە هیچ زمانێك بەڕەمەکیی و لەخۆوەو بەبێ پلان وشە ناخوازێت، بەڵام وشە قەرزکراوەکان، وەکو خۆیان ڕاستەوخۆ دێنە زمانەوەو هیچ گۆڕانێکیان بەسەردانایەت، واتەبەهەردوو جۆرەکە پێکەوە دەوترێت پرۆسەی "وەرگرتن"[٦٧]، ڕێبازی وەرگرتن یان خۆماڵیکردن یان کورداندن، پێویستە هەر لەکاتی پێویست و ناچاریدابێت، بۆ نمونە:-

١- ئەو وشانەی لە بنەڕەتدا( یۆنانی) یان(لاتینی)ن و باوو بڵاون، یان ناوی ئەو زانایانەی، کە بەشێوەی زاراوە بەکارهێنراون، وەکو ناوی(فارادای- Faraday) کراوە بەزاراوەیەك بۆ یەکەی هێز لەڕێژێمی مەتریدا(کیلۆگرام-چرکە). ناوی توخمە کیمیاییەکان، وەکو "کرۆم- Chrome"، " ئۆکسجین-Oxygen"و ناوی ئاوێتە کیمیاییەکان وەکو، "هایدرۆکاربۆن- Hydrocarbon" و"پرۆتین-Protein"، دەرمانەکانیش وەکو" ئەسپرین- Aspirin".....تاد.

---

[٦٧] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥:١١٨-١٢٧).

٢– وەرگرتنی زاراوە یان زانیارییە جیهانییەکان بەبێژەی یۆنانی  یان لاتینییەکانەوە، هەروەکو گشت زمانەکان پەسەندی دەکەن و تەنیا ئەو زاراوانە خۆماڵی بکرێن(پیت بە پیت)، کە شێوەیەکی جیهانیان هەیە[٦٨].

زۆرجار نوسەرانی کورد وای لێکدەدەنەوە، کە زمانی پاراو ئەو زمانەیە وشەی بیانیی تێدا نییە، یاخود لەوشەی بیانیی پاککراوەتەوە، لە ڕاستیدا زمانی زیندوو باکی لەوەرگرتنی وشەی پێویست نییە بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنانەی، کە لەئەنجامی داهێنانی نوێ و دیاردەی نوێوە دێنە کایەوە. ئەمەش هەروا بە هەڕەمەکی مەرجی وشە وەرگرتن و بێ پێوانە نابێت، بەڵکو دوای گونجاندنییەتی لەگەڵ شێوەی گۆکردن و شێوازی ڕێنووس و نووسینی زمانە وەرگرەکە[٦٩]. وەرگرتنی وشە لەزماندا بەدووشێواز دەبێت:–

## (٣-٢-٣-١-١) وشەی بیانیی

وەرگرتنی وشەی بیانیی، بەگشتی لەڕێیەوە وشەی دییکە دەهێنرێتە ناو زمانەکەمانەوەو گەنجی وشەکەیان پێ زۆر دەکرێت. زمانی کوردیی هێندە وشەی زۆری لەزمانانێکی زۆرەوە وەرگرتووە، کە گرانە قسەکەرێك بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو ،هیچ چشتێك بڵێت.

هیچ زمانێك لەخۆوەو بەبێ بەرنامەو پلان وشە وەرناگرێت، بەڵکو بەپێی هەندێك مەرج پەسەندیاندەکات و دەیانهێنێتە ناو زمانەکەوە، بۆئەوەی بتوانین بگەڕێینەوەو دوای مێژووی وەرگرتن بکەوین، پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکان هەڵبگرین. لەپێکەوەبوون وداگیرکردنەوەکان و بەیەکگەیشتنی نەتەوەکان و ململانێ و پێشبڕکێکانی ژیانی کۆمەڵاندا، پەیوەست بە وەرگرتنی تەرزەکانی بازرگانی و ئاین و خوێندن و ڕۆشنبیریی مێژوویی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بووە.

بۆئەوەی بچینەوەو بەدوای تەرزەکانی وەرگرتندا لەکوردییدا بگەڕێین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگاری پێکەوەبوونی گەلانی ئێران(کورد وفارس)و بۆ ئەو سەردەمەی، کە زمانە ئێرانییەکان یەك>>ڕەگەز –زمان<<بوون بەدیالێکتی جۆراوجۆرەوە، کە گەشەی کرد بۆ زمانی کوردی و فارسیی. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوسەردەمەی، کە دیالێکتە کوردییەکانی لێکەوتەوەو بۆ سەردەمی ئاینی زەردەشت و ئەوجا هاتنی مەزدەگیەکان(ئاینی مەزدایی)و بڵاوبوونەوەیان لەناوچەکانی گۆران و شارەزوورو بۆ هاتنی ئاینی ئیسلام و بۆ دوای "شەڕی چاڵدێران"و سەرەتای دابەشبوونی کوردستان بەسەر ئیمپراتۆرو زلهێزەکانی، گەلێك زارو زارۆچکەیش بۆخۆیان پرۆسەکانی وەرگرتن جێبەجێ دەکەن و

---

[٦٨] کەمال جەلال غەریب، (٢٠١٢ :٢٨).

[٦٩] شاسوار هەرشەمی، (٢٠٠٩: ٤١).

لەو قۆناغانەی مێژوودا ژمارەیەکی هێجگار زۆر وشەی وەرگیراو، تاڕادەیەکی زۆر بەبێ سەروبەریی و بەبێ تۆمارکردنی ڕەچەڵەکیان، لەهەر دەڤەرو ناوچەیەك هێنراونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

کاتێك زمانێك وەرگرتنی زۆری لەزمانی دیکەوە دەبێت، دەشێت پێڕەوی زمانی لێوەرگیراوەکە کاربکاتە سەر ئەو زمانە، کە وەرگرتنەکەی کردووە. دیارە، کە کارتێکردنەکە هەر زۆربوونی وشەکانی ناگرێتەوە. گەنجی وشەی زمانێك کۆی گشت مۆرفیمەکانیەتیی لەفەرهەنگدا لەگەڵ یاساکانی خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکانی بۆ دروستکردنی وشە لێیان، کە تاکە کەسێك وشەیەکی دیاریکراو لە زمانێکی دیکەوە وەردەگرێت، ڕەنگە وشەکە وەك تاکە مۆرفیمێك بچێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەیەوە.

لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، ژمارەیەکی زۆر لەئایتمی لێکسیکیی لەچەندین سەرچاوەوە وەرگیراون و وەردەگیرێن. لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە زمانی و شارستانیەتیەدا، کە دووپاتی لەبنهاتنی وشە دەکات، لە چاو واتاو شمەکەکاندا، دەتوانین بڵێین: (لەسەر ئەم زەویەدا زمانێکی نەتەوایەتی نییە وشە لەزمانێك یان لەچەند زمانێکی بیانییەوە وەرنەگرێت)، بۆیە ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لەڕێگاکانی لەدایك بوون و سازکردنی وشە لەزمانی کوردی دا[٧٠]، زمانی کوردیی لەگەڵێك لەزمانەکانی جیهانەوە، بەزۆریی ناڕاستەوخۆو لەدەستی دووهەمەوە وشەی وەرگرتووە، لەوانە لەفارسییەوە/وەزیر/، /پاشا/، لە عارەبییەوە/سابوون/، /قەڵەم/، /حەدییس/، /قورئان/، لە تورکییەوە/تەپە/، /قەرە/، /قونسوڵ/، لە هیندییەوە/دارچین/، /زافەران/، لەڕوسییەوە/سەماوەر/، /ڤۆدگا/ لەئینگلیزییەوە/سەکن/، /پایسکیل/، /تاید/، /تەلەفزیۆن/، /ساتەلییت/، /لایمەن/ لەفەڕەنسییەوە/باڵکۆن/، /جانتا/ لەئەڵمانییەوە/تومبیل/ لەئیتالییەوە/پیتسا/، /سپاگێتیی/، /نوودڵ/، بەڵام گەورەترین شەپۆلی وەرگرتن و درێژخایەنترینیان لەکۆنەوە تا ئیمڕۆ لەعارەبییەوە بووە[٧١].

هەروەها بوونی وشەی تابوو لەزماندا هۆکارێکی تری وەرگرتنی وشەی بیانییە، بەمەبەستی شاردنەوە یان کەمکردنەوەی هێزی وشە تابووەکە لەزماندا، بەکارهێنانی زاراوەو ناوی بیانیی لەبری زاراوەکوردییەکە ڕێگە پێدراوەو لەلایەن کۆمەڵەوە بەشیاوترو شارستانیتر دادەنرێت، بۆنمونە(/سێکس/، /ستیان/، /لیباس/، /W.C/، ......تاد)[٧٢].

بەگشتی، زمانی خۆماڵیی/دایك مامەڵەی جیاواز لەگەڵ وشە وەرگیراوەکاندا دەکات، وەك ئەوەی لەگەڵ وشە خۆماڵییەکاندا هەیەتی، لەناو وشە بیانییەکانیشدا "وشەی بیانیی ڕووت" لە<<وشەی خواستراو>> جیاکراوەتەوە. ئەو وشانەی، کە ناوی بەرهەمە پیشەسازییەکانی بۆ نمونە، ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمەریکا و وڵاتانی دەوروبەرن، یان ناوی چشت و بابەتی بوارە جۆراوجۆرو جیاوازەکانی ژیان و ڕووداوو دیاریدەکانن و وەك خۆیان بەبێ گۆڕانکاریی یان بەگۆڕانکاریی کەمەکییەوە وەرگیراون و

---

[٧٠] کامیل حەسەن بەسیر، (٢٠١٣ :٢٧).

[٧١] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ١٧٠).

[٧٢] هێمن عەبدولحەمید شەمس، (٢٠٠٦: ١٢٩).

فۆنۆتاکتیکی کوردیی کاریگەریی زۆری لەسەر داڕشتنەوەی فۆڕمەکانیان نەبووە، بە>>وشەی بیانی<< دادەنرێن.

## (٣-٢-٣-١-٢) وشەی خواستراو

ئێستا لەناو وەرگرتندا، دێینە سەر پرۆسەکانی خواستن، کە بڵاوترین سەرچاوەی وشەی نوێیە لەزماندا. >>وشە خواستراوەکان<< ئەو چەشنەی وشە وەرگیراوەکانە، کە فۆنۆتاکتیکی پێڕەوی فۆنۆلۆژی وگەلێك جاریش مۆرفۆلۆژیی کوردیی فۆڕم وشێوەیانیان وەها داڕشتۆتەوە، کە لەگەڵ پێڕەوەکەی خۆیاندا بگونجێن[٧٣].

وەك لەسەرچاوەکاندا هاتووە، وشە خواستن(وەرگرتن) گەلێك واتای هەیە، لەبواری زاراوەسازیشدا بریتیە لەگواستنەوەی فۆرمی بیانی بۆ زمانی خۆماڵی، واتا وشەی وەرگیراو وشەیەکە لەزمانێکی ترەوە وەردەگیرێت و خواستراویشی پێدەوترێت، گواستنەوەی فۆرمێك لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت، بەومەرجەی ئەو فۆڕمەی، کە دەخوازرێت لەزمانی خۆماڵیدا بەرامبەری نەبێت و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێك لەزمانەکەدا بێت، ئەگینا ئەوکاتە لەبری دەوڵەمەندکردنی زمان زیان بەزمانەکە دەگەیەنێت. وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانی لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کارێکی ئاساییەو لەهەموو زمانانی جیهاندا ڕێپێدراوە، تادەگاتە ئەو ڕادەیەی زمانێك لەسەر زەوی نادۆزرێتەوە، کە وشەی بیانی تێکەڵ نەبوبێت و وەرینەگرتبێت، بەڵام زۆرجار ژەهراوی بوونی زمان لەهاتنی وشە بیانیەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوکاتەی کاریگەری لەعەقڵییەتی بەرهەمهێنی ئاخێوەری زمانەکە دەکات و وای لێدەکات، نەتوانێت ئانالۆژی بیریی خۆی دووبارە بکاتەوە، لەمکاتەشدا میللەتەکە دەبێتە بەکاربەری وشەو عەقڵییەتی بیانی، بەکاربردنی وشەی بیانیی، وەك کەرەستەیەکی ئامادە دەبێتەهۆی سستکردنی بیرکردنەوەو دنیابینیی کوردیی. یەکێك لەهۆکارەکانی خواستنی وشە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، زیادبوونی کەرەستە ماددییەکانی دەرەوەی زمانە، چونکە مرۆڤ پێویستی بەگەشە پێدان و زیادکردنی وشەکانە، بەرانبەر چەمکە نامۆو نوێیەکانی، وەك کەرەستەکانی تەکنەلۆژیی و ئاژەڵ وتەنانەت ڕووەکی نوێش[٧٤]، ئاشکرایە، لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە نوێکان و پێشکەوتنە خێراکانی بواری زانست و تەکنەلۆژیا بوونەتە هۆی ئەوەی، کە چەندین چەمکی نوێ و نامۆ بە مرۆڤ دەربکەون و ئەمەش وا لەزمانەکان دەکات، کە لە زمانی سەرچاوەی زانستەکەوە ئەو وشانە بخوازن و وەریانبگرن، چونکە فەرهەنگی هیچ زمانێك بۆ دەربڕینی هەموو ئەو چەمك و دیاردانە، کە لە فەرهەنگی زمانانی ترەوە دێن، توانای پێویستی نییە[٧٥]،

---

[٧٣] محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ١٦٩).

[٧٤] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ١١٨-١٢٣).

[٧٥] محمد ڕەزا باتنی، (٢٠١٢: ٢٥).

هەموو نەتەوەیەك هەوڵدەدات ئەوەندەی بۆی بکرێت وشەی خوازراوله زمانەکەیدا بژاربکات، بۆ ئەوشتە تازانەش، کە دێنە گۆڕێ، وشەی خۆماڵی ڕەسەن لەسەر بناغەی دەستووری زمانەکەی دابنێ[٧٦]. خواستنی وشە لەزمانێکی بیانییەوە لەسەر دوو ئاست ڕوودەدات: (ا) لەسەر ئاستی تاکە کەسیی. (ب)لەسەرئاستی کۆمەڵگە. ئەوەی لەسەر ئاستی تاکەکەسی ڕوودەدات هەموو ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانە دەگرنەوە، کە شاعیران و رۆشنبیران و هونەرمەند ونوسەران و تەنانەت خەڵکانێکی ئاساییش لەزمانێکی ترەوە، یان بەکاریگەریی زمانێکی بیانیی وەریاندەگرن، هەندێکجار ئەم خواستنە چاولێکەرییە، یان لاسایی کردنەوەیەو هەندێکجاریش بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکوڕییە، سەرەتا ئەم خواستنە لەسەر ئاستی تاك دەستپێدەکات و دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵیش بەکاریاندەهێنێت[٧٧]، بەڵام مەرج نییە کۆمەڵ هەموو ئەو کەرەستانە وەربگرێت، کە لەلایەن تاکە کەسەوە دەخوازرێت بەڵکو تەنها ئەوانە وەردەگرێت، کە زادەی پێویستی و پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی زمانەکەیەتی، یان کاتێك کۆمەڵ ئەم خواستنە وەردەگرێت، کە هەست بکەن کەرەستەکە بۆشاییەکیان بۆ پڕدەکاتەوە لەکاتی گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ئەگەرچی لەڕێگای سسیستەمی دووپەلکی زمانەوە، فەرهەنگ و ڕێزمان دەبنە تەواوکەری زمان، بەڵام وەرگرتن و خواستنی وشەی بیانیی، کاتێك ڕاستەوخۆ دەچنە ناو فەرهەنگەوە، ئەو کەلێنانە پڕدەکەنەوە، کە لەفەرهەنگیی زمانی کوردییدا هەن، لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت، کە ئەوکاتەی وشەیەکی بیانیی دەچێتە فەرهەنگەوە، کەلێنەکان پڕدەکاتەوە، ئەگەر وانەبێت ئەوا لەگەڵ وشەیەکی هاوواتای زمانەکەدا بەریەك دەکەون بۆنمونە[٧٨]: /طعم–تام/، /طعنة–تانە/، /Cover–کە وە ر/، /Automobile - تومبیل/.....تاد. بەوشەی خواستراو دادەنرێن، بۆئەوەی لە وشە بیانییەکان جیابکرێنەوە .دیارە ، کە وشە فارسییەکانی وەك /سەرفروبۆهێنان / لە بری /سرفرود/ لەفەرهەنگی کوردییدا هەر بەوشەی خواستراو نیشانەکراون و مارکەیانلێدراوەو ئاساین. خواستنی وشەی سادە، بڵاوترە لەوشەی لیکدراوو فرێز، وەك /عیلم/، /شاعیر/، /مطعم/ بڵاوترە لە /سەلاموعەلەیك/، /تەشەکور/.

ئەو وشانەی، کە لە ڕێی پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە، فۆرمەکانیان بۆ گونجاندنیان لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانیی کوردییدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و وەك وشەی بیانیی ناناسرێنەوە، بە>> وشەی خواستراو<< وەك لێکسێمی ناو فەرهەنگیی زمانی کوردیی دادەنرێن[٧٩]. هاتنی هەندێك وشەی بیانیی پەیوەست بەو شت و کەرەستەو بیرانەی، کە کورد وەکو لایەنی پیشەسازی و لەژینگەی کوردییدا بەرهەمی نەهێناون، بۆیە زۆرجار بەگۆڕانێکی کەمی دەنگییەوە، لەدەستی دووەوە پاش جێبەجێبوونی

---

[٧٦] شەهاب شێخ تەیب تاهیر، (٢٠١٢: ٢٥٧).

[٧٧] ڕۆژان نوری عەبدوڵا، (٢٠٠٧: ١٣٠).

[٧٨] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ١٢١).

[٧٩] محەمەدی مەحوی، (٢٠١٠: ١٤٤).

فۆنۆتاکتیکی زمانی بیانییە(بەتایبەت زمانی عەرەبی) هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، وەك /تەلەفۆن/، /کۆمپیتەر/، /تەلەفزیۆن/، /سەلاجە/، /دیموکراتی/، /دیکتاتۆریی/، /پاسکیل/و.......تاد)، لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی کوردیی ئەڵتەرناتیڤیی بۆ ئەو کەرەستەو بیرانە بەلێکسیم دانەڕشتووە، وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە، بۆیە فۆڕمە بیانییەکان خۆیان سەپاندووە، ئەگەرچی لەلایەن تاکی کوردەوە پێشنیازی فۆڕمێکی لەجۆری /بەفرگر/ بۆسەلاجەو /ئەسپەئاسنینە/بۆ پاسکیل کردووە، بەڵام ئەم فۆڕمە پێشنیازکراوانە، کێبرکێی فۆڕمە بیانییەکانیان پێ نەکراوە.

هەندێك لەو فۆڕمانە مارکەی بەرهەمێکی پیشەسازیین، بەجۆرێك ئەو مارکانە، یەکەم تەماسی کورد بوون، لەگەڵ ئەو کەرەستەیەی مارکەکە گەیاندوونی، بۆیە بەناوی کەرەستەکەو بەسەر ئەوانەدا دابڕاوە، کە هاوشێوەی ئەون، لێرەوە دەکرێت بگوترێت، کە لەئێستادا ئەو فۆڕمانە کوردیین و ناوەڕۆکێکی جیایان پێ بەخشراون و واتاکانیان گۆڕاون، واتە واتا گۆڕینەکەیان بوەتە هۆی گۆڕینی نیشانەی سیمانتیکییان، بڕوانە وشەکانی/تاید/، /فاس/، /عەلادین/، /وەزەنی/، /کۆکۆپۆپس/، /موعجیزە/، /کلینیکس/، /عەلی بابا/و ......تاد).

ئەو وشە بیانییەی، کە وەردەگیرێت، تا چ ئاستێك ڕێگەی پێدەدرێت گۆڕان بەسەر فۆڕمەکەدا بێت، ئەگەر هەموو مەرجەکانی تێپەڕاند و واتاو فۆڕمی گۆڕا، ئەوکاتە دەبێت بەلێکسێم و وەك فۆڕمێکی کوردیی، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆنمونە ئەگەر سەیری ئەم وشانە بکرێت، کە بیانیین و هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، فۆڕم و واتایان گۆڕاوە، وەك(بایع/بایعی) لەزمانی عەرەبیدا واتای(فرۆشیار) دەگەیەنێت وفۆڕمەکەی/بائع/ە، کەچی پاش هاتنی بۆزمانی کوردیی، هەم واتاکەی گۆڕاوەو بووەبەو کەسەی، کە خۆراك دابەش دەکات و تەنانەت بووەبە خودی خۆراکەکە، هەم فۆڕمەکەشی گۆڕاوەو بووەبە (بایع/بایەع/بایعی)، یان وشەیەکی وەکو/فۆرم/، کە لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتووە، لەبنەڕەتدا واتای /شێوە/ی کوردیی و /شکل/ی عەرەبیی دەگەیەنێت، کەچی لەزمانی کوردییدا واتای (ئەو پارچە کاغەزەی، کە خۆراکی مانگانەی پێوەردەگیرێت) دەگەیەنێت، گۆڕانێکی گەورەو ڕیشەییە فۆڕمەکەشی، ئەگەرچی لەشێوەدا گۆڕاوە بەکاریگەریی ڕێنوسەکە، بەڵام گۆکردنەکەی، هەمان گۆکردنی وشە بنەڕەتییەکەیە[٨٠]، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی دووفەرهەنگییە لەزمانی کوردیدا.

وشەی خواستراوو ئەوانەی واتاکانیان گۆڕدراوە بەوشەی کوردیی حسابدەکرێن و لەفەرهەنگی کوردیی–کوردییدا وەك خۆیان تۆماردەکرێن، هەروەها ئەو وشە بیانیانەش، کە کەسێتی لێکسێمی سەربەخۆی کوردییان وەرگرتووە، وەك ئەوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام پێویستە دروست نوسینیان بەپێی فۆنۆتاکتیك و مۆرفۆلۆژیی کوردیی بێت[٨١]. لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بوترێت، کە خواستنی وشەی

---

[٨٠] محەمەد مەجید سەعید، (٢٠١٥: ١٢٦).

[٨١] محەمەدی مەحوی، (٢٠١٠: ١٤٥).

بیانیی بەر پرۆسەی بەلیکسیمبوون دەکەوێت و دەبێتە لێکسێمی سەربەخۆو لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت، بەڵام وشە قەرزکراوەکان مەرج نییە ببن بەلێکسێمی سەربەخۆ[٨٢].

## (٣-٢-٣-٢)دیالێکت

زمانی کوردیی چەند دیالێکت و بەشەدیالێکت و شێوازی قسەکردنی جیاوازی هەیە، کە دەبنە هۆی دروستبوونی چەندین زاراوە بۆ هەمان واتا بەکاربێت، ئەمەش خۆی یەکێکە لەوکێشانەی، کە پێویستە چارەسەر بکرێت و ئەو زاراوانە یەکبخرێن، مەرجی سەرەکی وەرگرتنی وشە لەزارێکی ترەوە ئەوەیە، کە ئەو زارە کەلێنێکی پێ پڕبکاتەوەو وشەی نەبێت بەرامبەر بەو دیاردەیە، گەر وا نەبێت،ئەوا هێنانی وشەی زارێکی دیکە بەهەمان واتاوە کەلێنی فەرهەنگەکە پڕناکاتەوە، بۆنمونە هێنانی وشەی/زارۆڵە/لە شێوەزاری هەورامییەوە بەواتای(منداڵ)ەوە وەرناگیرێت، چونکە سیمانتیکی پێکهێنان هاوواتا لەزماندا ڕەتدەکاتەوە، چونکە بەپێی سیستمی نیشانەی واتایی کاردەکات، بۆیە هیچ وشەیەك لەزماندا هەڵگری هەمان نیشانەی واتایی نییە، ئەگەر بەنیشانەیەکی واتایی بچوکیش بێت جیاوازن، بەڵام دەکرێت لەکاتی نەبوونی وشەیەك لەزارێکدا پەنا بۆ زارێکی تر ببرێت، بۆ نمونە وشەی/شاند/ بەرامبەر بە/وەفد/ی عەرەبیی، لە دیالێکتێکی کرمانجی ژووروووەوە هێنراوەتە شێوەزاری سلێمانییەوە، وشەی /ڕەبەن/ بۆ "پلەی کۆمەڵایەتی"، /سیڤیل/ بۆ "جۆری هاوڵاتیی"، /بەرسف/ بەرامبەر بە/وەڵام/ بەکاردێت[٨٣].

سوود وەرگرتن لەشێوەو زاراوە ناوچەییەکانی زمانی کوردی بۆدەوڵەمەندکردنی زاراوەی نوێباومان، بێگومان کارێکی پەسەندو ڕەوایە، بەڵام نابێ بە هەڕەمەکی و سەرپێیی و لابەلا ئەنجام بدرێ، ئەوەی پێی هەڵدەستێ، دەبێت بزانێت، کە چۆن ئەنجامی بدات و مەیدانی سوود وەرگرتنەکەی چۆن تەخت بکات، نمونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە زمانییە لەزمانی کوردییدا، کە پەیوەندی بەکێشەی زاراوەسازییەوە هەبێت وشەی /ترس/و /زراوچوون/ە، ئەم دوو وشەیە ئێستا لەدووشێوەی کوردییدا بۆ یەك مانا بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئەم پرسیارە لەلای ئێمەوە لەشێوەی لوڕی و کرمانجی خوارووادیە، دەتوانین بەو وەڵامە چارەسەری ئەم کێشەیە لەفەرهەنگی زاراوەی کوردییدا بکەین و بڵێن: بەرامبەر بەزاراوەی "الخوف"ی عەرەبی زاراوەی"ترس"دەست دەدات و بۆ وەرگێڕانی زاراوەی "الفزع" زاراوەی "زراوچوون" لەشێوەی لوڕیدا پڕبەپێستی خۆیەتی، هەروەها/ئەستێرە/ بەرامبەر /نجم/و /هەسارە/

---

[٨٢] محەمەد مەجیدسەعید، (٢٠١٥: ١٢٨).

[٨٣] بەکر عومەر عەلی– عەبدولجەبار مستەفا معروف، (٢٠١١: ٣٢).

بەرامبەر /كوكب/ی عەرەبی دابنێین، هەروەها وشەی /قرژاڵ/بەرامبەر /سرطان النهر/و /خەرچەنگ/ بەرامبەر بە/سرطان البحر/ی عەرەبی دابنێین.

ئالەبەر تیشکی ئەم نموونانەدا، دەتوانین سوود لەدیالێکتەکانی زمانی کوردیی وەربگرین و چارەسەری کێشەی نەبوونی هەندێ زاراوەی نوێباو لە فەرهەنگی زاراوەی نەتەوایەتیماندا بکەین، ئەگینا ئەگەر بێت و بەبێ لێکدانەوە واتای وشە ناوچەییەکان و بە بەراوردکردنی ماناکانیان ، بەسەرپێی و لابەلا وشەی هەندێ زاری کوردیی بەسەر فەرهەنگیی زاراوەی نوێباومان بسەپێنین، ئەوا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دووهێندەیی، بەڵام ئەمە لایەنێکی خراپی دروسبوونی دووهێندەییە، چونکە ئەگەر لە زارێکی زمانەکەوە وشەیەك وەرگرین بەرامبەر بە شتێك، کە زارەکە خۆی وشەی هەبێت بەرامبەر بەو شتە، ئەوە کارێکی باش نیە، چونکە بەبێ ئەوەی بمانەوێ باری زمانی کوردیی بە خولقاندن و دروستکردنی زارێکی نوێ، قورس دەکەین و زیاتر کۆمەڵایەتی نەتەوەکەمان لەیەکتر دەپچڕێنین[٨٤].

[٨٤] کەمال جەلال غەریب، (٢٠١٢: ١٢٥).

# ئەنجام

١- (X)ەکان، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوو ئاوەڵناوو کردارو پێشناوەکان دەگرێتەوە، پەیوەست بە سینتاکس و واتاوە خاوەنی زانیاریی ناوەکیی خۆیانن و لەناوەخنەکانیاندا هەڵگیراون، لە نواندنی دەرەکییدا دەگۆڕێن بۆ فۆرمیی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی، ئەو کاتە فۆڕمێکی سینتاکسیی یان مۆرفۆلۆژیی جیاوازییان دەبێت.

٢- فۆرمە فەرهەنگییەکان لە بیچمێکی چەمکیی یان گشتییدا بەرجەستەکراون، بۆیە لە نواندنیی دەرەکیی یان لە ڕێزماندا دەستدەخرێتە سەر یەکێك لە واتاکانی فۆرمە فەرهەنگییەکان، ئەوەش پرۆسەی واتابەخشینی دانە فەرهەنگییەکان فراوان دەکات. بۆ نموونە دوو هێندەیی و جێکەوتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و نواندنی لێکسیمێك دەبنە ڕێگایەك بۆ کۆنکرێت کردنی واتای خەزنکراوی ناو کەرەستە فەرهەنگییەکان.

٣- هەریەك لە دانەفەرهەنگییەکان لەبەرهەمهێنانی پێکهاتەی سینتاکسیی و واتایی هەمەجۆردا بەشداریی دەکەن، ئەگەرچیی لە پێکهاتەی واتاییدا کۆتوبەندیی واتایی هەیە، بەڵام زمانی کوردیی پریدیکاتەکانی لەهەڵاوێرکردنی واتاییدا کۆتوبەندەکان دەشکێنن و ئارگومێنتەکان بە نیشانەی [ +/- ]ەوە هەڵاوێر دەکەن، ئەوەش بۆتە جێگرەوەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان.

٤- توانایەکی تری دانە فەرهەنگییەکان/(X)ەکان ئەوەیە، کە بەرهەمهێنی دروستەی ناپێکهاتەیین(Non- Compositional)، واتە لە دەروازەی فەرهەنگیی( Lexical Entry) دانە فەرهەنگییە پریدیکاتییەکاندا واتایەکی ناپێکهاتەیی خەزنکراوە، کە بەرهەمێنی ئیدیۆمە. ئیدیۆمەکان فۆرمێکی نیشانەکراوی نێوان مەودا فراوانی دانەفەرهەنگییەکانن(بەتایبەتیی ئاوەڵناوەکان)، هەروەها خۆشیان جۆرێکن لەپرۆسەی وشەدروستکردن.

٥- میتافۆرەکانیش پڕکەرەوەی مەودا فراوانیی کەرەستە فەرهەنگییەکانن و بە هۆیانەوە چەمکە گشتییەکان نیشانە دەکرێت. ئەوانیش نیشانەکردنەکانیان لەڕێی نیشانە فەرهەنگییەکانەوە دەبێت، واتا نیشانەی میتافۆریی بەشێکە لەدەروازەی فەرهەنگیی.

٦- لەئەنجامدا لێکۆڵینەوەکە ئەوەی پشتڕاسکردووەتەوە، کە دووفەرهەنگی لەزمانی کوردیدا دروستنەبووە، چونکە وەرگرتنی وشە لەزمانی بیانییەوە تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زمانەکەیە، ڕێگا بەوەرگرتنی وشەیەك نادات بۆ هەمان نیشانەو چەمك وەرگیرابێت، کە لەزمانەکەدا هەبێت، هەر وشەیەك وەرگیرابێت خراوەتە ژێرفۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان ئەو واتایەوە وەرناگیرێت، کە لەزمانەکەی خۆیدا بۆی بەکارهاتووە. بەوەش وشە وەرگیراوەکان یا واتایان کوردیی دەبێت یان فۆرمەکانیان.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردی :

## کتێبەکان :


١. ئاڤێستاکەمال مەحمود (٢٠١٢)، پرۆسەسایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١. پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩)، واتاو وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢. ڕۆژان نوری عەبدولا (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زمان وزاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٣. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، زمانەوانی، بەرگەکانی (١، ٢، ٣)، چاپی دووەم، هەولێر.

٤. شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)، ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٥. شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٦. شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٣)، چەند لێکۆڵینەوەیەك بۆسەر لێکۆڵینەوە زمانییە هاوچەرخەکان،

٧. شێروان حسێن خۆشناو (٢٠١١)، تێڕوانینێکی نویٚ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

٨. شاسوار هەرشەمی (٢٠٠٩)، هەندێك زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، سلێمانی.

٩. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیك، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٠. عەبدە الراجحی (٢٠١٣)، و: عەبدولا گەرمیانی ،زمان و زانستەکانی کۆمەڵگە، هەولێر.

١١. عەبدلواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤) ، ڕێزمانی کوردی (وشەسازی و ڕستەسازی) ، هەولێر .

١٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٣. فاروق عومەر سدیق (٢٠١١)، لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٤. کامیل حەسەن بەسیر (٢٠١٣)، بەراوردکارییەك لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، هەولێر .

١٥. کەمال جەلال غەریب ( ٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر.

١٦. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١٧. کاروان عومەر قادر (٢٠١٢)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا ، چاپی یەکەم سلێمانی.

١٨. کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩)، و: غازی عەلی خورشید، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، هەولێر.

١٩. کلۆدجێرمان و ریمۆلۆبلان، و/ یوسف شریف سەعید (٢٠٠٦)، واتاسازی، هەولێر.

٢٠. کەمال میراودەلی (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢١. محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩)، زانستی هێما " هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم ودووەم، سلێمانی.

٢٢. محەمەدی مەحوی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچونی پێکهاتەکان (مۆرفۆلۆژیی کوردی)، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.
٢٣. محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسەین (٢٠١٠)، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢٤. محەمەد مەحوی (٢٠٠٦)، ئاوەزداری ڕێزمانی ناوەڕۆك – وابەستە، چاپی یەکەم سلێمانی.
٢٥.محەمەد مەعروف فەتاح ( ١٩٩٠)، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٦. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.
٢٧. محەمەد ڕەزا باتنی (٢٠١٥)، و: ئاکۆ عەبدولاکەریم، دەربارەی زمان، چاپی یەکەم سلێمانی.
٢٨. محمەد ڕەزا باتنی (٢٠١٢)، و هێرش کەریم، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢٩. نەریمان عەبدولا خۆشناو (٢٠١٢)، زارو زمان، چاپی یەکەم، هەولێر.

## نامەی ئەکادیمی:

٣٠. ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٣١. ئاوات حەمەسالح قادر(٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سینتاکسی لەزمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٣٢.بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.
٣٣. بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١١)، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سلێمانی.
٣٤. تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٣٥.پێشکەوت مەجید محەمەد (٢٠١٣)، ڕەگەز لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .
٣٦. دەروون عەبدولڕەحمان سالح (٢٠١٠)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٣٧. سازان ڕەزا معین (٢٠٠٥)، واتاودەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
٣٨. شیلان عومەر حسەین (٢٠١١)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لەڕێزمای کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٣٩.شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١)، تابۆ وەك نمونەیەكی نێوان زمان و كلتور، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

٤٠. فەرهاد تۆفیق حسین ( ٢٠١٠)، پەیوەندیە سیمانتیكییەكان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

٤١. محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێكسێمبوون، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

٤٢. نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لەمۆرفۆلۆژی كوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی.

٤٣. ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣)، پرۆسە سایكۆ- فۆنۆلۆژییەكان لە زمانپژانی منداڵدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

٤٤. هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە.

٤٥. هێمن عەبدولحەمیدشەمس (٢٠١٣)، هەژموونی زمان لەسەر كەسێتی كورد پەندی پێشینان بەنمونە، نامەی دكتۆرا، زانكۆی كۆیە.

**لێكۆڵینەوەی بڵاونەكراوە :**

٤٦.شیلان عومەر حسەین (٢٠١٦)، ئاوەزمەندی گەنجی وشە، زانكۆی سلێمانی.

٤٧. عەبدلجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٥)، لێكدانەوەی تاف و كات لە زمانپژانی منداڵی كورددا، زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان/ بەشی كوردیی.

## وانەو چاوپێكەوتن :

٤٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ، وانەی(پرۆژەی ماستەرنامە) ،٢٠١٥/٤/٤ .

٤٩.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ، وانەی(پرۆژەی ماستەرنامە) ،٢٠١٥/٤/١٣ .

٥٠. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ،وانەی (فەرهەنگ) ٢٠١٥/١/١٢.

## گۆڤار:

٥١.بەکر عومەر عەلی و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١١)، سنوری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ٣١.

٥٢.بەکر عومەر عەلی و هۆگرمەحمود فەرەج، (٢٠٠٢)، بەدواداهاتنی کات لەکەڵە ڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ ٩.

٥٣.بەکر عومەر عەلی و هۆگرمەحمود فەرەج، (٢٠٠٢)، بەدواداهاتنی کات لەکەڵە ڕستەدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ ٩.

٥٤.تریفە عومەر ئەحمەد (٢٠١٥)، زانیاری پراگماتیکی لەکرداردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ٤٦.

٥٥.ڕەحیم قادر سورخی(٢٠١٣)، یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی، ژ٢٠٠.

٥٦. شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢)، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ٣٥.

٥٧. شیلان عومەر حسەین (٢٠١٣)، مۆرفۆپراگماتیکی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ٣٨.

٥٨. شوکر گەلاڵی (٢٠١٠)، واتای وشە، گۆڤاری زمانناسی، ژ١٠.

٥٩.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ

٦٠.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ٣٨.

٦١.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٤)، زانیاری زمانی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)، ژ٤٥.

٦٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٦)، لێکدانەوەی تاف وکات لە زمانپژانی منداڵدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ٣٨.

٦٣. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠)، ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ٣٠.

## بەزمانی عەرەبی :

٦٤. احمد عزوز (٢٠٠٢)، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، دمشق، سوريا.

٦٥. مازن الوعر (١٩٨٧)، الجهود اللسانييه، المغرب.

به زمانی ئینگلیزیی :

66. Aliraza khanjan Batool Alinazhad (2010), A morphological dubling approach to full reduplication in persion, Taran.

67. Aitchison, Jean (2003), Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon, 3rd edition.

68. Chomsky, N. (1986a), Knowledge of language: Ite nature, Origin, and use, NewYork.

69. Crystal, D. (1991), A Dictionary of linguistic and phonetics, 3rd ed, Oxford.

70. Crystal, D. (2003), linguistic & phonetics, Fifth edition, Oxford.

71. Chris mulhall (2007), A Semantic and lexical –Based approach to the lemmatization of idioms, Irland.

72. Cook V.J &Newson M.L (1997), Chomsky's universal grammar, Oxford.

73. Daniel Swingley, Richard N. Aslin (2000), Spoken word recognition and lexical representation in very young children, USA.

74. Frank parker – Kathryn Riley (2010), Linguistics for Non LINGUISTS, Fifth edition.

75. Haritini kallergi (2015), Reduplication at the word level.

76. Johannes dolling & tatjana heyde –zybatow(2007),Verb meaning : How much semantics is in the lexicon?, Berlin

77. Jackendoff, R (1992), Languages of the Mind, Bradford.

78. Juval portugali (2011), Complexity, Cognition and the city, Berlin.

79. Martin haspelmath – Andrea D.sims (2011), Understanding morphology, Second edition, British.

80. Nick riemer (2001), Metaphor and metanomy on different levels lexical categorization, Audturalia.

81. Orhan BILGIN, ƒ Ozlem CªETINO∏∏GLU, Kemal OFLAZER (2004), Building a Wordnet for Turkish, Sabanci University, Istanbul, Turkey.

82. Palmer, F.R (1976) Semantics; A New outline, Cambidge, University.

83. Poul kay & Ivan A.say (2014), Lexical and phrasal approaches to argument structure: Two sides of the same coin.

84. Phil (1992), the representation of lexical semantic information.

85. Rahul bhgat & Edward hovy (2013), Whatis paraphrase?

86. Roger Horberry (2010), Sounds good on paper, London.

87. VYVYANEVANS (2006), Lexical concepts, Cognitive models and meaning-construction.

88. William Marslen-Wilson, ColinM. Brown, Lorraine Komisarjevsky Tyler (1988), Lexical Representations in Spoken Language Comprehension, Cambridge.

## پێگەی ئینتەرنێتیی :–


89. https://abudira.files.wordpress.com/2014/05compential-of- meaning.pdf
90. http://staff.uny.ac.id/sites/default/files/compential%20analysis%20of%20meaning.pdf
91. http://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=11911
92. http://linguistics.berkeley.edu/~inkelas/Papers/StudiesOnRedupInkel as2005.pdf
93. http://iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=47133
94. http://www.ripelacunae.net/wpcontent/uploads/۰۸/۲۰۱۰/WECOL_Proceedings.pdf
95. https://www.researchgate.net/profile/Peter_Gaerdenfors/publication/226335712Mental_representation_conceptual_spaces_and_metaphors/links/0fcfd5093b2bdaeb2d000000.pdf
96. http://www.semanticsarchive.net/Archive/mQ٤MDYwZ/metaphorlexsem.pdf
97. F Recanati - academia.edu
98. http://faculty.wcas.northwestern.edu/~mjg904/documents/metaphorlexsem.pdf
99. https://www.google.com/search?tbm=bks&q=lexm#q=lexeme+definition
100. http://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/taboo

# خلاصة البحث

عنوان البحث هو (التمثيل المعجمي في اللغة الكردية)، اذا يتحدث اطار البحث عن انَّ للمعجم تمثيلين هما: التمثيل الداخلي و التمثيل الخارجي، وقد ثم استعمال اشارة او رمز (X) للمكونات الأتية: لأسم، الصفة، حروف الجر والفعل باعتبارها امثلة بهذا البحث. وفي خطوات الدراسة عرضن التمثيل النوعي للمواد المعجمية في صياغة النوع المورفولوجي والسينتاكسي، وامَا فيما يتعلق بالمعنى (الدلالة) فقد ثم عرض القدرة التركيبية والغير تركيبية وصولاً الى قدرة المواد المعجمية في صياغة الاستعارة. وقد بُنِيَ البحث على ثلاثة فصول النحو الآتي:—

**الفصل الأول:**

خصصنا هذا الفصل للحديث عن المعجم وتمثيل المعلومات المعجمية بصورة عامة، باعتبار أنَ المعجم يعمل معلومات السينتاكسية والدلالية، وأنهُ يجمع المعلومات عن الكلمات والألفاض اللغوية أو (التعابير اللغوية)، ومن ثم دار الحديث عن المعجم و النحو (القواعد) إذ يُنظَر اِليهما كعنصرين مستقلبين يكمل احدهما الآخر. وبعد ذلك جاء الدور على لغة الإنسان كونها وسيلة تعبير عامة لجميع مستويات، وقبل الإنتهاء من هذا الفصل فقد تحدَثنا عن النظرية (التركيب الدلالي) إذ قُمنا بتحليل الأمثلة من خلال الإعتماد على الإشارات أو العلامات الدلالية. وفي نهاية الفصل حدَدنا المواد التي قام عليها هذا البحث وهي مايأتي: الأسم، الصفة، حروف الجر و الفعل.

**الفصل الثاني:**

في هذا الفصل دار الكلام عن (التمثيل النوعي والتعابير)، إذ فصَلنا القول عنهما وعمَا يتعلق بهما من موضوعات، وفي ضوء هما ثُمَ الحديث عن عملية المضاعفة وأنواعها، ومن ثُمَ قُمنا بتعريفها على أنها نوع الآخر من الصياغة المعجمية، لأن (التمثيل النوعي) من خلال النوع و ( التمثيل التعابير) من خلال طريقة التعبير،يُعدان السبب الرأيس في تشكل عملية المضاعفة في اللغة الكردية. وتبرز هذه العملية على أنها أساس لأكتساب المعاني الجديدة وسدَ الثغرات موجودة في المعجم، وهذا يعني أننا في هذا الفصل عرضنا التمثيل النوعي للوحدات المعجمية في إطار (المضاعفة) و(تمثيل ليكسيم) فضللاً عن عرضنا لكيفية إعادة الصياغة للمفردات وقد استقينا النماذج والأمثلة المتعلقة بمحاور هذا الفصل للتمثيل بها جماليات التعبير و التغيير القيم وفروقها والفروق الإجتماعية وغيرها.

**الفصل الثالث:**

خصصنا هذا البحث للحديث عن (التمثيل الخارجي للمعجم)، إذ تحدثنا فيه عن التمثيل التركيبي وغير التركيبي في المعجمات، فضلاً عن الكلام في التمثيل السينتاكسي و صياغة مكونات السينتاكسية(X) مع التحديد المعاني التركيبية وغير التركيبية لل(بريديكات)وصولاً إلى التمثيل المعجمي لل(بريديكات) و لل(آرگومينات)، وليبان المعنى غير التركيبي فقد عرضنا المواد المتعلقة ب(الإديوم والميتافور)، وبعد الذلك تحدثنا عن المعجم الثنائي مشفوعاً بالكلام عن عملية المضاعفة والنوع والمعنى في اللغة الكردية و اللغات الأجنبية، وانتهى هذا الفصل بالحديث عن تغير الحقول الدلالة للمفردات، وجدير بالذكر أنَنا أوضحنا المسائل المذكورة في هذا الفصل بالأمثلة.

# Abstract

The thesis which is entitled (Lexical Representation in Kurdish language) , explains that Lexicon has both internal and external representation. There for the study has (X) as the types of Noun, adjective, preposition, and verb as examples. Throughout the study the representation formation of lexical items are shown in making morphological and syntactical form, and relating to semantics, the structure and destructive are shown, then the lexical item and there ability in making idioms are shown. Thus, the study is divided into three parts:-

First part:

This part is generally devoted to study lexicon and lexical information entry, as lexicon carries syntactical and semantic information, and all related information on words and language expression as well. Then the preset study explains that lexicon and syntax are two independent components of language. After that the study talks about human language, which is the generalized expression in the whole levels. The study also talks about "generative semantic" theory and the examples analyzed using the semantic futures related to the theory. The instruments are also selected to be used as research instruments including (Noun, Adjective, preposition and verbs).

Second parts:

This part is specified to form and expression representations in which each of them explained and the related subjects are shown, then according to each one the process double formation and its types have been categorized identified as another model of lexical formation, since (form representation) through form makes that process of double formation in Kurdish language, while (expression representation) makes it through expression-so this process is a base to obtain new meaning and complete the shortcoming in language dictionary. Thus, in this part lexical item representations are shown in the framework of double formation. And foe expression representations, the example are taken from taboo and euphuism giving and changing value, difference and social differences.

Third part:

This part is devoted to (internal lexical representations) in which the structural and destructural representation of lexical items are explained. In addition, syntactical representation and forming the components of syntax of the (Xs) and the structure and destructure of the predicates are selected, so as to point out the predicates and arguments. For the meaning of destructure, the subjects such as (idioms and metaphor) are shown. Then the process of bilingual dictionary formation is clarified, which elaborates the process of double formation and the form and meaning of Kurdish and foreign. Besides, semantic categorical changes of words and the sections are all clarified with examples.